# کوردۆلۆژی

## باسێك لەبارەی ڕەهەندەکانی کوردناسییەوە

پێشکەشە بەو رۆحە مەزنانەی کە پێش مردن جەستەکەی

خۆیان جێهێشتووە

# کوردۆلۆژی

## باسێک لەبارەی ڕەهەندەکانی کوردناسییەوە

پێشڕەو عەبدوڵڵا

٢٠١٨

## پێشەکی

لەماوەی وانەوتنەوەم لە زانکۆکانی کوردستان لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، لەوە گەیشتم کە ماددەی کوردۆلۆژی دەبێ دەربهێنرێت لەو قاڵبە مێژووییەی بەبەریدا بڕاوە، بەڵکو دەبێت دەرگایەکی مەعریفی زانستی بدۆزینەوە بۆ تێگەیشتن لە مێژووی کورد، بە مانایەکی تر، تیۆرێکی تۆکمە دابڕێژین کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ هەموو دەرکەوتەکانی کوردا، بە (مێژوو، جوگرافیا، زمان، ئەدەب، کەلتور، ئاین.. هتد)ـییەوە، کە ئەو بنەما گشتییە توانای تێگەیشتنی هەبێت لە هەموو بەشە جیاجیاکانی کورد.

بۆیە وەك هەوڵێکی سەرەتایی ئەم کارەم ئەنجامدا، هیوادارم توانیبێتم دەرگایەکی نوێم کردبێتەوە لەسەر کوردناسی، بەڕەچاوکردنی ئەوەی ئەم کتێبە ئەوەندەی بۆ وانەوتنەوە ڕێکخراوە ئەوەندە وەك کتێبێك کارم تێدا نەکردووە، بەڵکو ویستوومە بەو مەعریفە پێشەکییە قوتابی دەربهێنم لە باوێشکی ناو پۆل و ئاشنای کەمەوە بە خۆ ناسی، لەوێشەوە بە ناسینی نەتەوەکەی خۆی. کاتێکیش بریارمدا کە وەك کتێبێکی سەربەخۆ چاپیبکەم بیرم لەوەکردەوە کە هەندێك بەشی دیکەی بۆ زیادبکەم، بەڵام نەمویست لە پێناوی گەورەکردنی قەبارەی کتێبەکەدا پڕیبکەم لە نووسینی وا کە هەر ڕەشکردنەوەی لاپەرەبێت. بۆیە بەمەندە کۆتایم پێهێناوە. هەموو ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا ئاماژەیان پێکراوە تازەنین و پێشتر لەلایەن نووسەران و تۆژەرانی تر باسیان لەبارەوە کراوە، ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە بەشێکی زۆری باسەکان وەك بنەماو تیۆر کاری لەسەرکراوە، کە دەتوانرێت بە هێنانەوەی نموونەی تر ڕوونتر بکرێتەوە. ئومێد دەکەم لە ئایندەدا بتوانم ئەم کارە درێژە

پێبدەم و باشتر کاری تێدابکەم. هیوادارم توانیبێتم رەزامەندی ئەو رۆحە گەورانەم وەدەستهێنابێت، کە لە پێناوی ئەم کوردەیا گیانی خۆیان بەخشیووە.

Peshraw_٨١@yahoo.com

٢٥/١١/٢٠١٨

هەولێر

# کوردۆلۆژی

## چەمك و زاراوەی كوردۆلۆژی:

پاشگری (logy) ئاماژەیە بۆ زانست، بـە واتـای ئـەوەی كـە دەڵـێین سـایكۆلۆژی، واتــە زانســتی شــرۆڤەكردنی دەروون، یــان بایــەلۆژی، مانــای زانستی لێكۆڵێنەوەیە لە جەستە، كاتێك چـەمكی كوردۆلـۆژی بەكاردەبـەین بۆ كورد كۆمەڵێك پرسیار بەرۆكمان دەگرن، ئەوانیش ئەمانەن:

ئایا كـورد وەك نەتەوەیـەكی زینـدوو، كـە هێشـتا لـە گەشـەكردندایە چ زانستێك دەتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بكـات؟ ئایـا زانسـت كـە هەوڵـەكانی لـە چوارچــێوەی ئــەو شــتانەن كــە كــۆنترۆڵكراون، چــۆن دەتوانێــت لەگــەڵ نەتەوەیەك بە ناوی كوردەوە كە هێشـتا لـە رێگـای چارەنووسـیدایە مامەڵـە بكات؟ ئەگەر باسی زانستی ئەنثرۆپۆلۆژی[1]، بكەین ئەوە بـۆ گـەلێكی وەك فیرعەونییەكان جێگەی ئەوەیـە متمانـەی پێبكـەین، چـونكە فیرعەونییـەكان بەرەو كەمال رۆیشتوون و كۆتایی هاتووە، بـەڵام لـە رووبەڕووبونـەوەی ئـەم زانســتانە لەگــەڵ كــوردا ئێمــە تووشــی كێشــە دەبینــەوە بۆیــە زاراوەی (كوردۆلـۆژی) خـودان ئاریشـەیە و هێشـتا چـەمكی كوردناسـی نـزیكترە لـە مەبەستەكەمان كـە ئـەویش هەوڵدانـە بـۆ ناسـینی كـورد. بـۆ ئـەوەی باسـی (ناسین) بكەین دەربارەی شتێك. سەرەتا دەبێت باسی ئەوە بكـەین خـودی (شوناس_ناسین) چییە؟ بە بـێ تێگەیشـتن لـە مانـای شـوناس نـاتوانین لـە كوردیش تێبگەین، بۆیە سەرەتا هەوڵدەدەین ئەم چەمكە راڤەبكەین.

---

(١) ئەنثرۆپۆلۆژی: (Anthropology) وشەیەكی ئینگلیزیە كە لە بنەڕەتدا یونانیە و لـە دوو بـەش پێكهـاتوە (Anthropos) ئـەنپرۆبوس بـە واتـای (مرۆڤــ) لەگـەڵ (Locos) بە واتای زانست واتە: (زانستی مرۆڤناسی).

## شوناس چییە؟

ناساندنی هەر شتێك سەرەتا بەوە دەست پێدەكات كە بە شوێنی خاڵە نـەگۆڕەكانی ئـەو شـتەدا بگـەڕێین، واتـە شـتە گۆڕاوەكـان نـاتوانن ببنـە ناسەرەوەی شتەكان، چونكە دەگۆڕێت و لەسەر شێوازی خۆیان نامێننەوە. بۆیــە شــوناس نواندنــەوەی شــتە وەك خــۆی، بــەبێ ئــەوەی گــۆڕانی بەسەردابێت، ئێمە كاتێك دەڵێین مرۆڤ چییە؟ دێین وەسفی مرۆڤـ دەكـەین بە گشتی كە فۆرمێكی ئاوهای هەیە و خاوەن عەقڵە و... تـاد، واتـە فۆرمـە هەمەكیەكانی مرۆڤـ باس دەكەین. بە جۆرێك كە ئەو خەسڵەتانە لە مرۆڤێكی ئێستا و چەند هەزار ساڵەی پێش ئێستادا وەكو یەك وابێ و گۆڕانی بەسەردا نەهاتبێت.

نایەین باسی ئەوە بكەین بڵێین مرۆڤـ چاوی رەشـە و قـژی رەشـە و... تاد. واتە خەسڵەتی گۆڕاوی ناو مرۆڤ بكەینە شوناسی مرۆڤـ، چـونكە بەمـە شوناسەكە دەگۆڕێت و ناگەینە خاڵی ناسین. ئەو فۆڕمە گشتیەش بە درێژای ژیان خۆی دەنوێنێتەوە و بەرگری لە نەگۆڕاوی خـۆی دەكـات، هـەتا مرۆڤـ بوونی خۆی بپارێزێـت، چـونكە گـەر هـاتوو بـەرگری لـەم فۆڕمـە هەمەكیانـە نەكرد و نەیپاراسـت ئـەوا لـە شوناسـی مرۆڤـ بـوون دەچـێتە دەر و دەبێـە شتێكی تر. واتە شوناس نەگۆڕاوی شتەكانە و گۆڕاوی شـتەكان ناگرێتـەوە، ئێستا با بپرسین شوناسی كورد دەبێت چون مامەڵەی لەگەڵ بكەین.

## شوناسی کورد:

پێش ئەوەی باسی شوناسی کورد بکەین نموونەیەك وەردەگرین بۆ زیاتر ئاشنابوونی بابەتەکەمان و دواتر ئەم نموونەیە دەکەین بە بنەما بۆ تێگەیشتن لە کورد، ئەگەر بمانەوێت لێکۆڵینەوە لە (کورسی) بکەین ئەوا دوو تەوەر دەبێت جیا بکەینەوە، یەکەمیان: لایەنی دەرەوەی کورسی ئەویش ئەوەیە ئێمە دیقەت لەو ماددەیە دەدەین کە کورسی لێدروستکراوە با بڵێین (دارە) و بە هۆی بزمارەوە پێکەوە بەستراوەتەوە و کراوە بە کورسی، ئەم لایەنە لایەنی دەرەوەی کورسیە، کە دەتوانرێت بگۆڕێت کە لە جیاتی (دار) (ئاسن) بەکاربهێنرێت یاخود لە جیاتی ئەوەی بۆ یەك نەفەر بێت، بکرێتە قەنەفە و چەندین کەس لەسەری دابنیشن، یاخود لە لاکێشەوە بکرێتە بازنەیی یان... تاد، ئەم لایەنە ناودەنێین جەستەی کورسی. لایەنی ناوەوەی کورسی بریتیە لە (ئایدیا)ی کورسی کە راستەوخۆی پەیوەندی هەیە بەوەی کورسی چییە و بۆچی هاتۆتە ئاراوە؟ ئەم لایەنەش ناودەنێین رۆحی کورسی، واتە رۆحی کورسی ئایدیای کورسیە لە بیرکردنەوەی دارتاشبیکدا، بەبێ بوونی ئەم رۆحە کورسی بوونی نیە، یاخود ئەم ئایدیایە پارێزگاری لە کورسی بوونی کورسی دەکات، نەك تەختە و بزمار یاخود جەستەی کورسیەکە. جەستەی کورسی وەك لایەنی واقیعی کورسی هۆی بەدیارکەوتنی رۆحی کورسییە، ئەوەشی چییەتی کورسی دیاریدەکات ئایدیایە کە گۆڕانی بەسەردا نایەت، واتە کورسییەکی سەدەی بیست و دوو لەگەڵ کورسیەکی پێش سەدەکانی زاین لە رووی ئایدیاوە نەگۆڕاوە و ناشگۆڕێت، چونکە گەر بگۆڕێت ئەوا لە کورسێتی دەچێتە دەر و دەبێتە شتێکی تر. ئایدیاکەش ئاڕاستەی جەستەکە دەکات کە چۆنایەتی چۆن بێت و دار و ئاسنەکە بە پێی داخوازی ئایدیاکە دەجوڵێنەوە و ناشتوانین

بیگۆڕین، هەروەها ئایدیاکە پەیوەستە بە هۆی دروستبوونی کورسیەکەوە، کە بۆ دانیشتنە. واتە بە بەکارهێنانی کورسیەکە ئایدیاکە دەگاتە مەبەستی خۆی و لە واقیعدا شوناس وەردەگرێت.

ئێمە هەموو ئەوە دەزانین (کورد) وەك نەتەوەیەك خاوەنی جیاوازی خۆیەتی لەگەڵ هەموو گەلانی دنیا، هەر بۆیە پێی دەوترێت (کورد) واتە کوردێتی کورد ئەوەیە کە کوردە، نەك ئەوەیە کە عەرەب نیە، یاخود فارس نیە، بە مانایەکی دیکە کورد بوونی کورد، پەیوەندی بە بوونی خۆیەوە هەیە نەك بە بوونی گەلانی دیکەوە، کوردیش وەك هەموو تەنێکی سروشت دوو بوار و دوو لایەنی جیایی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە، یەکەمیان لایەنی دەرەوەی کوردە و دووەمیشیان لایەنی ناوەوەی کوردە، یاخود جەستەی نەتەوەیی کورد و رۆحی نەتەوەیی کورد.

جەستەی نەتەوەیی کورد ئەو سیما گشتیانەیە کە کوردی پێ دەناسرێتەوە وەك (زمان، کەلەتوور، ئایین، نیشتیمان، رەچەڵەك) لایەنی رۆحی نەتەوەیی کوردیش، ئایدیای کورد بوونە، کە خۆی لە جەستەکەدا (زمان، کەلتوور، ئایین، نیشتیمان، رەچەڵەك) نمایشدەکات و ئاڕاستەیان دەکات، پاشان ئەو زانیاریەش کە کورد بۆچی دروستبوە، هەر لەناو ئایدیاکەدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی کورد نەتەوەیە و خاڵقەکەی خودایە ناتوانین بڕۆینە ناو عەقڵیەتی خالّق تا بزانین کورد بۆچی دروستبووە. دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارە لە ئەرزی واقیعدا بیدۆزینەوە. واتە چاودێری کورد بکەین لە رابردوو و ئێستا و ئاییندە بە کویَ دەگات و ئەو هەڵوێستانەی کورد بدۆزینەوە کە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. لەوێوە دەتوانیین وێنە گشتییەکەی کورد وێنا بکەین. ئەو کات دەتوانین ئایدیەکە بناسین، بەڵام

ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئێمە دەرگامان لەسەر داخراوە نەخێر! بەڵکو دەتوانین دەروازە بدۆزینەوە بۆ ناسینی رۆحی کورد.

ئێستا گەر بێت و باسی شوناسی نەتەوەی کورد بکەین، ئەوا هەروەك لە پێشتردا باسی شوناسمان کرد، دەبێت نەگۆڕەکانی کورد بدۆزینەوە پێشتریش باسی ئەوەمانکرد کە لایەنی جەستەیی گۆڕانی بەسەردا دێت و دەگۆڕێت. ئەوەی ناگۆڕێت لایەنی رۆحی و ئایدیاکەیە، کەواتە دەبێت ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئایدیای کورد بکەین، بۆ ئەوەی بیناسین ئایدیەکەش لەناو جەستەکەدایە و جەستەکەش دەگۆڕێت ئەدی چۆن کورد بناسین؟

ئێمە دەستمان گەیشتوە بە پرسیارێکی گرینگەوە دڵنیام گەر بێت و هەوڵی لەگەڵبدەین، دەگەینە ئەنجامی سەرسوڕمانکەر بۆ خۆمان و بۆ دەوروبەرمان. کەواتە جارێ دێینە سەر باسکردنی جەستەی نەتەوە و لە کۆمەڵێك خاڵدا باسیاندەکەین. بە ئاگای ئەوەیی کە لەناو جەستەکەدا ئایدیاکە پارێزگاری لە نەگۆڕانی خۆی دەکات و کورد بوونی خۆی دەپارێزێت، پاشان هەوڵدەدەین لەگەڵ جەستەکەدا ئایدیاکە بدۆزینەوە.

کەواتە دوو رێگا هەیە بۆ ناسینی کورد، رێگەی یەکەم: واقعیەتی کوردە کە لە جەستەکەیدا خۆی نمایشدەکات، رێگەی دووەم ئایدیای کوردە ئەویش بەشێکی لەناو لایەنی واقعی کوردە و بەشەکەی دیکەی لەناو بیرباوەڕیەکانیەتی، بۆ لایەنی یەکەم کە لایەنی واقعیە سێ تەوەر دەستنیشاندەکەین:

**١- مێژووی کورد.**

**٢- جوگرافیای کوردستان و کاریگەری لەسەر کەسایەتی کورد.**

**٣- تایبەتکارەکانی کوردبوون.**

بۆ لایەنی دووەمیش کە بیر و باوەڕەکانییەتی دەبێت لە ئەدەب و فۆلکلــۆر و ئــەو ســەروەتە ســەرزارەکییەدا بیدۆزینــەوە کــە نــەیتوانیوە بێتــە نێــو مێــژووەوە. بگــرە نــەیتوانیوە بێتــە نــاو زمانیشەوە. وەك ماتە وەزیەك لەناو دڵی کوردا ماوەتەوە.

# مێژوو

## مێژووی کورد

ئەگەر باسی مێژووی کورد بکەین وەك كايەك کە دەکەوێتە سنووری لێکۆڵینەوە لە جەستەی نەتەوەی کورد، چونکە ئەو بەشەی لە رۆحی کورد کە لە مێژوودا دەرکەوتووە تا رادەیەك چۆنایەتی بە خۆی بەخشیوە، بۆیە گرینگە بچینەوە سەر ئەو نووسینانەی لەسەر کورد نوسراون و پلە بەندیان بکەین لەژێر جۆرەکانی گێرانەوەی مێژوودا. دیارە باسکردنی کورد لە کۆنەوە و مێژووەکەی بیروڕای جیاوازی لەسەرە و هیچیان یەکلاکەرەوە نین (باسیلی نیکتین) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (کورد لێکۆڵینەوەیەك سۆسیۆلۆژی و مێژوویی) بە وردی باسی مێژووی کورد دەکات و کۆمەڵێك رای جیاواز دەخاتە روو لەوانە:

## یەکەم: زەینەفۆن:

کاتێك باسی پاشەکشەی هێزی یۆنانی دەکات لە نێوان ساڵەکانی (٤٠٠– ٤٠١) پ. ز[١]، لە کوردستانی ئێستاوە بۆ دەریای رەش باسی نەتەوەی کاردۆخیەکان دەکات و بە کوردیان ناودەبات. سەرەڕای بوونی رای جیاواز کە کاردۆخیەکان کورد نەبوون وەك (هارتمان) و (ویسباخ) کە کاردۆخیەکان و کورد جیا دەکەنەوە.

---

(١) باسيلي نيكيتين، الكرد، دراسة سوسيولوجية و تاريخية، ترجمة: د. نوري طالباني، الطبعة السادسة، أربيل، ٢٠١٢، ل: ٣٢.

## دووەم : تیۆری مینۆرسکی:

کاتێك ساڵی ١٩٨٣ له برۆکسل له کۆنگرەدا باسێکی لەسەر کورد پێشکەشکرد، ئەوەی گوت کە کورد دەگەڕێنەوە بۆ (ماردییەکان) و ئەمانیش بۆ (ماندییەکان) لەگەڵ (کیرۆتۆنیەکان) تێکەڵ بوون خەڵکی ئەسڵی ناوچەکەبوون.

## سێیەم: تێوری جافیتك و لۆك:

ئەمانیش بە شێوازێکی دیکە مێژووی کوردیان نوسیوەتەوە بە شێوازێك دەیگەڕێننەوە بۆ کاردۆخیەکان، کە لە ساڵی ١٩١١ لە پاڵ ئەو مێژووە بڵاویانکردەوە.

## چوارەم: کوردەکان:

کوردەکانیش بۆ خۆیان هەوڵی تاکە کەسیان هەبووە بۆ نوسینەوەی مێژووی کورد و ناسنامەی کورد. بۆ نموونە شەرەفنامە کە بە زمانی فارسی نوسراوە ئەمیر شەرەفخان لە ساڵی ١٥٩٦ ز کە باسی مێژووی کورد دەکات دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەی زوحاك و کاوە، کە کوردەکان ئەو گەنجە رزگاربوانەن کە چونەتە شاخ و لەگەڵ جنۆکە تێکەڵبوون، پاشان سەید فەرەج الله زەکی ئەم رایەی رەتکردۆتەوە و بە درۆی زانیوە، هەروەها سەید محمد عەلی کوردەکان بە هیندوئەوروپی ناساندووە، هەروەها جیمس هینری لە کتێبی (انتصار الحضارة) کورد دەباتەوە سەر ئارییەکان[1].

---

(١) د. إدریس عبد الله، کوردناسی، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر: ٢٠١٢: لا ١٢.

بەڕاستی گەر بڕوینە ناو مێژووەوە تووشی کێشەی گەورە د ەبینەوە کە مێژووی کورد چ ئەوانەی ئەورووپی بوون چ ئەوانەی عەرەب بوون چ کوردەکان بە خۆشیان خاوەن بیروڕای جیاوازن و ناگەینە دەرئەنجامێکی دڵنیا و یەکلاکەرەوە، چونکە سەر بە لایەنی جەستەی نەتەوەیە و قابیلی گۆڕانە بۆیە باشترین شت ئەوەیە ئەم مێژووە دابەشبکەین.

بۆ ئەم دابەشکردنەوە سوود لە هزرە فەلسەفیەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی هیگل (١٧٧٠- ١٨٣١) وەردەگرین کە لە کتێبی (عەقڵ لە مێژوودا) مێژوومان بۆ شرۆڤە دەکات، بەمە دەتوانین ئەوە یەکلا بکەینەوە کە تا چەند پشت بە مێژوو ببەستین و لە کوێدا پەسەندی دەکەین و لە کوێدا وەلای دەنێین.

## هیگل بەم شێوەیە جۆرەکانی مێژوو دیاریدەکات:

### ١- مێژووی واقعی (کارەکی):

ئەو مێژووەیە کە مێژوونووس راستەوخۆ بوونی هەیە لەناو رووداوەکەدا، واتە خۆی یەکێکە لەو شایەدانەی کە لەناو رووداوەکاندایە، ئەم مێژووەش کردەی ویناکردنی مێژوونووسە، واتە رووداوێکی واقیعی دەرەکیمان هەیە مێژوونووس دەیکاتە وێناکردنێکی ناوەکی، جا ئەو ئەگەرانەش لە پێشەوەن کە ئایا مێژوونووس دەتوانێت هەموو شتەکان ببینێ یاخود ببیستێ، بە دڵنیاییەوە نەخێر! تەنها ئەو رووداوانە دەگوازێتەوە کە خۆی دەیبینێ یاخود جێی بایەخی خۆیەتی.

ئەم جۆرە مێژووە شرۆڤەیەکی هەستەکیە دەربارەی گەلەکەمان، کە مێژوونووس یاخود گێڕەرەوە، باسی هەڵسوکەوتی گەلەکەمان دەکات لەگەڵ شێوازی قسەکردن و جل بەرگ و نان خواردنیان و چۆنیەتی پێشوازیکردن لە خەڵك و عادات و کەلتووری ئەو میللەتە.

هەموو ئەو باسانەش خۆیان لەسەر هەستەکانی مێژوونووس تۆمار دەکەن و لێکۆڵینەوە نین لە قوڵایی و رۆحی گەلەکان، بۆیە بە تەنیا ئەم مێژووە بەس نیە بۆ ناسینی گەلان، چونکە ئەم مێژووە خۆی لەسەر ئەنجامی شتەکان بینا دەکات و ناچێتە ناو قوڵایی و جەوهەری شتەکان ئاشکرا ناکات. باسی ئەوە دەکات کە کورد موسڵمانن ، بەڵام باسی ئەوە ناکات بۆچی کورد موسڵمانن.

لە جۆری ئەم مێژوونووسانە، هێرۆدۆت (٤٨٤ — ٤٢٤ پ. ز) کە بە باوکی مێژوو ناسراوە، یەکەمین مێژوونووسە کە لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا گەشتی کردوە بۆ ئەفریقیا و میسر و پاشان گەڕاوەتەوە ئەسینای یۆنان و دەستی کردووە بە گێرانەوەکانی دەربارەی ئەو گەلانەی کە بینیونی. هەروەها (ثوکیدیدز) (٤٦٥ — ٤٠٠ پ. ز) ئەمەیش مێژوونووسێکی یۆنانیە ٥٠ ساڵ پاش هیرۆدۆت ژیاوە کە هەمان ڕێبازی هیرۆدۆتی هەبووە لە گێڕانەوەدا.

خۆ گەر بێینە سەر ئەو رۆژهەڵاتناسانەی هاتوونەتە کوردستان و ئەم ڕێبازەیان پەیڕەوکردووە، زۆرن لەوانە (مینۆرسکی ١٨٧٧ — ١٩٦٦) قەشە مۆریزیۆگارزۆنی، ١٧٨٧، باسیل نیکتین ١٨٨٥– ١٩٦٠ کریس کۆچیرا.. ......... تاد.

کە هەموو ئەم مێژوونوسانە یاخود رۆژهەڵاتناسانە هاتونەتە کوردستان و راستەوخۆ مامەڵەیان کردووە لەگەڵ گەلی کوردا و پاشان یاداشتی خۆیان نوسیووە و باسی کوردیان کردووە. وەك (ئەدمۆنس) کە

حاكمی بەریتانیا بوە لە سلێمانی ڕۆژانە یاداشتی خۆی نوسیوە و باسی کوردی کردووە بەو شێوازە خۆی باوەڕی پێبووە یاخود لەو گۆشەیەوە کە ئەو ڕامانی خستۆتە سەر و باسی کوردی کردووە.

## ٢- مێژووی تیۆری:

ئەم جۆرە مێژووە، مێژوونووس لەناو ڕووداوەکاندا نەژیاوە بەڵکو هی سەدەیەکی ترە. بۆ نموونە شەرفخانی بەتلیسی ١٥٩٦ کە باسی بنەچەی کورد دەکات ناچارە بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە مێژوویەکان و کۆکردنەوە و پوختەکردنیان، واتە ئەم جۆرە مێژووە زیاتر پەیڕەوی ڕێبازێکی ئەکادیمی دەکات بە پێی ئەو ڕێبازانەی کە بوونیان هەیە، ئەم ڕێبازەش چوار شێوازی هەیە:

أ- **جۆری یەکەم** لە مێژووی تیۆری **کارێکی تاکە کەسیە** و مێژوونووس دەیەوێت تێگەیشتنێکی گشتی وێنا بکات لەسەر ئەو گەلە کە پەیڕەوی ڕێبازێکی تاکەکەسی دەکات، بۆ نموونە تیتوس لیفیوس ( ٥٩ پ. ز — ١٧ پ. ز) کە مێژوونوسێکی ڕۆمانی بووە کتێبەکەی ناوی (مێژووی ڕۆما)یە کە باسی دروستبوونی دەوڵەتی ڕۆما دەکات لەسەرەتاوە (٧٥٣ پ. ز) تا مردنی لاوسس، کە مێژوونوسێکی بەناوبانگە و هەڵەی ئەوە بووە پشتی بەستووە بە کۆمەڵێك چیرۆکی خەیاڵی ئەفسانە کە پێش ئەو باسیانکردووە.

ئەم مێژووە مێژووییەکی گێڕاوەیە کە مێژوونووس پاڵپشت بە مێژووەکانی پێش خۆی جارێکی دیکە دەیگێڕێتەوە، هەروەك زۆرێك لەو ڕۆژهەلاتناسانەی باسی بنەمای کورد دەکەن دەگەڕێنەوە بۆ ڕای زانایان

و ڕۆژهەڵاتناسانی پێش خۆیـان. لەوانـە مینۆڕسـکی، باسـیل نـیکتن، کـە پشت دەبەستن بە رای شەرەفخان و پێشینەکانی خۆیان.

ب - **جـــۆری دووەم** لـــە مێـــژووی تیـــۆری **مێـــژووی پراگماتیـــك** Pragmaticalئەم مێژووە گرنگی داوە بە ئاكار و بیرباوەڕ و بە جۆرێك سوود لە مێژوو وەردەگرێت بۆ ئـەوەی بـە خـۆدا بچینەوە و لەئـەمڕۆمان بگەین، بەڵام ئەم مێژووەش خاوەنی كێشـەی خۆیـەتی، چـونكە مێـژووی خـۆی دووبـارە ناكاتــەوە وەك خــۆی، لەبـەر ئــەوەی هــەل و مەرجــەكان دەگۆڕێت و زەمان و شوێن گۆڕانیان بەسەردا دێت لەگەڵ كاراكتـەرەكان، دەشیٚ شتێك بۆ ئەو سەردەمە باش بووبێت بۆ ئەمڕۆ خراپ بێت.

جـ - **جۆری سێیەم:** مێژوویەكی رەخنـە ئـامێزە، بـە جۆرێـك بـە چـاوێكی رەخنەوە سەیری مێژوو دەكرێت و خاڵە لاوازەكان دەستنیشاندەكات كـە بـە (**مێـژووی مێـژوو**) بەناوبانگـە، چـونكە مێژووەكـە هەڵدەسـەنگێنیٚ لـە رووی راستەقینە و مەعقولیـەت و دروسـتی و نادروسـتیەوە، رەخنەكـەش پاڵپشت نیە بە بەڵگەی ماددی و بەردەست، بەڵكو لەسەر بـیروڕای خـۆی دادەمەزرێت كە هەوڵی زۆر كەم بەدیدەكرێت لـەناو كـوردا بـۆ ئـەم جـۆرە مێژووە.

د_ **جۆری چوارەم** لە مێژوو تیۆری، گرنگی بە **مێژووی هەنـدەكی** دەدات واتە مێژوو بەش بەش دەكـات و بـە جیـا لێـی دەكۆڵێتـەوە وەك مێـژووی هونەر، مێژووی مۆسیقا، مێژووی ئایین. ئەمەش ئاوری لێنەدراوەتەوە. لە لایەن كوردەوە هەنـدێك نووسـراوی كـەممان هەیـە وەك مێـژووی ئـەدەبی كوردی مامۆستا مارف خەزنەدار. ئەمەش ئـەو پرسـیارە بـە دوای خۆیـدا دەهێنیٚ كە ئایا تایبەتمەندی ئەم بەشانە بەرەو بیرۆكەیـەكی هەمـەكیمان

نابات دەربارەی گەلەکەمان، یاخود رۆحی گەلێك بە جیا دەردەکەوێت لەناو ئاین و هونەر و یاسا و... تاد. هەر ئەم پرسیارە زەرورەتی ئەوە دروستدەکات بە شوێن مێژوویەکی دیکەدا بگەڕێین ئەویش جۆری سێهەمی مێژووە، ئەویش مێژووی فەلسەفییە.

## ٣- مێژووی فەلسەفی یاخود مێژووی روح:

مێژووی فەلسەفی لێکۆڵینەوەیەکی فیکری و مەعریفییە بۆ مێژوو، چونکە فکر و بیروباوەڕ جەوهەری مرۆڤە نەك جۆری زمان، خاك، نەتەوە، ئایین... تاد) ئەمەش جیاکەرەوەی مرۆڤە لەگەڵ ئاژەڵدا، فکر بنەمایە بۆ هەستکردن و بیرکردنەوە و ئیرادە و هەموو هەستەکانی مرۆڤ. مێژووی فەلسەفی مێژوویەکە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان ناکات وەك مێژوو یاخود وەك ساڵ و شوێن و وەسفکردنی کەسەکان و جۆری شتەکان، واتە مێژوویەکی هەستەکی نیە، بەڵکو مێژوویەکی عەقڵیە لەناو رووداوەکاندا بە شوێن بنەما گشتیەکانی رۆحی ئەو نەتەوەیەدا دەگەڕێت. واتە ئەگەر شرۆڤەی نەتەوەی کورد بکات، بە شوێن رۆحی نەتەوەدا دەگەڕێت ئەویش لە دوو بواری جیاوازدا:

### ١- دۆزینەوەی رۆحی کورد لە دەرکەوتەکانیدا:

ئەم جۆرە گەڕانە بۆ ئە وەیە خاڵی لێکچوون بدۆزیتەوە لەناو ئەو مێژووە بەجێماوەدا، یاخود لە پێکهاتەی نەتەوەکەدا، واتە کاتێك لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات لەسەر ئایین و ئایینداری لە کوردا بە شوێن ئەوەدا دەگەڕێت کە کورد بوون چۆن لەناو ئاییندارییدا بەرجەستە دەبێت ئایا میانڕەوە، یان توندڕەو، ئاخۆ جیاوازی چیە لەگەڵ نەتەوەکانی تردا، ئەم رۆحە بە گۆڕانی ئایینەکان وەك

(یەهودی و مەسیحی و ئیسلام) کە بە قۆناغی جیا جیا هاتوون بەسەر کوردا، گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟ یاخود لە کەلتوور و بیروباوەڕەکەیدا چۆن خۆی نمایش دەکات؟ بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی کورد، چونکە ئێمە پێشتر باسی ئایدیامان کرد کە گۆڕانی بەسەردا نایەت و بەردەوام پارێزگاری لە بوونی خۆی دەکات، پاشان دێت لە زەمینەی سیاسەتدا شرۆڤەی ئەم رۆحە دەکات. تا بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان دەکات. بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم باسە ئێمە نموونەی سەرکردەی سیاسی کورد وەردەگرین و پاشان هەوڵدەدەین بەم رێبازە خوێندنەوە بۆ هەڵوێستەکانیان بکەین.

## نموونەی یەکەم: سەلاحەدینی ئەیوبی (١١٣٨ ز – ١١٩٣)[1]:

ئەم پیاوە سەرکردەیەکی کورد بووە کە شەڕی ئیسلامی لەگەڵ خاچپەرستەکان کردووە بە جۆرێك وەك دوژمن مامەڵەی لەگەڵ خاچ پەرستەکان نەکردوە، کە بە هەموو جۆرێك قەتل و عامیان بکات، بەڵکو لەناو دوژمنایەتیاندا چاوی لە دۆستایەتیان بووە. تا ئەگاتە رادەیەك (ریتشارد) (شێردل) کە سەرپەرشتی خاچ پەرستەکان بووە هێند

(١) سەلاحەدینی ئەیوبی (١١٣٨– ١١٩٣ز) ناوی مظفر صلاح الدین ئەیوبی کوڕی مەڕوان کوڕی یەعقوب دوینە، لەناوچەی زرارەتی لەدایکبووە و دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیوبییەکان بووە. دوای بە کوتاهێنانی دەوڵەتی فاتمیەکان کە نزیکەی ٢٦٢ ساڵ حوکمیان کرد، دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەمەوی میسر و شام و حیجاز و یەمەنی گرتۆتەوە، بە هۆی کەسایەتیە بەرچاو و سادە و لە خواترسانەکەیەوە لە زۆربەی شیعری ئینگلیزی و فەرەنسی باسی لێوەکراوە، و موسڵمانێکی سۆفی مەزهەب بووە سەر بە تەریقەتی قادری بووە.

سەرسامی کەسایەتی سەلاحەدین بووە، (خوشکی) خۆی پێشنیار دەکات بۆ ئەوەی سەلاحەدین ئەیوبی مارەی بکات. یاخود کاتێك (شێردل) نەخۆشدەکەوێت سەلاحەدین خۆی دکتۆری تایبەت دەبات بۆ چارەسەرکردنی، لەو لاشەوە خەلیفەی (عەباسی) موسڵمانان لە ئەستەمبۆڵ چاوی لە دەستی سەڵاحەدین بووە، خاچ پەرستەکان لەناو ببات، بەڵام سەلاحەدین چونکە کورد بوون، لەناویادا بوونی هەبووە وەك ئایدیایەك  ئاڕاستەی کردووە، توانیویەتی هاوسەنگی بپارێزێت لە نێوان داواکاری خاچ پەرستەکان هەروەها هاوسەنگی ناو جیهانی ئیسلامیش بپارێزێت کە فاتمیەکان ویستویانە دەوڵەتی شیعە لە وڵاتی میسردا دروست بکەن.

بە مانایەکی تر ڕۆحی کوردی ڕۆحێکی هاوسەنگی پارێزە، توانای یەکخستنی بیروباوەڕە جیاوازەکانی هەیە و حەکەمێکی زۆرباشە و حەق بۆ هەموو کەسێك وەردەگرێت، بەڵام ناتوانێت حەق بۆ خۆی وەربگرێت. یاخود بە مانایەکی دیکە ناتوانێ گەورەیی بەسەرخۆیدا بکات. بەس دەتوانێت گەورەیی بە سەر  هەموو کەسێك ئەنجامبدات بە یەکسانی و عەدالەت. ئەگەر بەراوردێك لە نێوان سەلاحەدین و بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی) بکەین سەیر دەکەین یەك ئایدیا هەیە لەنێوانیان ئیشدەکات ئەویش کورد بوونە، بەڕێز (مام جەلال) کاتێك سەرۆکی عێراق بوو دڵی عەرەبەکانیشی ڕاگرتبوو  توانیبووی هاوسەنگی نێوان هێزە جیاوازەکان بدۆزێتەوە و ئیدارەشیان بکات. واتە عەرەبێك هەستی نەکردووە کوردی لە پێش ئەوەوە داناوە، ئەم ڕۆحە بەجۆرێك کاردەکات خۆی نیشاندەداتەوە، بەڵام نەك بۆ هەموو کەسێك، بەڵکو خۆی نیشانی کەسانێك دەدات کە خۆیان پاککردبێتەوە لە نەتەوە پەرستی و بیروڕای وا کە خۆی لە خۆ پەسەندی و خۆزاڵکردندا دەبینیێتەوە، واتە ئێمە یەك

ڕۆحمان هەیە، بەڵام دەرکەوتەی جیاجیای هەیە بە پێی شوێن و کاتی جیاواز و وەزیفەی جیاوازیش ئەنجامدەدات.

## نموونەی دووەم: قازی محەمەد (١٩٠٠ – ١٩٤٧)[١]:

قازی محەمەد سەرۆکی کۆماری مهاباد بوو. لەساڵی ١٩٤٦ لە کاتی رووخانی کۆماردا بە پیلانی وڵاتانی درەوە و شای ئێران خۆی و کۆمەڵێك لە هاوڕێ و خزمانی لە شاری مەهابادی کوردستانی رۆژهەڵاتدا مایەوە و راینەکرد و چارەنووسی خۆی رووبەڕووی ئەنجامێکی نەزانراو کردەوە کە، یان دەیکوژن، یان بەندی دەکەن، واتە مردنی هەڵبژارد بەسەر ژیاندا. دیارە ئەم هەڵوێستەش هەڵوێستێکی کوردانە و هەماهەنگە بە رۆحی کورد و لەو ساتەدا ئەو رۆحە ئەو فەرمانە دەخاتە سەرشانی قازی محمد و هاوڕێکانی و ئەویش بە خۆشحاڵیەوە قبوڵی دەکات کەوا ئامادەبێت جەستەکەی بمرێ لە پێناوی رۆحەکەدا، کە بە زیندوویی ماوەتەوە و بۆتە هەوێنی لە دایك بوونی شۆڕش و مانەوەی ئەو ئایدیایە هەتا کۆتایی دنیا، ئەم جۆرە لە مێژووی فەلسەفی چاوی تیژ دەکاتەوە لەسەر ئەو رۆحە نەك لەسەر ئەوەی قازی محەمەد لە کوێ گیرا، ساڵی چەند بوو، کێ لە سیدارەیدا چۆن دادگاییەکەی بەڕێوەچوو، ئەم جۆرانە هەموو دەچنە ناو سنووری مێژووی فەلسەفی و ئەم جۆرە لە مێژوو لە توانایدایە مامەڵە لەگەڵ کوردا بکات، چونکە مێژووەکانی دیکە پێویستی بە بەڵگە و خاڵی یەکلایکەرەوەیە و کوردیش مێژووەکەی و بەڵگەکانی،

(١) قازی محەمەد (١٩٩– ١٩٤٧): کوڕی قازی عەلی کوڕی قاسم کوڕی میرزا ئەحمەدە و لە ساڵی ١٩٠٠ لە شاری مەهاباد لەدایکبووە و لە رۆژی ٣١/ ٣ ١٩٤٧ بە دەستی فارسەکان لە ساحەی چوارچرا لە سیدارە درا.

یان بزربون، یاخود شێوێنراون، بۆیە بۆ گەڕان بە شوێن کوردا دەبێت ئەم جۆرە لە مێژوو هەڵبژێرین.

## نموونەی سێیەم: مەلا مستەفای بارزان (١٩٠٣- ١٩٧٩):

دوای رووخـانی کۆمـاری مهابـاد لـە سـاڵی ١٩٤٦ مـەلا مسـتەفا و هاوڕێکانی کە تا ئەو کات وەك سـەربازێکی قـازی محەمـەد خزمـەتی ئـەو کۆمارەیـان دەکـرد و ویسـتیان بگەڕێنـەوە عێـراق، بـەڵام بـارزانی لـە عێراقیش داواکراو بوو، بۆیە ژن و منداڵەکانی سپارد بە برا گەورەی (شێخ ئەحمەد) کە ئەو کات بەڕێز مەسعود بارزانی شیرەخۆرە بووە، ئـەوەبوو شـێخ ئەحمـەد گەڕایـەوە عێـراق لەبـەر خـاتری پاراسـتنی رۆحـی ژن و منداڵەکان. خۆی کـردە قوربـانی پاراسـتنی نـەوەی دوارۆژ هـەتا کۆتـایی ژیانی لە زیندان مایەوە و کە ئەم قوربانیدانەی شێخ ئەحمەد سەیر بکەین لەگەڵ قوربانیدانی (قازی محەمەد) سـەیر دەکـەین لـە یـەك سەرچـاوەوە ئاویان خواردۆتەوە، ئـەویش رۆحـی کـوردە، واتـە رۆحەکـە یـەك فـەرمان دەردەکـات بـۆ هـەردوکیان، هەردووکیشـیان بـە خۆشـحاڵییەوە قبـوڵی دەکەن و ئایندەی کورد دەپارێزن، پاشـان مـەلا مسـتەفا خـۆی و (٥٠٠) هاوەڵی دەڕۆن بـێ ئـەوەی بـزانن بـۆ کـوێ دەچـن، هـەتا کاتێـك بـارزانی دەڵێت: من دەڕۆم بۆ مردن کێ دێت لەگەڵم؟

ئـەوەبوو (٥٠٠) هـاوەڵ دەچـنە پـاڵی و بـەرەو مـردن دەڕۆن، بـێ ئەوەی بزانن رووەو کوێ هەنگاو دەنێن هەتا لە ئاوی ئاراس دەپەڕنەوە و دەچنە نـاو خـاکی رووسـیاوە، دوای زیـاتر لـە (١٢) سـاڵ بەسـەر بـەرزی دەگەڕێنـەوە بـۆ کوردسـتان. ئـەوەی لێـرەدا مەبەسـتمانە گێڕانـەوەی رووداوەکە نیە بە مەبەستی گێڕانەوە، بەڵکو گێرانەوەی رووداوەکەیـە بـۆ سەیرکردنی ئەو رۆحەی بەرەو مـردن دەڕوات، ئـەو ئایدیایـەی کوردبـوون

نمایشدەکات دیارە کورد کاتێك دەچێتەوە ناو خۆی و بە پێی ئەم ئایدیایە مامەڵە دەکات، هەمیشە هەڵوێستێك دەنوێنیٚ، کەچاوەڕواننەکراوە و وەك دژە باوێك خۆی نمایش دەکات. بە جۆرێك دەتوانین رەگەزەکانی ئەفسانەی تێدا بدۆزینەوە، هەر ئەم ترسەشە وای لە وڵاتانی دەرەوە وەك ئەمریکا و بەریتانیا کردووە کە هەتا ئێستا ترسێکی گەورەیان هەیە لە دەرکەوتنی کورد، چونکە ناتوانن پێشبینی ئەوە دەرکەوتنە بکەن، لەبەر ئەوەی کورد کە دەگاتە ئەو ئاستە بە پێی بنەما سیاسی و نێودەوڵەتی و پاراستنی بەرژەوەندی خۆی مامەڵە ناکات، بەڵکو بە پێی ئەو ئایدیایە مامەڵە دەکات و ئایدیاکەش هەمیشە شتی چاوەڕواننەکراو تازە بەرهەم دەهێنیٚ، کە نامۆیە بە عەقڵی ئەمریکی و ئەوروپایی.

واتە مێژووی فەلسەفی مێژووی رۆحی گەلەکانە و دیارخستن و دۆزینەوەی ئەو رۆحە بزربووەیە لە مێژوودا. ئەم جۆری یەکەمە لە مێژووی فەلسەفی مرۆیەکی ناکوردیش دەتوانێت ئەنجامی بدات بە مەرجێك عاشقی کوردبێت. واتە هەر بیانییەك، یاخود هەر لێکۆلەرێك لەهەر نەتەوەیەك بێت دەکرێت ئەم کارە بکات بەس بە مەرجیٚ عەشقی کوردببێت، چونکە بیٚ بوونی ئەو عەشقە ئەو رۆحە خۆی دەشارێتەوە خۆی نیشانی لێکۆلەرەکە نادات، بەمەش ناچارە بیروڕای دژ بەکاربهێنێت و لە ناسینی کوردا ناتوانێت لە خاڵی مەبەست بدات.

## ٢. دۆزینەوەی رۆحی کورد لەخۆیدا:

ئەم جۆرە گەڕانە و هەستپێکردنە تەنها کورد خۆی دەتوانێت ئەنجامی بدات و نا کوردێك، یا پسپۆڕێك ئەکادیمیش بێت لە توانایدا نیە بگاتە ئاستە قوڵەکانی رۆحی کورد، چونکە کاتێك ئەم رۆحە هۆشمەندی

پەیدا دەکات بەرامبەر بە خۆی بەشێك لەم هۆشمەندییە وەك ماتەوزەیەك دەمێنێتەوە نایەتە ناو زمانەوە، بەڵکو لە کرداردا زۆر بە شاراوەیی خۆی نمایش دەکات، مەرجی ئەم ناسینەش یەك شتە ئەویش (ئازادییە) چونکە (خەسڵەتەکانی رۆح بە دیارناکەون ئەگەر ئازادی نەبێت)[1]، بە مانایەکی دیکە ئەگەر ئایدیاکە خۆی دانەماڵێ لەو هەمووخەسڵەتە جەستەییەکانی. توانای ئەوەی نیە خۆی بناسێ، یاخود خۆی بنوێنێتەوە جارێکی دیکە، ئەمەش بە سروشتی روودەدات، چونکە ئەو کەسانەی دەمرن و ئەم جۆرە مەعریفەیە پەیدا دەکەن دەمرن و رۆحەکە دەمێنێتەوە، دەبێ کەسێك هەبێت خۆی یەکسان بکاتەوە بەو ئایدیایە، ئەو کاتە ئەو ئایدیایە رازی دەبێت لەو کەسەدا دەرکەوێت. ئەمە دەرکەوتنەش لە واقعێکی رەمزیدا روویداوە. بۆیە بۆ گەڕان بۆ کورد لە لای خۆی ناتوانین لای مێژوونوسەکان بیدۆزینەوە، چونکە مێژوونووس و رۆشنبیر و بیرمەندەکانی کورد زۆربەیان کاریگەرن بە فکری دەرەوەی ئەم شێوازە. بەڵکو دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پیاوە ئاینەکانی کورد یاخود شاعیرەکان، ئەوانەی پێشەنگ و سەرمەشقی رۆحی بوون بۆ گەلی کورد وەك (سەعید نورسی) و (شێخ مارفی نودەیی) و (کاك ئەحمەدی شێخ) و (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) و (مەلا عبد الکریمی مودەریس) ومەلای جزیری و مەحوی و.... تاد. ئەم گەڕانەش بە زۆری لە ئاکاریاندا دەکرێت وەك لەناو نوسینەکانیاندا.

بەشێکی تری ئەم ناسینە لەناو شیعری کوردیدا بەرجەستەیە، چونکە شیعر بە دیوێکی تردا قسەکردنە لەگەڵ خۆت. واتە رۆحی کەسە

---

(١) هیجل، العقل فى التاریخ، المجلد الاول، ت: د امام عبدالفتاح امام، طبعة الثالثة، ٢٠٠٧، ص ٨٧

کــە قســـە دەکــات و جەستەکەشـــی گــوێگرە، بۆیـــە شــیعری کــوردی زەمینەیەکی زۆر لە بارە بۆ ناسینی رۆحی کورد. ئەویش بە مـەرجی ئـەو ئەو ئازادییەی باسمان کرد. واتە شـاعیرەکە خـۆی داماڵێبێـت لـە هـەموو هێزێکـی دەرەوەی خـۆی بــە بۆچـون و ئایـدۆلۆژیا و تەنانــەت رایــەکانی خۆشیەوە واتە هەموو ئەو دەنگ و هێزانە بێدەنگدەکات لە ناوخۆیدا هەتا روحەکە بە قسە دێت و زانیاری دەگوازێتەوە لەسەر خۆی. ئەم ناسینەش لای (ئەحمەدی خانی) و (مـەلای جـەزیری) و (بابـا تـاهیری هەمـەدانی) و (مـــەحوی) و (مەولـــەوی تـــاوەگۆزی) و شـــیعری ئـــایینی یارســـانەکان و یەزیدیەکان و ئایینەکانی دیکەی کوردی دەدۆزرێتەوە.

## قۆناغەکانی رۆحی نەتەوەیی کورد:

ئەگـەر رۆح وەك پێـدراوێکی زەمینـی سـەیربکەین ئـەوا هـەر دەبێـت وەك هەبوویەك مامەڵەی لەگەڵ بکەین، کە لەناو گەردووندا بـوونی هەیـە. واتــە کەوتۆتــە نــاو کــات و شــوێنەوە، چــونکە دواجــار ئــەویش لــەو بازنەیــەدا کــەناوی گەردوونــە بــوونی هەیــە. بەمــەش دەبێــت گریمانــەی رۆحێکــی هەمەکیتر بکەین کە وایکردووە ئەو رۆحـە هـەبێت. چـونکە خـالق دەبێـت زۆر هەمـــەکیتربێت لەهـــەموو ئـــەو شـــتانەی لـــەوەوە کەوتوونەتـــە نـــاو گەردوونەوە. خالقیش خۆی لەدەرەوەی ئەم بازنەیە راوەستاوە بۆ ئـەوە کــە نەکەوێتــە نێــو جیهــانی بەدیهێنراوەکانییــەوە. بــەڵام وەنــەبێت ئــیتر دەستی بەردابێت لەبەدیهێنراوەکان و فرێیـدابن. ئـەو ئازادییـەکی رەهـای بەخشیوە بە مرۆڤ هەتا خـۆی گوزارشـت لـە بـوونی خـۆی بکـات و بگاتـە چێژی راستەقینە کە دروستکردنی شوناسە بۆخۆی. هەر بەدیهێنراوێکیش

بـه پیـی ئـەو پرەنسـیپە دەکەوێتـە جوولـە کـە لەعـەقڵی خالقـدا بـۆی دابەزێنراوە.

لەمەسەلەی سروشتدا یاخود لە بابەتی شـتە ماددیەکانـدا زۆر بـە ئاسـانی ئەم دەسەلات و پرەنسیپانە دەناسرێنەوە و بـۆ نموونـە دارسـێوێك چـۆن ئایدیایەکی بەرمەجەکراوە لەلایەن خالقەوە ئـیتر بـەردەوام گوزارشـت لـە سێوبوونی خۆی دەکات. واتە خۆی هاوتا دەکاتەوە بـە ئایدیاکـەی خـۆی کە لەناو تۆوەکەدا بوونی هەیە، بەڵام بۆ مرۆڤ و بەتایبەت دیوە مەعنەوی و رۆحانییەکەی ئەمە هەروا ئاسان نییە، بەڵام لە رێگەی ئەو نموونانـەوە، یـاخود ئـەو کەسـانەوە کـە توانیویانـە بـانتر لـە مرۆڤـی ئاسـایی، یـاخود توانیویانە بگەنەوە ئەو ئاسـتە لـەناو خۆیانـدا درك بـەو ئایـدیاو پرنسـیپە هەمەکییە بکەنەوە دەتوانین هیچ نەبێت نزیـك ببینـەوە لـەو پرنسـیپانەی خالق دایناوە بۆ وەرگرتنی شوناسی تـاك یـاخود نەتـەوە لـە گەردوونـدا. بۆیە ئێمە سـێ قۆنـاغی سـەرەکیمان دیـاریکردووە کـە ئـەو رۆحـە پێیـدا تێپـەردەبێت، بـۆ ئـەوەی بگاتـەوە بـەخۆی و شوناسـێکی راسـتەقینە وەربگرێت. کە ئەوانیش ئەمانەن:

## ١ـ قۆناغی دەرەگەردوونی:

ئەم قۆناغە ئەو بارەیە کە هێشتا رۆحەکە نەهاتۆتە نێو گەردوونەوە واتـە لە نێو عەقڵی خالقدا بوونی هەیە، لەم قۆناغەدا ئەو رۆحە پر دەکـرێن بـە کۆمەڵێك پرنسیپ و بەرنامەی تایبەت و هەموو سیفات و خاسـییەتەکانی تێدا جێگیر دەکرێت. هەمووشی راستەخۆ بە جۆرێك رەنگرێژ دەکرێت کـە هاوتایـە لەگـەڵ عـەقڵی خالقـدا. ئـەو بنەمایانـەش رێگـەی دروسـتبوون و رزگاری ئەو رۆحەیە. ئەگـەر نموونەیـەك وەربگـرین کاتێـك سـەیری ناوکـە قەیسییەك دەکـەین ئـەم ناوکـە قەیسـییە لـەناو خۆیـدا هـەموو سـیفات و

خاسییەتەکانی ئەو دارەی هەڵگرتووە، کە چۆن گەشە دەکات ئایا لە شوێنی سارد یاخود گەرم گەشە دەکات. واتە هەموو شتەکانی تێدایە. دەبێت جووتیار ئەو خاسییەتانە ی ناو ناوکەکە جێبەجێبکات بۆ ئەوەی قەیسی دەست بکەوێت. خۆ ئەگەر هەر گۆڕانێك، یاخود نەیباتەوە سەر ئەو پرنسیپانەی ناو ناوکەکە ئەوا ناتوانێت لەبەری ئەو قەسییە بخوات.

بۆ مرۆڤیش بەهەمان شێوە دەبێت لە رێگەی هۆشمەندییەوە هەموو ئەو پرنسیپانە بدۆزێتەوە و بە پێی ئەو پرەنسیپانە بە شوێن زەمینە و کاتی ئەو رۆحەوە بێت، تابتوانێت نەشونما بکات و شوناس وەربگرێت. ئەم قۆناغە قۆناغی دەرەگەردوونی قۆناغی جیابوونەوەی رۆحەکەیە لە خالق، چونکە خالق راستەخۆ لە دوای ئەم قۆناغەوە لەخۆی جیادەکاتەوە و ئامادەی دەکات بۆ قۆناغی دواتر.

## ٢ـ قۆناغی نێوگەردوونی:

ئەم قۆناغە قۆناغی هاتنە ناوەوەی رۆحەکەیە بۆ ناو جەستەکەی، بەمانایەکی دیکە ئەو رۆحە تێکەڵ بەجەستەیەك دەبێت و کۆمەڵێك لە سیفەت و خاسییەتی جەستەکەش وەردەگرێت بۆ ئەوە کاریگەری و کارتێکردنی لەناودا بکەوێتە کار. ئەمەشی بەخاتری ئەوەیە کە توانای گەشەو نەش و نمای هەبێت، چونکە بە بێ کاریگەری و کارتێکردن ناتوانێت بەرەو کەماڵ هەنگاو هەڵێنێت. دواتریش بەکۆمەڵێك کاریگەری جەستەکە کاردەکات. بۆ نموونە شت رەتدەکاتەوە یاخود شتێك قبوڵدەکات. لەم قۆناغەدا کە دەچێتە ناو جەستەکەوە هەموو ئەو زانیاری و پرەنسیپانەی کە لەناویدایە شیدەبنەوە و دادەپۆشرێت. هەروەك چۆن تۆوێك کە دەخرێتە ناو خاکەوە تۆیەکە شیدەبێتەوە و

نامێنێـت دەبێـت چـاوەڕێی گـەورەبوونی دارەکـە بکـەین هــەتا هــەموو پرنسیپەکانی نێو تۆوەکە لە دارەکەدا بدۆزینەوە.
بەڵام چون مرۆڤ کائینێکە ئیرادەی هەیە و دەتوانێـت بـە پێچـەوانەی ئـەو پرەنسیپانەوە بکەوێتە جووڵە، مەرج نییە هـەمان پرەنسـیپ بنوێنێتـەوە لە ژیانی واقعی خۆیدا. بەڵکو مـرۆڤ بـەناو پرۆسـەی بـە کۆمەڵایەتیبوونـدا هەنگاو دەنێت. لەوپرۆسەیەدا وەك دەفرێکی بـەتاڵ پـر دەبێـت لەهــەموو ئەو شتانەی لەرێگەی دایك و بـاوك و کۆمەڵگاکـەوە وەریانـدەگرێت. واتــە دوو قۆناغی سەرەکی هەن کە رۆحەکە ئـەزموون یـان دەکـات، یەکـەمیان تێکەڵبوونییەتی لەگـەڵ جەسـتەکە و لـەم تێکەڵبوونەشـدا پرەنسـیپەکان دادەپۆشرێن و دەکەونە پەیوەندییـەوە لەگـەڵ جەسـتەکەدا بـۆ ئـەوە لـە رێگەی جەستەکەوە گوزارشت لە خۆی بکات.
قۆناغی دواتر رۆحەکـە بـەناو رێرەوێکـی دیکـەدا هـەنگاو دەنێـت ئـەویش کۆمەڵگەیە. لەم قۆناغەدا رۆحەکە کۆمەڵێك بەهاو ونۆرمی حازربەدەسـتی دەخرێتە بەردەست بۆ ئەوە بتوانێت وەك کائینێکی کۆمەلایەتی درێژە بە گەشتەکەی خۆی بدات. لەهــەردوو قۆناغەکـەدا رۆحەکـە غایبـدەکرێت لـە پرەنسیپ و خاڵە جەوهەرییەکانی خۆی و بە پێی بەرنامە و پرەنسیپێکی تر دەکەوێتە جوڵە. بۆ ئەوەی رۆحەکە بتوانێت خۆی بنوێنێتـەوە دەبێـت روو بکاتـەوە پرەنسـیپەکانی خـۆی و لـەوێوە فـەرمان وەربگرێـت، بـەڵام چۆن ئەمە روودەدات. ئـەویش پێویسـتی بـە قۆنـاغێکی تـرە کـە ئـەویش قۆناغی گەڕانەوەیە.

### ٣_ قۆناغی گەڕانەوە:

بۆ ئەوە رۆحەکـە گوزارشـت لـە کـامڵبوونی خـۆی بکـات و بکەوێتـە سـەر رێگەی دەرکەوتن و وەرگرتنی شوناس لە خۆیدا پێویستە بگەرێتـەوە بـۆ

قۆناغی دەرەگەردوونی، ئەمەش خۆ هەروا ئاسان نییە، چونکە هێشتا دەژیت و لەگەڵ جەستە و دەروونی خۆیدا لەمامەڵەکردندایە. بۆیە دەبێت ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوە کە هەموو ئەو پرەنسیپانەی لەبیری چوونەتەوە بەهۆی ئەوەی کە بەناو جەستە و کۆمەڵگادا هەنگاوی نابوو، بە بیر خۆی بهێنێتەوە. دیارە خودی جەستەو کۆمەڵگەش هاوکارن واتە هەموو ئەو شتانەی کە لەو دوو وێزگەیەوە وەریگرتوون یارمەتیدەرن بۆ ناسینەوە و گەڕانەوە بۆ شتە ڕەسەنەکانی ناو خۆی.

ئەمەش بە دوو میکانیزمی جیاواز: یەکەمیان ئەگەر ئەو شتانەی وەریگرتوون هەڵەن، یاخود سێبەرن و هەقیقەتی شتەکان نین. ئەم دژە یارمەتیدەرە بۆ بیرکردنەوە لە دیوەکەی تری شتەکان. ڕێگای دووەمیش ئەوە کە هەقیقەتە و هێشتا هەمووی ئاشکرانەبووە سەرەداوە بۆ گەڕان بە شوێن مانا ڕاستەقینەکاندا. ئەم گەڕانەوەیە دەبێت بە بەرنامە و میتۆد بێت و هەروا بە هەڕەمەکی و لەخۆوە نایەتە ئاراوە. یەکێك لەو ڕێگانەی کە وادەکات جارێکی تر مرۆڤ پەیوەندی ببەستێتەوە بە پرنسیپە ڕەسەنەکانی خۆیەوە (عیشقە) عیشق ئەو ڕێگا خێرایەیە کە دەتوانێت بمانگەێنێتەماڵەوە. کێشەی کورد هەتاکو ئێستا ئەوەبووە نەیتوانیوە خۆی لەجەستەکەی داماڵێت بەتایبەت نوخبەی سیاسی ئێمە نوخبەیەکە بێ عیشق ژیان دەگوزەرێنن. ناتوانن واز لەو کەیف و خۆشی و سەفایە بێنن بۆ ئەوەی لە پێناوی ڕۆحی نەتەوەکەیاندا بژین. هێندە عیشقیان بێت نسبەت بەم ڕۆحە هیچ پلەو شایستەیەکی دونیایی و ماددە نەتوانێت ڕوویان پێوەرگێرێت. هەر کاتێك شتێك خراوەتە بەردەمیان هەر زوو ئەو شتە وایکردووە کێشە بنەڕەتییەکان لەبیربکەن. ئەو کارانەشی بەناوی بەرژەوەندی گشتییەوە ئەنجامیانداوە هەموو تێکەڵ بووە و پاڵفتە نەبووە بۆ ڕۆحەکە. بۆیە ڕۆحەکەش بەردەوام کشاوەتەوە لەوەی

شوناس ببەخشێت بەم کائینە. ئەگەر سەیری مێژووی وڵاتـان بکـەین کـە چۆن لەدایبکبوون لە یـەکێك لـە قۆناغـەکانی ژیـانی سیاسـی ئـەو گەلـەدا کۆمـــەڵێك هـــەبوون کـــە دڵســـۆزانە و عاشـــقانە بـــەرەو رووی رۆحـــی نەتەوەکـەیان بوونەتـەوە و تـەنها و تـەنها ئـەویان لـەخۆیان رازیکـردووە لەوێدا توانیویانە کە وابکەن لەدایکببن.

کێشـــەی کـــورد ئـــەوەبووە وەختێـــك لای کردۆتـــەوە بـــەلای رۆحەکـــەدا ناچـــاربووە یـــاخود لەســـەرەمەرگدا ئـــەم مەیلـــەی نیشـــانداوە. واتـــە لەسەرەمەرگدا تۆبەی کردووە. ئەمەش دەرد ناخوات بەوەی ببێتـە هـۆی وەرگرتنی شوناس. مـن بۆیـە ئامـاژە بەوەدەکـەم کـە عیشـق رێگەیـەکی راستەخۆ و خێرایە، چونکە لە عیشقدا سیستەم دێتەکایەوە. واتە مەرجی پاراستنی رۆحەکە ئەوەیە سیستەمێك هەبێت کە ئـەو پرەنسـیپانە بکاتـە بەرمـەبنای ژیـان و رێکخسـتنی ژیـانی تـاك و خێـزان و کومەڵگـەش. خـۆ ئەگەر ئەم هەستە لەلای هەندێك لە سیاسی  بوونی هەبوبێت، بـەڵام هـەر لەناو دڵ و شیعر و وردە وێردەکانی خۆیدا بووە. نەبۆتە بەرنامەی ژیان و رێکخسـتنی کۆمەڵگـە. بۆیـە ئێمـە وەك کـورد گـەلێکین هێشـتا توانـای ئیـدارەدانی خۆمـان نییـە هێشـتا نـەمانتوانیوە سـەرهەڵبرین و دنیـای دەرەوەی خۆمان ببینین. هێشتا هەموو ئـەو کۆبوونەوانـەی پێیـدەوترێت حیـزب. کۆبوونەوەیـەکن سـەر بـە داخـوازی جەسـتە و سـایکۆلۆژییەتی کـوردن. کۆبوونەوەیـەك نـین رۆحەکـە ئاراسـتەی کـردبن بـۆ ئـەوە ببنـە مامانی لەدایکبوونی گەلەکەمان. لـەم  گەرانەوەیـەدا رۆحەکـە راسـتەوخۆ پەیوەندی دەکاتەوە بەشیوٚنی راستەقینەی خۆیەوە و بـە رێگـەی عیشـق گوزارشت لەگەورەبوونی خۆی دەکات. واتە ئەو کەسەی کە بەم ئەزموونە رۆحییەدا گوزەردەکات تـەنها و تـەنها لەبـەر راوزیبـوونی رۆحەکـە کارێـك دەکات یاخود نایکات. تەنها فەرمان لەوەوە وەردەگرێت.

پێشەوا قازی محەمـەد کاتێك دەکەوێتـە نێـوان ئـەوەی رابکـات و شـاری مهاباد و خەڵکەکەی جێبهێڵێت، یـاخود بـەرەو مـردن هـەنگاو بنێـت و لـە جێگەی ئەو خەڵك و ئەو کەسانە بڕۆن کە ژیانیان دەکەوێتە ترسناکییەوە پێشەوا لەنێوان ئـەم دوو دەنگـەدا کـە یـەکیان سـەر بەجەسـتەکەیەتی و دەیپارێزێت لەمردن ئەوی تریان سەر بەرۆحەکەیەو دەیباتە ناو مردنەوە. ئەوەی دووەم هەڵدەبژێرێت بۆیە پێشەوا هەوێنی قوربانیـدان و شـۆڕش و هەڵسـانەوەیە، بـەڵام راشـکاوانە دەبێـت ئـەوە بڵـێین کـە ئایـا ئەگـەر حکوومەتەکەی قازی بەردەوام بایە دەیتوانی ئەو پرنسیپانە بکاتـە مـاکی ژیـانی کۆمەڵگەکـەی، ئێمـەی کـورد بـەردەوام باسـی سـەربەخۆیی و رزگـاربوون دەکـەین، بـەڵام ئایـا چ بەرنامەیـەکمان پێیـە بـۆ ژیـانی دوای رزگاری، کـە ئەمـە بابـەتێکی زۆر ئاوکێشـەو باسـی زۆری گەرەکـە. بۆیـە لێـرەدا کۆتـایی پێـدەهێنین ئـەوەی ئێمـە لێـرەدا پێشـەکەشمان کـردووە بەشێکی زۆری تیۆرییە و پێویسـتی بـە روونکردنـەوە و شـرۆڤەی تایبـەت هەیە. کە دەکرێت لە دەرفەتی دیکەدا بیخەینەوە ژێر باس و خواس.

# جوگرافیا

## جوگرافیای کوردستان و کاریگەری لەسەر کەسێتی کورد:

کوردستانی گەورە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا سەر بە کیشوەری ئاسایییە و دەکەوێتە باشوری ئەو کیشوەرە و سنوورەکەی لە باکوورەوە لەگەڵ ئازربێجان و ئەرمینیا و تورکیا دایە و لە باشورەوە ئێران و کەنداوی عەرەبی و لە رۆژهەڵاتەوە ئێران و لە رۆژئاواشەوە عێراق و سوریا دەگرێتەوە[1].

نەخشەی کوردستانی گەورەش کۆمەڵێك نیشتمان پەروەرانی کوردساڵی ١٩٤٨ دایانە نەتەوە یەکگرتوەکان[2]، بەڵام کوردێکی زۆریش لە دەرەوەی ئەو نەخشەیە دەژیت لە رووی جیۆپۆلیتیکەوە ناوچەیەکی شاخاویەوە و ئەم شاخانەش هەر لە کۆنەوە دۆستی کوردان بوون و وتراوە کورد جگە لە شاخەکان کەسی دیکەی نیە. تۆپۆگرافیای کوردستان دابەش دەبێتە سەر سێ ناوچەی جیاواز[3]:

١- **ناوچە شاخاوییەکان:** کە نزیکەی ١٢٢ چیا لە کوردستاندا بوونیان هەیە، گرنگترینیان چیای (زاگرۆس)ە کە درێژیەکەی ١٤٠٠کم و رووبەری ئەم زنجیرە چیایە ٣٣٢٠٠٠ چوار گۆشەیە.

٢- **گردەکان:** کە بەشێکی جوگرافیای کوردستان پێك دەهێنێت، کە لە شاخەکان نزمترن و بە کەڵکن بۆ وڵاخداری و شوانکاری و

---

(١) کوردناسی، د. ئیدرس عبدالله، ل: ١٤.

(٢)مارتین ڤان برۆمسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی: کوردۆ، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل: ٣٧.

(٣)د. نەریمان خۆشناو، پ. ی. ناوخۆش، د. ئیدریس عبدالله، کۆردۆلۆجی، چاپخانەی هێڤی، چاپی سیازدەهەم، هەولێر، ٢٠١٤. ل: ٢٨- ٣٠.

گرنگترین گردەکانیش (بایەزید، بەزرنجە، کەرکووك، باشیلەر، کواندە)ە.

٣- **دەشتەکان:** دەشتەکانی کوردستان پان و بەرینن ١٥٪ی خاکی کوردستان پێکدەهێنن و مەڵبەندێکی زۆر لە بارن بۆ کشتوکاڵ و شوانکاری و گرنگترین دەشتەکانیش: (حەویجە، رانیە، شەنگار، سلێمانی، سندی، شارەزوور، قەراج و کەندێناوە، هەولێر، شوری مەریوان، ماردین، ئورفە... تاد).

بەشەکانی کوردستان:

١) کوردستانی باکوور:

٢) کوردستانی باشوور:

٣) کوردستانی رۆژئاوا:

٤) کوردستانی رۆژهەڵات:

ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە سەرەرای سروشتی جوگرافیای کوردستان و لە باری ئاو و هەواکەی کە هەر چوار وەرزی ساڵی تێدا خۆیان نمایشدەکەن، ئەوەیە جوگرافیای وەك زەمینە و کەش و هەواو هەڵبژاردنی جۆری ژیان و چۆنیەتی ژیان دەخاتە بەردەم مرۆڤ، ئەوانەی لە سەر دەریاکان دەژین ناچارن بژێویی ژیانیان لە دەریادا دەربهێنن و مامەڵە لەگەڵ رۆحی فراوانی دەریا بکەن و بەردەوام بیر لەوە بکەنەوە لەوبەری دەریا چ باسە.

بۆیە باسکردنی جوگرافیای کوردستان و بە تەنها ناساندنی هیچ زیادەیەك ناخاتە سەر مەعریفەی مرۆڤ دەبێت ئەو پەیوەندیە رۆحی و سروشتیە بدۆزینەوە و پاشانیش چۆن رەنگدەداتەوە لەناو کەلتورو بیروباوەڕدا، بەوەی لە پێشدا زۆر بە کورتی باسی جوگرافیامان کرد و

زۆربەی کوردناسەکان باسیان کردووە، کورد بۆ سەرچاوەی ئابوری و ژیانی پشتی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری[1] بەستووە.

## ١- ئاژەڵداری:

هەرچی ناوچە شاخاویەکان و گردەکانە کوردیان ناچار کردوە کە خەریکی ئاژەڵداری بێت و لەگەڵ بوونی پارچە زەوییەکی تریش خەریکی کشتوکاڵ بێت، بۆیە بەڕێوەچوونی ژیانی ڕۆژانەی، لەو کۆمەڵگایانەی زیاتر خەریکی ئاژەڵدارین سیستەمی خێزانی، سیستەمێکی باوك سالاریە بە جۆرێك باوك لە خێزاندا لەگەڵ ئەوەی خاوەنی ئاژەڵەکانە بە هەمان شێوەش خاوەنی ژن و منداڵەکانیەتی. واتە ژنەکە تەواوکەری ئەو ئاژەڵدارییە کە ناچارە لەگەڵ کاری ڕۆژانەی خۆی کاری ئاژەڵداری وەك (شیر دۆشین و خاوێنکردنەوە... تاد) ئەنجام بدات، منداڵەکانیش شوانێتی و پاراستن و پارێزگاریکردن ئەو ئاژەڵانە دەگرنە ئەستۆ، بە جۆرێك ئەم کارە ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، هەتا باوك لە بوونێکی واقیعی دەبێتە هێزیکی مەعنەوی گەورە بۆ ئاڕاستەکردنی بیروباوەڕی نەوەکان و ژنەکانیش، دەبێت بە هێز بێت و منالێکی زۆر بخاتەوە هەتا بتوانرێت ئیدارەی ئەو جۆرە ژیانە بدات، لەم سیستەمی باوك سالارییدا ژنی کورد بزرە، واتە دوورە لە چالاکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و... تاد منداڵەکانیش بە هەمان شێوە دورن لە چالاکی کۆمەڵایەتی و خوێندەواری و شارنشینی.

---

(١) سیسیل جۆنئیدمۆنس، کورد تورك عەرەب، و: حامیدگەوهەری، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.، ل: ٤١.

لەگـەڵ گـەورەبوونی کـوڕ یـا کـچ لـەم جـۆرە کۆمەڵگایـەدا و کاتێـك دەچنە ناو هەوسـەرگیریەوە دەبێـت بـە هـەمان ریـتم و سیسـتەم ژیـانی خۆیان دابڕێژنەوە بەردەوامی ئەم جۆرە ژیانەش پەیوەندی هەیە بەبوونی لەوەڕگای تایبەت و ژمارەی ئاژەڵەکان، بـە تێکچـوونی ئـەم دوو بنەمایـە سیسـتەمی بـاوك سـالاریش تێکدەچـێت، بـۆ نموونـە لـە گواسـتنەوەی کۆمەڵگایەکی شوانکاریی بۆ کۆمەڵگایـەکی شارنشـینی و پیشەسـازی، ژن ناچارە بێتە پێشتەوە و خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەو سیستەمە ئابوریەی ژیـان قورسـتر دەکـات، قورسـی ژیـان ژن دێتـە سـەر شـانۆی ژیـان و دەسەڵاتی باوك برا مێرد، لەسەری کەمدەبێتەوە و کەسایەتیەکی ئـابوری سـەربەخۆی دەبێـت، بـەڵام ڕەنگڕێـژ بـەو هـەموو کێشـانەی ئـەو جیهانـە تازەیـە، ڕووبـەڕووی دەکاتـەوە. لـە کۆمـەڵگای شـوانکارییدا بەرهەمـە حەیوانیەکان دەبنە خـۆراکی سـەرەکی ئـەو کۆمەڵگایـە و جەسـتەی ئـەو گەلە بە پێی ئەو سیستەمە خۆراکیە خـۆی ڕێکـدەخات و دوور دەکەوێتـە لـە کۆمـەڵێك نەخۆشـی و کۆمـەڵێك نەخۆشـیش وەك بـۆ مـاوەیی خـۆی دادەکوتێت. هەروەها کاتێك ئەم جۆرە ژیانە دێتە نـاو جیهـانی گـۆرانی و مۆسیقا و ئەدەبەوە. جۆرە گۆرانییـەکی لـێ بەرهـەم دێـت کـە برگـەکانی دورمەودان، چونکە لەناو دۆڵەکانـدا دەوترێـت و ئاوێتـەن بـەو سروشـتە و وشەکانیش واتە شیعرەکەی باسی مەڕ دۆشین و گـۆزە و ژوانـی نـاو رانـە مەڕ و... تاد، هەروەها لە رووی بەرگـەوە ژنـانیش ناچـارن هـەمان جـل و بەرگی پیاوان لەبەر بکەن، چونکە بەردەوام لەناو ئاژەڵەکاندا واتـە ژیـانی ژن پڕە لە دوو وێنە، وێنەی دایك و وێنەی پیاوێکی ئازا لـە جـل و بـەرگی پیاوانەدا. لەگەڵ دەیان رەنگدانەوەی دیکە کە هەموو لایـەکی ژیـانی ئـەو گەلە دەگرێتەوە و کاردەکاتە سـەر (جەسـتە، دەروون، عـەقڵ، رۆحـی)ی ئەو تاکانەوە و رەنگڕێژی دەکەن.

## ٢- كشتوكاڵ:

هەرچــی دەشــتەکانی کوردســتانە، مەڵبەنــدێکی زۆر لــە بــارن بــۆ کشتوکاڵکردن بە تایبەتی گـەنم و جـۆ و تـوتن و لۆکـە ئـەو بەربوومانـەی رۆژانە وەك خۆراك بەکاردەهێنرێت، کۆمەڵگای کشتوکاڵی لەبەر ئەوەی لە دەشتەکاندا ئەنجامدەدرێت سنورێکی بـەرفراوانی هەیـە و ئـەم سـنورەش ژمارەی دانیشتوان تێـدا زۆرتـرن وەك لـە شـاخەکان. بۆیـە پێویسـتی بـە رێکخستن هەیە و واقعەکـە داوای سیسـتەم و پلانـدەکات، بـە پێچـەوانەی کۆمەڵگای شوانکاریی کە لە شاخ و گردەکاندا بوونیان هەیە، زیاتر لە یەك دابڕاون و هەر هۆز و خێڵێك خۆیان حوکمی خۆیـان دەکـەن و عەقڵیـەتی عەشایەری و باوکسالاری تێدا بـاڵا دەسـتە، بـەڵام کۆمـەڵگای کشـتوکاڵی لەبەر زۆری رووبەروو و زۆری ژمارەی دانیشتوان پێویستی بـە رێکخسـتنە بۆیە لە مێژووشدا شارستانیەت لـە دەشـتەکانی میسـر و میزوپۆتامیـاوە دەرکەوتوون و کە ئاو و خاکیان هەبووە و خەریکی کشتوکاڵ بوون.

لـەم جـۆرە ژیانـەدا کێبڕکـێ دەسـت پێـدەکات و ئـەویش کێبڕکێـی خاوەنـدارێتی زەوی، کــێ خــاوەن زەوییــە و کــێش کرێگرتەیــە، واتــە کۆمەڵگای کشتوکاڵی کۆمەڵگایەکی دەربەگایەتیە، ئاغا و بـەگ و جوتیـار و پاڵەوە وەك چینەکانی کۆمـەڵگا دروسـت دەبـن، کـە ئێسـتاش کێشـەی زەوی و زار بوونی ماوە کە مێژووییەکی دەگەڕێتـەوە بـۆ شۆڕشـی سـاڵی ١٩٥٨ کاتێـك حکوومــەتی عێــراق لــە کوردســتانی عێراقــدا زەویــەکانی تـاپۆکرد لەسـەر جوتیارەکـان و لـە ئاغاکـانی سـتاندەوە. ئاغـا بـە هـۆی خاوەنداریتــەوە، هــیچ کارێــك ئــەنجامنادات و لــە هــەموانیش خۆشــتر دەژیــت، بــە پێچــەوانەی جوتیــارەوە زۆرتــر رەنــج دەدەن و خــراپترین ژیـانیش دەژیـن، کۆمـەڵگای کـوردی هـەتا دروسـتبوونی حکوومـەت لـە ناوچــەکانیدا دابەشــبووە بــە ســەر ئــەم دوو جــۆرە چــینەدا. لەگــەڵ

بازرگـانیکردن کـە ئـەویش هـەر پشـتی بەسـتبوو بـە بەرهـەمی ئـاژەڵی و کشتوکاڵی لەگەڵ دراوسێەکانی خۆیدا. لە پـاڵ ئەمەشـدا کۆمـەڵێك خـەڵك پەیـدابوون، کـە دەسـترەنگین و پیشـەوەر بـوون و ئـەو کەرەسـتانەیان دروسـتکرد کـە لـە ژیـانی شـوانێتی و کشـتوکاڵیدا رۆژانـە بـەکارهاتوون، دەتوانین ئەو دوو جۆرە ژیانـە شـوانکاریی و کشـتوکاڵی بـە سەرچـاوەی رەسـەنێتی کوردبـوون لـە رووی زمـان و بەرهـەمی خۆمـاڵی وکـەلتوری فەرهەنگ دابنێین.

واتە بنەمایەك هەیـە لـەوێوە دەسـتیپێکردوە، هـەتاکو دامەزرانـدنی ئیـدارە و پاڵاوگـەی نـەوتی کـەرکوك، بەشـێك لـە کوردەکـان بونەتـە فەرمانبەری میری، یاخود بە هۆی سەربازییەوە سەرچـاوەی تـری بـژێوی پەیدابوون لە کوردستاندا، واتە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیـەکی بەرهـەم هێنن و خۆژین و بووە و پشتی بە سەرچـاوەی مرۆیـی و سروشـتی خـۆی بەستووە، کە ئەمە پاڵپشـت بـووە بـۆ ئـەوەی بزووتنـەوەی سیاسـیی لـە کوردسـتاندا کوژانـەوەی بـە خـۆوە نـەدیوە. واتـە نـەتوانراوە لـە رووی ئابووریەوە فشاری بخرێتە سەر، چونکە کوردستان لە درەوەی نەخشـەی ئابوری جیهان بووە.

## ٣ـ کۆمەڵگەی پیشەسازی و تەکنەلۆژی:

ئەگـەر بمانـەوێت شـوێنی کـورد دیاریبکـەین لـەناو کۆمەڵگـەی پیشەسازی و تەکنەلۆژیدا ئەوا دەبێت زۆر راشکاوانە بلێین کە کـورد هـیچ جێیەکی نییـە ئەوەشـی کـە وادەکـات باسـی بکـەین لـەم چوارچێوەیەدا ئەوەیە کـە وەك بـەرکاریك بـوونی هەیـە. واتـە بەکارهێنـەرێکی خیرایـە و نـەیتوانییوە وەك بەرهـەمهێنێك لـە کایەکـەدا بـوونی هـەبێت. ولاتـانی پێشکەوتوو کاتێك هاتنە نێو ئـەم جـۆرە لەکۆمەڵگایـەوە نەچـوون واز لـە کشتوکاڵی یان ئاژەڵداری بهێنن بە بە پێچەوانەوە هاتن پێشـکەوتنی ئـەم

دووبوارەیان بردە ناو ئاژەڵداری و کشتوکاڵەوە و ئامێریان کردە بەشێك لەکردەی بەرهەمهێنان. بەهۆی زۆری بەرهەم و خێرای لە بەرهەمهێناندا توانیویانە دەستبگرن بەسەر جووڵەی بازار و لەوێشەوە وەك سەردارێك دەتوانن دەستکاری سنوور و خەونی گەلەکان بکەن. کورد هەر لەدوورەوە بێ بەرنامەو پێشەکی وەك بەکاربەرێکی ناشارەزا خۆی هاویشتۆتە نیو ئەم جۆرە لە کۆمەڵگایەوە و وازیشیهێناوە لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری. هەتا کار گەیشتۆتە ئەو بارە خراپەی ئەمرۆ پێوەی دەناڵێن. هیچ نوخبە و ئاسۆیەکیش بە دیناکەین کە دەرگایەکی تازە بکاتەوە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و بتوانێت گۆرانێك لە ژیانی ئەم گەلەدا دروسبکات. هەتا ئێستا خەریکی دروستکردنی رەمز و کەسایەتی ناواقعین. ئێمە پێویستمان بە سەرکردەی واقعی و ئیداری و پسپۆر هەیە نەك حیزبی و جەماوەری. ئەمەش پەیوەندی هەیە بە رادەی تێگەیشتنی کۆمەڵگا دەبێت کۆمەڵگە وەك دەنگدەر رووبەرووی سیاسەت بێتەوە نەك وەك کادر و ئەندام. چونکە کادر شوینکەوتەیەکی کوێرە و ناپرسێت لە رەوایەتی و بەرنامەی حزبەکەی، بەڵام دەنگدەر خاوەن وەعییە و سەیری بەرنامە و کاری ئەو حیزبە دەکات. واتە بەپێی لۆژیکی خزمەت بڕیار دەدات نەك بە پێی پاڵنەرێکی سۆزداری و ئایدۆلۆژی و مێژوویی.

## ٤ـ کۆمەڵگەی زانیاری:

کۆمەڵگەی کوردی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەیتوانیوە سوود لەو جیهانە ئەلکترۆنییە وەربگرێت و ژیانی رۆژانەی خۆی پێ ئاسان بکات و ئەرك و ماندووبوونی خۆی کەمبکاتەوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتەی کە بە درێژایی ئەم چەند ساڵە نەیتوانییوە بوونی خۆی بسەلمێنێت لە نیو ئەم کۆمەڵگە ئەلکترۆنییەدا. لێرەشدا هەر وەك

بەکارهێنێکی مایە پوچ بوونی هەیە کە تـەنها پـارەی تێـدا دادەنێـت نـەك پارە و داهاتی پێ رابکێشێت.

## تایبەتکارەکانی کوردبوون:

بەرێز (د. جمال نەبەز)[1] زۆرشارەزایانە دەرگایـەکی نـۆی دەکاتـەوە لە سەر کوردناسی کە پێش ئەو زۆر بە کەمی تـام و بـۆی ئـەم جـۆرە لـە کوردناسـی بەرچـاو ناکـەوێت. لـەناو توێـژەران و مێژوونووسـانی کـوردا، جـەمال نەبـەز سـەرەتا دێـت باسـی ئـەو خاڵانـە دەکـات کـە کـورد پێـی دەناسرێتەوە وەك (زمان، خاك، ئایین، کـەلتور) ئەمانـە بـە ناسـەرەوەی کورد پێناسە دەکات و پاشان باسی ئەو کێشەیەش دەکات کە ئەم جۆرە ناسینە هەستەکی و جەستەییە تـەواو سـاغ نابێتـەوە و پـڕە لـە کێشـە و ناتوانین کورد لەسەر ئەو بنەمایانە سـاغ بکەینـەوە، چـونکە هـەموو ئـەم تایبەتکارانە بەشێکیان بەردەوام دەگۆڕێـت و لەگـەڵ تێپـەڕبوونی کـات و زەمەنی جیاواز گۆڕانیان بەسەردایێت، بەڵام رۆح بەوە پارێزگاری لە خـۆی دەکـات کـە نـەگوڕێت ئـەمش کێشـەکە دەنێتـەوە گـرنگترین ئـەو تایبەتکارانەش ئەمانەن:

## ١- زمان:

بۆ ئەوەی کوردێك لەنا کوردێك جیابکەینەوە، یەکـەمین تایبـەتکار و جیاکەرەوە کە حازر بە دەستە ئەوەیە بڵێت، کورد ئەو میللەتـەن کـە بـە زمانی کوردی دەئـاخفن و نـاکوردیش ئـەو ئـەو کەسـەیە کـە بـە غـەیری زمانی کوردی دەئـاخفێ، ئـەم بنەمایـە تاڕادەیـەك تـەواوە، بـەڵام کاتێـك

١ _ بڕوانە: جەمال نەبەز، ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد، کۆبەرهەم ژمارە چوار، بڵاوکراوەی کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٧

پرسیاری ئەوە بکەیت (زمان) بۆچی بەکاردێت، یاخود ئایا زمان هۆیەك نیە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە رێگەیەوە شاهیدی لە سەر خۆی بدات؟ بە دڵنیاییەوە زمان ئەو ئامرازەیە کە دەتوانێ بیروباوەڕی مرۆڤ بۆ ئێمە ئاشکرا بکات، یاخود دەتوانین بڵێین زمان پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ (ئایدیا — رۆح)ی کوردا و هەموو هەوڵێکی زمان وەك بوونێکی فیزیکی و واقعی هەوڵە بۆ ئاشکراکردنی ئایدیای کورد، وەك بوونێکی میتافیزیکی و ناواقعی، کاتێك ئەم پرسیارە دێتە بەر دەممان، ئەو بنەمایەی سەرەوە کە دەیگووت ئەوەی بە کوردی قسان بکات کوردە ئەوەش بە کوردی نە ئاخفێ کورد نیە، تووشی کێشە دەبێتەوە، چونکە کورد بە هەڵگری رۆحەکەی کوردە نەك زمانەکەی، یاخود چی دەکەیت لە کوردێك کە زمانی کوردی نازانێت، وەك سەلیم بەرەکات کە کوردی سوریایە و کوردی نازانێت و بە عەرەبی رۆمان و نووسینەکانی بڵاودەکاتەوە، بەڵام کاتێك سەیری فەزا و بیروباوەڕی ئەم پیاوە دەکەیت گوزارشت لە ئایدیای کوردبوون دەکات نەك عەرەب. بە پێچەوانەوە چی لە نا کوردێك بکەین کوردییەکی باش دەزانێت و زمانی خۆی لە بیر کردووە، بەڵام هزر و روانینی گوزارشتە لە ئایدیای نەتەوەکەی خۆی. ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە زمان وەك بوویەکی سروشتی بەردەوام دەگۆڕێت واتە زمانی کوردی ئێستا لەگەڵ زمانی ماددەکان و ئاریەکان و سەدەکانی ناوەڕاست یەکە؟ بێگومان نەخێر! گۆڕاوە بەردەوامیش دەگۆڕێت کە ئەمە شتێکی سروشتیە چونکە مناڵ لە باوکی ناچێت و ئەم گۆڕانەشی شتێکی سروشتییە واتە جیاوازیەکە لە ئایدیای منداڵەکەدایە و بە جیاوازی ئایدیایەکەی جیاوازە لە باوکی و منداڵی ئەویش لە ئەو ناچێ. زمانیش باوکێکە بەردەوام وەچەی جیاواز دەخاتەوە، چونکە مرۆڤی جیاوازیش لە دایك دەبێت بە لە دایك بوونی مرۆڤی جیاوازیش جیهانی

تازه و نەبینراو دێتە ئاراوە، بۆیە وشەی نوێ و رستەی نوێ و ئیدیومی نوێش لە دایك دەبێت، بە تێپەڕبوونی سەردەم و کاتێکی زۆر زمانێك دێتە ئاراوە کە تەواو خۆی جیاواز دەکاتەوە لە زمانە رەسەنەکە، بەڵام ئەوەی لە زمانەکە ناگۆڕێت ئایدیاکەیە کە بەرگری لە نەگۆڕانی خۆی دەکات، سروشتی زمانەکە و کۆمەڵێك توانای زمانەکەیە لەگەڵ سیستەمی زمانەکە وەك لایەنی سینتاکسی (رستەسازی) زمانەکە کە ناگۆڕێت جا بۆ زمانی کوردیش کە خۆی لە کۆمەڵە زارێکی جیاوازدا دەبێتەوە وەك (هەورامی، سۆرانی، بادینی، زازایی و... تاد) گەر ئایدیای کورد بوونی لێ بکەیتەوە ئەوا دەبێت بڵێین ئەوانە هەر یەکەیان زمانی جیاوازن و نەتەوەی جیاوازن، بەڵام ئایدیاکە (رۆحی کورد) هەموویان لە ژێر چەتری خۆی کۆدەکاتەوە و ناو دەبرێن بە زمانی کوردی یاخود زارەکانی زمانی کورد.

## ٢- خاك:

خاك، یاخود نیشتمان یەکێکە لە پێکهاتەکانی نەتەوە، خاکی کوردستانیش بە پێی ئەو نەخشەیەی کە نەخشەی کوردستانی گەورەیە بە کوردستان ناوبراوە. ئەگەر چی لەسەر ئەو سنوورە مشت و مڕێکی زۆر لە ئارادایە لێکۆلەران رای جیاوازیان هەیە ئەوانیش سێ گرووپن. یەکەم خەڵکی بێگانەن وەك (ئیدمۆنر، خالفین، لازاریف، کریس، کۆچێرا، تۆمابوا، پافیچ هەژیر) گروپی دووەم بیرورای ئەو نووسەرانەن کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لەوانە: (فایەق سامەرائی، د. شاکر خەسباك، ئەمین غەمراوی، ئەولیا چەلەبی، شەمجی هەمەدانی)، گرووپی سێیەم: کوردەکان خۆیانن، وەك: (شەرەفخانی بەدلیسی، محەمەد عەلی عەونی، شێخ محەمەدی خاڵ، محەمەد ئەمین زەکی، ئەمین عالی بەدرخان، کەریم زەند، مستەفا شێخ نیعمەتولا، قاسملۆ، جەلال تاڵەبانی،

عەبدوڵڵا غەفور)، زۆر زەحمەت خاك یاخود نیشتیمان بکەینە بنەما بۆ کورد بوون. بەو مانایەی ئەمەی لەو خاکەدا لەدایك بێت بە کورد حسابی بکەین، هەروەك لە یاسای رەگەزنامەکاندا ئەم خاڵە دەکەنە بنەمای بەخشینی رەگەزنامە، بەڵام کاتێك لە رووی فکری و مەعریفیەوە لێی دەڕوانین مەسەلەکە ئاوا نیە، لەگەڵ کۆچی بەشێکی زۆری کورد بۆ تاراوگە و هاتنی خەڵکانێکی بیانی بۆ کوردستان ئەم هاوکێشەیە نەیتوانیوە راست و دروستی خۆی بپارێزێت، چونکە ئەو منالانەش لە دایك بووی تاراوگەن و دایك و باوکیان کوردە، هەر خۆیان بە کورد حسابدەکەن واتە چەمکی (نیشتمان) خۆی جیا دەکاتەوە لەگەڵ چەمکی (خاك) هەرچی خاك بوونێکی جوگرافی و واقیعیە، بەڵام نیشتیمان وێناکردنی ئەو خاکەیە لە زەیندا. بە مانای ئەوەی ئەو کەسە ئەو خاکە بە نیشتیمانی خۆی دەزانێت واتە هەر لە واقیعدا لەناویدا ناژیت، بەڵکو لە زەین و لە خەیاڵیشدا بە نیشتمانی خۆی دەزانێت، واتە نیشتمان شوێنێکی رۆحی یە و کەسەکە لە ئەنجامی خۆشویستنی خاکەوە، خاك لە شوێنێکی جوگرافیەوە دەگۆڕێت بۆ شوێنێکی مەعنەوی و خۆش و یستراو وێناکراو، کە مرۆڤەکان ئینتمایان بۆ دروست دەبێت، بەم مانایە مەرج نیە ئەوەی لە خاکی کوردستاندا دەژیت کوردستان بە نیشتمانی خۆی بزانێت جا کورد، یاخود عەرەب بێت، چونکە کوردێك کە لە دایکبووی ئەورپپاشە بەلام کوردستان بە نیشتمانی خۆی دەزانێت. چونکە ئەوە لە خەیاڵیدا دەژیت بە شوێنی رۆحی خۆی دەزانێت کوردستانە نەك ئەوروپا بە پێچەوانەشەوە لەوانەیە کوردێك هەبێت لە کوردستانیشدا لە دایك بووبێت و بە هۆی کۆچەوە دەچێتە تاراوگە و بەهەر هۆیەك بێت ئەوروپا بە نیشتمانی خۆی دەزانێت نەك کوردستان. واتە چەمك و مانای نیشتمان پەیوەندی بە باری دەروونی و

خۆشگوزەرانی ئەو کەسەوە هەیە، کە ئەمە وا دەکات مانای نیشتمان بگۆڕێت. گەر سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکەین بەشێکی زۆری میللەتان کاتێك کۆچیانکردووە بۆ شوێنی جیاواز ئەو شوێنە تازە بۆتە نیشتمانیان وەك گەلی ئەمریکا کە تێکەڵە لە زۆربەی گەلانی جیاجیای جیهان وەك (ئەفریقی، هیندی، چینی... تاد) هەمووشیان ئەمریکا بە نیشتمانی خۆیان دەزانن و سەروەی و دەستوری ئەمریکا وەك شتێکی پیرۆز لە ناو دەروونیاندا دەژیت و بیر لە خاکی راستەقینەی خۆیان ناکەنەوە، بەم مانایە بەستنەوەی کوردبوون بە خاکەوە لەجێگەی خۆیدا نیە و ناتوانین وەك بنەمایەکی نەگۆڕ مامەڵەی لەگەڵ بکەین، بەڵام لە سیاسەتی ئەمڕۆدا بوونی خاك بۆ هەر نەتەوەیەك مەرجە بۆ بەدەوڵەتبوونی ئەو نەتەوەیە، جا کێ ئەو دەوڵەتە، یاخود ئەو خاکە، بە نیشتمانی خۆی دەزانێت یان نا ئەوە کێشەیەکی تاکە کەسییە و تاك سەربەستە لەو بارەیەوە.

## ٣-ئایین:

یەکێك لە دەرکەوتەکانی دیکەی ئاین ئەوەیە کە دەبێتە ناسنامەی نەتەوە، واتە ئاینەکە وك چەترێك هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. بۆ نموونە ئاینی جولەکە لە ئاینەوە گۆڕاوە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و یەك گوتاری و یەك ئامانج و یەك هەستی کۆمەڵایەتی و دەروونی و رۆحیشی خولقاندووە، مەسیحیەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تاڕادەیەك توانی ئاینی مەسیحی بگۆڕێت بۆ ناسنامەیەکی نەتەوەیی و جیاوزییە کلتووری و شارستانیەکانی کۆکردبووە، بەڵام لە دوای شۆڕشی رێنیسانسەوە ئەم هەستە ئایینی نەتەوەیە هەرەسی هێناو هەستی ناسیۆنالیزمی جێگەی گرتەوە، دەوڵەتی عوسمانی توانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەم هەستە ئایینیە

بگۆڕێت بۆ هەستی یەك نەتەوەیی (الامە) و هەموو جیاوازییەکانی لە خۆییدا شاردبۆوە. بەشێکی زۆری عەرەبە شۆفینیەکان دەیانەوێت بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە ئومەی عەرەبی فراوان بکەن و بپارێزن، فەلەستینیش وەك برینێکی سایکۆلۆژی بەکاردەبەن لەم کایەیەدا، ئەم دەوڵەتە عەرەبیە دەیەوێت هاوسەنگی بپارێزێت لەنێوان ئەتنیکە جیاوازەکان و عەشایەر و هۆزەکاندا بە هۆی ئاینی ئیسلامەوە[1].

بۆ کورد چۆن ئاینێکی دیاری وەهای نەبووە ئەم چانسەشی نەبووە کە ئایین بکاتە ناسنامەی نەتەوەکەی. دیاردەی فرە ئایینی کورد بەرچاوە وەك (ئیسلام، مەسیحی، کاکەیی، ئێزیدی، هەقە، عەلەوی، زەردەشتی و سائیبە..... تاد) ناکرێت ئایین بکرێتە بنەمای ناسنامەی نەتەوەکەمان، چونکە بە درێژایی مێژوو ئایینەکان گۆڕاون تاکو هاتۆتە سەر ئیسلام هەروەها فرە ئایینی رێگرە و پاشانیش عەرەبەکان خۆیان بە نزیکتر دەزانی لە کورد بۆ ئایینی ئیسلام، بەڵام ئێمە دەتوانین خاڵی لێکچوون بدۆزینەوە لە نێوان هەموو ئایینەکانی کوردا، کە ئەویش کوردبوونە واتە رۆحی کورد، یەك روحە بەڵام کایەی دەرکەوتنی لەزەمینەی دینیدا جیاوازە، دڵنیام موسڵمانی بوون و مەسیحبوونی کوردێك جیاوازە لە موسڵمانێتی عەرەبێك و مەسیحێتی ئیتاڵیەك، چونکە روحەکە ناگۆڕێ، بەڵام رێگاکانی گەیشتنی بەخودا گۆڕاوە ئەگەر نا یەك ئایدیا و یەك رۆحە. کاك ئەحمەدی شێخ کە رابەری رۆحی بەشێکی زۆری موسڵمانان بووە لە سلێمانی، کاتێك مامەڵەی لەگەڵ جوولەکە و مەسیحیەکانی سلێمانیدا کردووە، وەك گاور و دین جیاواز مامەڵەی

---

(١) عبد الله العروي، مفهوم الدولة، طبعة التاسعة، مركز ثقافي عربي، الدار البيضاء، المغرب، ٢٠١١، ص: ١٢٣.

نـەكردوە، بـەڵكو وەك بـرا و خۆشەویسـت مامەڵـەی كـردووە، تەنانـەت جوولەكـەكان ئەوەنـدەیان خۆشویسـتووە بەشـێكیان نەگەڕانـەوە بـۆ ئیسـرائیل و لای ئـەو ماونەتـەوە. هـەروەها (ماردنخـە)ی مەسـیحی كـە رابەری رۆحی مەسیحیە ئاشورییەكانی هەموو جیهانە و بۆ خـۆی خـەڵكی حەریر و باتاسە، ئێستا لە ئەمریكا نیشتەجێیە، كاتێك بەسەردان دێتـەوە هەریر و باتاس هەموو خەڵكی هەریر و باتاس وەك رابەرێكی روحی ئـاینی مامەڵەی لەگەڵ دەكەن و پێشوازی دەكەن كە موسڵمانیشن.

لەسەر ئاستی سیاسیش شۆڕشگێرانی كورد جیاوازیـان بـە مەسـحی بوون و یەزیدی بوون و موسڵمانی بوونی هیچ كەسێك نـەكردووە و هـەموو وەك رێزیان لێگیراوە، تەنانەت لە مێـژووی كـوردا دیاردەیـەك نادۆزینـەوە كە موسڵمانە كوردەكان بە ویستی خۆیان شەڕیان كردبـێ لەگـەڵ كـوردە مەسیحیەكان، یان ئێزیدیەكان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بـۆ جیـاوازی رۆحـی كورد لە ئاینداریدا كە بەو شێوازە ئاینداری ئەنجام دەدات.

## ٤. كەلتوور:

ئەگەر كەلتووریش بكەینە سەنگی مەحەك بۆ ناسینی كورد، دووبارە تووشی هەمان كێشـە دەبینـەوە كێشـەی فـرە كـەلتووری كـورد كـە هـەر ناوچەیە، یاخود هەر جۆرە خێڵێك خاوەن كەلتووری جودان و دەبێـت بـە نەتەوەی جیا بیانناسین، بۆیە ئەم بنەمایەش نـاتوانێ وەڵامـی پرسـیاری ئێمە بداتەوە، بەڵام لەگەڵ جیاوازی و فرە كەلتووری كـورد دەتـوانین لـە دوو رووەوە خـاڵی هاوبـەش بدۆزینـەوە لـە نێـوان ئەتنیكـە جیاوازەكـانی كۆمەڵگەی كوردەواری ئەویش ئەوەیە هـەموو ئـەو كەلتوورانـە كـوردین و لەیەك رۆحەوە دەرچوون بۆیـە زۆر خـاڵی لێكچـوونیان هەیـە، دووەم: بـە هـۆی لێكچـوونی ژیـانی كۆمەڵگـەی كـوردی كـە لـە سـەرەتاكانیدا

کۆمەڵگەیەکی شوانکارەیی و کشتوکاڵی بووە زۆر لە ئاکار و خورەوشت و ڕەوشی ژیان لێکچوون هەیە، وەك میوان دۆستی و چاوتێری و بێگانـە بـە گەورە زانـین و دڵسـاف و سـۆزداریی و... تـاد) زۆر لـە ئاکـاری دیکـە کـە کوردناسەکان هەندێکیان تۆمار کردووە.

## ٥.رەچەڵەک:

ئەبو موعینی نەسەفی لە پەرتووکی (مجد الكلام) کورد بەنەوەی ژنی حــەزرەتی سـولەیمان دەزانێـت کـە ئـەویش دایکـی (جنۆکەیـە) بۆیـە کوردەکان نیوەیان لە جنۆکەیە. شەرەفخان لە شـەرەفنامەدا دەنووسـێ: هەندێ وا دەگێڕنەوە کە تیرەی کورد لە ژن و ژنخوازی لەگـەڵ دێوەکانـدا هاتونەتە دنیاوە، مەسعودیش کورد بە نەوەی جنۆکە دەزانێت[1].

لە ڕاستیدا بۆ گەڕان لە ڕەچەڵەکی کورد لە مێـژوودا تووشـی دەیـان بیروباوەڕی جیا جیا دەبینەوە. بەجۆرێك هەنـدێك کوردەکـان بـە تـورك و بە عەرەب و فـارس دەزانـن و کـورد وەك نەتەوەیـەکی سـەربەخۆ نیشـان نادەن و دەیکەنە پاشکۆ.

بەڵام بەڵگەی زانسـتی لەسـەر ئـەوە سـاغ بۆتـەوە کـە گوایـە کـورد لەتۆرەمـەی عەشـیرەتەکانی زاگرۆسـە (گـۆتی، لولـوبی... تـاد) لەگـەڵ عەشـــیرەتەکانی هینـــد و ئـــەوروپایی لـــە هـــەزارەی دووەمـــی پ. ز تێکەڵاوبوون، تەنانەت جیاوازی بیروڕا لەسەر ریشـەی وشـەی (کـورد)یش هەیە، هەندێ دەیبەنەوە سـەر وشـەکە خـۆی وەك گەزنـە فـۆن، هەنـدێك

---

(١) شوکر مستەفا، سەرچاوەکانی بیروباوەڕی کوردەواری، چاپی یەکـەم، چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری رامان، هەولێر، ٢٠٠٦، ل: ١٣٧.

دەیبەنــەوە ســەر کۆرتیــەکان، هەنــدێك کــورد بــە نــەوەی میدییــەکان دەزانن[1].

مەسەلەی رەچەلەکیش چۆن ساغ نابێتەوە ناتوانێ ببێتە ئـەو خاڵـە هاوبـەش و جەوهـەرەی کەهـەموو ئەوانـەی خۆیـان بـە کـورد دەزانـن لـە دەوری یەك کۆبکاتەوە. بگرە دۆزینەوەی ئەو خاڵە هێندە سەختە کە بـە درێـژایی سـەد سـاڵە سیاسـیەکانی کوردسـتان نـەیانتوانیوە گوزارشـتی لێبکـەن لـە پێنـاوی یـەکرێزی و مانـەوە و نەشـتوانراوە دروسـت بکرێـت. بەهەر حاڵ رەچەڵەکیش ناتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە (کورد) کێیە؟ هەروەك جەمال نەبەز، زۆر بە وردی باسی ئەم کێشەیە دەکات لـە ناسینی کوردا، بۆیە تاکە شتێك کە ئاماژەی بۆ دەکات لەناو رۆحی هـەمو کوردێکا بوونی هەیە ئەویش (هەستی وەك یەکی کوردبـوون)ە کـە پێمـان باشە باسی بکەین.

## ٦.هەستی وەک یەکی کوردبوون:

ئەم تایبەتکارە لەسەر ئەو کوردانە جێ بەجێ دەبن، کە خۆیـان بـە کورد دەزانـن و ئامادەشـن لـەو پێنـاوەدا قوربـانی بـدەن، واتـە کێشـەکە پەیوەندی بە وەعییەوە هەیە. بەجۆرێك ئەگەر هاتوو کردارێك دژی کـورد ئەنجام بدرێت ئەم گرووپە زۆر بە توندی وەڵامیـان دەبێـت و بـەرگری لـە کـورد بـوونی خۆیـان دەکـەن، بـەڵام گرووپێکـی دیکـە هــەن هــەموو تایبەتکارەکانی دیکـەیان تێدایـە وەك (زمـان، خـاك، ئـایین، رەچـەلەك)،

(١) د. عبـد الـرحمن قـاسملو، کوردسـتان و کـورد، و : عبـد الله حسـن زادە، چـاپی هەشـتەم، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی رۆژهـەڵات، هـەولێر، ٢٠١٤، ل: ٣٧ — ٣٨.

بەلاَم هەستی کوردبوونیان نیـە، بـە جۆرێـك بـۆ بچـووکترین بەرژەوەنـدی خۆیان دژی کـورد دەجولێنــەوە هــەروەك ئــەو کوردانــەی بوونــە(جاش) و پێش سەربازەکانی رژێمی عێراقی دەکـەوتن بـۆ روخانـدنی گونـد و مـاڵی کــوردان، یــاخود ئــەو ســەرۆك هــۆز و عەشــیرەتانەی دژی بزووتنــەوەی رزگاری خوازیی کوردی جووڵاونەتەوە لە تورکیا و لە ئێران و لە سـوریا و لە عێراقدا کە نموونەیان زۆرە لە مێژووی کوردا. ئەم هەستە ناوەکیەیە وا دەکات کوردستانی گەورە دورسـت بێـت، چـونکە هەریـەك لـە کوردەکـان بدوێنیت بە رۆژئاوا و رۆژهەلاّت و باشوور و باکوور و کوردەکـانی یـەریڤان و لوبنــان و ئیســرائیل و... تــاد، هــەموویان خۆیــان بــە کــورد دەزانــن ســەرەرای جیــاوازی زار و خــاك و ئــایین و رەچــەڵەك و... تــاد، واتــە هەموویان هەڵگری یەك هەست و شعورن ئەویش کوردبوونە، ئـەم هەسـتە وەك رۆحێکی گشتی هەموو جیاوازییەکان دەگرێتە خۆی.

## لە غیابی باوکی مەعنەویدا:

هەموو ئەو تایبەتکارانەی لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا بـەرێز دکتـور جــەمال نەبــەز زۆر جــوان شــیکردۆتەوە. ئــەوەی مــن دەمــەوێت لێــرەدا رووبــەرووی ببمــەوە مەســەلەی دروســتبوونی بــاوکێکی مەعنەوییــە، کــە توانــای لــە خــۆگرتنی هــەموو تایبــەتکارەکانی هــەبێت و وەك چــەترێك بتوانێت هەموو جیاوازییەکان بخاتە باری هارمۆنییەتییەکی واوە کـە هـەر بەشە جێگەی خۆی بگرێت. بێ ئەوەی لەسەر حسابی بەشی دیکـە بێـت. چەمکی هەستی وەك یەکی کوردبوون یەکێکە لـە بیرکردنـەوە جوانـەکانی جەمال نەبەز، بەلاّم بەتەنها هەرئەوەندەی کە ئیتر من خۆم بەکورد بـزانم لەگەڵ کوردێکی دیکەی پارچەکانی تری کوردستان ئەمە کاتێك دەتوانێت وەك باوکێکی مەعنەوی خـۆی نمـایش بکـات کـە هـەردووکمان دەکەوینـە بەرامبەر ناکوردێك، بەلام کاتێـك تـەنیا دەبینـەوە ئـەم باوکـە مەعنەوییـە

هێـزی پێکەوەبەسـتنەوەی ئێمـەی تێـدا نامێنێـت، چـونکە ئـەم هەسـتە لەبنەڕەتدا نابێتە شتێکی واقعی بۆ گریدانی ئێمە پێکەوە. ئەگەر سـەیری مێژووی کورد بکەین هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێـت نـەیتوانیوە ئـەو باوکـە مەعنەوییە بدۆزێتەوە هـەتا بتوانێـت وەك نەتەوەیـەك گوزارشـت لـەخۆی بکات. ئاخر ئـەمڕۆ ئـەوە یەکلابۆتـەوە بۆمـان کـە ئـەو تیۆریانـەی پێیـان وابوو کە بەتەنها بە بوونی تایبەتکارەکان ( خاك و میللـەت و زمـان و.... تـاد) ئـیتر ئـەوە نەتەوەیـەو دەبێـت هـەموو گـەلانی دونیـا وەك نەتـەوە مامەڵـەی لەگـەڵ بکـەن، بـۆمن وەك کوردێـك مانـای نییـە. لای مـن دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کـە ئـەو نەتەوەیـە چـی لـەباردا هەیـە. واتـە ئەگـەر مرۆڤێکی ناکامڵ ( هەرزەکار، یان شێتێك، یان بێ ناونیشانێك) وەربگریت ئـەو مرۆڤـە راسـتە وەك بـوونێکی بایـەلۆژی بـوونی هەیـەو تـەنێکی بەرجەستەیە، بەڵام چون نـەیتوانیوە تـەعبیر لـەخۆی بکـات و شوناسـێك بۆخۆی دابتاشێت ئەوا وەك نەبوو لە ناو سیسـتەمی کۆمەڵایـەتی حسـابی بۆ دەکرێت. مەسەلەی خاك و نەتەوە و زمان و ئایین و کـەلتوریش بوونـە واقعـی و بایەلۆژییەکـەی نەتەوەیـە. راسـتە کـورد وەك نەتەوەیـەکی بایـەلۆژی خـودان هـەموو تایبـەتکارەکانی خۆیـەتی، بـەڵام وەك مانـا و شوناس چییە؟ ئەمەش دەگەڕێنمەوە بۆ نـەبوونی ئـەو باوکـە مەعنەوییـە کە وەك ئایدیا و بیرۆکەیەکی رۆحی بتوانێت ئەو بوونە بایەلۆژییە ئاراستە بکات و مانای پێبەخشێت.

## چۆنایەتییەکانی باوکی مەعنەوی:

مەرج نییە باوکی مەعنەوی شتێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی بێت. نەخێر هــەموو نەتەوەیــەك بــە کۆمــەڵێك قۆنــاغی تایبەتیــدا رۆیشــتووە کەلەسەرەتاکانیدا شتێك بۆتە باوکی مەعنەوی دواتر ئـەو چـەترە گـۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە ئێرانی کۆندا فارسبوون چەقی ئەو پەیوەندییە بووە،

بەڵام ئێستا مەزهەب بۆتە ئەو باوکە مەعنەوییە. لە ئەمریکای کۆندا شتێك نەبووە بەناوی رەش پێست دواتر لەگەل تێکەڵبوونی ئەو رەش پێستانە و فراوانبوونی سنوور و جیاوازی لە رەنگ و قەومییەتی نوێ دەستوور و پاراستنی ئەو کەشتییە هاوبەشە دەبێتە ئەو خاڵەی هەموو کۆك دەبن لەسەری کە نابێت بفەوتێت. زۆرجار یادەوەری گشتی دەبێتە خاڵی کۆکەرەوەی نەتەوەییێك دواتر لە ساتی ژیان و خۆ رێکخستندا سیستەم ئەو رۆڵە دەگێڕێت. کوردستانی باشوور لەبەردەم خەونی دروستبووندایە ئێمە دەبێت لەخۆمان بپرسین ئایا ئەوەی لە پێشە بۆ بوونە باوکی مەعنەوی چییە؟ ئایا ئەو یادەوەرییە گشتییەی لە ئەنفال و قات و قڕی دەتوانێت ئەو رۆڵە بگێرێت، ئایا مێژووی هاوبەش ئایا ئایین کەلتوور خاك، ئایا حیزبێك کەسایەتییەکی کاریزمی دەتوانێت ئەو رۆڵە بگێرێت. وەڵامەکە زۆر روونە کە نەخێرە، هەموو ئەو شتانە بۆ قۆناغی یەکەمی کۆبوونەوە گرنگە کە ئێمەی کۆکردۆتەوە، بەڵام قۆناغی دوای کۆبوونەوەی ئەو کۆمەڵە خەڵکە چییە و ئەوە چییە ئەو تەبایی و یەکبوونە دەپارێزێت؟ بە بڕوای من جگە لە سیستەمێکی دادپەروەر و عادیل هیچ کام لەوانە ناتوانن ئەو یەکبوونە بپارێزن، چونکە ئێمە ئەوەمان روونکردەوە کە باوکی مەعنەوی بەهەر دوو دیوەکەدا کارایە چ بۆ دەرەوەی خۆی چ بەرووی ناوەوە و تاکەکەکانی خودی ئەو کۆمەڵگەیە. هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە بۆ دەرەوەی خۆی گرنگەو دەتوانێت شوناسێکی بایەلۆژی ببەخشێت، بەڵام توانای پاراستنی ئەو یەکریزییەی نییە. هەرچی ئەو سیستەمە گشتییەیە بەهەردوو دیودا توانای راوەستان و بەرگری هەیە. ئەمەش بۆ ئێمە تا ئێستا بەرجەستە نییە. بۆیە ئەو لەدایکبوونە هەمیشە دوادەکەوێت. بە بێ دروستکردنی

ئەو باوکە مەعنەوییە شیانی لـە دایکبـوونێکی تـەواو و کامـڵ و سـەلامەت نایەتە گۆڕێ و ئەو لەسەر پێ وەستانە دروست نابێت.

# زمـان

## تیۆرەکانی سەرهەڵدانی زمان

ئەگەر باسی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی زمانی مرۆڤـ بکەین، ئەوا دەکەوینە بەردەم کۆمەڵێك بیرورِا و رێبازی جیا جیاوە، کە هەریەکەیان بە شێوازێك باسی سەرهەڵدانی زمان دەکەن، هەندێکیان زمان دەبەنەوە سەر ئەوەی خودا وەك بەهرە و توانستێك بەخشیویەتی بە مرۆڤ. گرووپێکی دیکەش مرۆڤ دەکەنە سێنتەر. کۆمەڵێك تیۆری جیا جیا هەر لەم گرووپەدا کە جیاوازی و هەندێك جاریش دژایەتی بەدیدەکەین لە ناویاندا گرنگترین ئەو رێبازانەی کە باسی دروست بوونی زمان دەکەن ئەمانەن:

## گرووپی یەکەم:

زمان پێدراوێکی خواییە: ئەم گرووپە باوەڕیان وایە کە سەرەتای هەموو شتێك و یەکەم شت کە بوونی هەبووە (وشە بووە وشەش خودی خودا خۆیەتی) هەروەك (دی بونالد) دەڵێت: (مرۆڤ ناتوانێت زمان دروست بکات، بەڵکو زمان خەڵاتێکی خواییە بۆ مرۆڤ)[1]. هەروەها ئارنلدیز زمان دەگەڕێنێتەوە بۆ لای خوا و پێی وایە (کە کێشەی زمان خودی وشە نیە بەڵکو کێشەکە پەیوەندی بەدروستبوونی خەلقی مرۆڤەوە لە گەڵ فێربوونی قسەکردن بۆ هەموو کاتێك بکەر پێویستە لە پێش کارەکەوە بوونی هەبێت، زمانیش داهێنراوی خودایە پێش مرۆڤ بۆیە مرۆڤ و زمانیش مەخلوقن لە بەرامبەر خودایا)[2]. بەڵگەی زانا موسڵمانەکانیش ئەوەی کە خوا دەفەرموێت: **(وعلّمَ الأدم الأسماء كلها)**

---

(١) إشكالية الفقة فى النشاة والاصل، د. خالد نعيم الشناوي.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەسەر شەرحی ئەم ئایەتەش دوو رای جیاواز بوونیان هەیە یەکەمیان وای دەبینێ کە خوا وشەکانی فێری ئادەم کردووە، دووەمیان: دەڵێت نەخێر خوا وەعییەکی وایداوەتە ئادەم کە جۆرێك لە مەلەکەی زمانی هەبووە و توانیویەتی ناو لە شتەکانی دەروبەری بنێت.

## گروپی دووەم:

زمان کردەیەکی مرۆییە، ئەم گرووپە لەناو مرۆڤدا بە شوێن سەرچاوەکانی زماندا دەگەڕێن و تیشك دەخەنە سەر ئەو توانا شاراوەی مرۆڤ هەیەتی بۆ داهێنانی زمان، یاخود ئەو توانا کۆمەڵایەتی و ژیارییەی مرۆڤ خاوەنیەتی بۆ دروستبوونی زمان. ئەو تێورانەی دەکەونە ناو ئەم گروپەوە دیارترینیان ئەمانە:

١- **زمان دیاردەیەکی غەریزییە:** ئەمەش بریتیە لە غەریزەکی تایبەت کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی کاردانەوەی هەیە لەسەر ئەو رووداوانەی روودەدەن لە دەوری، بە وشە یاخود بە وێنەی دیاریکراوی نالۆژیکی.

٢- **زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە:** کۆمەڵگا دەبێت رێکەوتنی هەبێت لەسەر ئەوەی زمانێك دابهێنرێت کە تاکەکان بتوانن پێکەوە هەڵبکەن بۆیە زمان دیاردەییەکی کۆمەڵایەتیە.

٣- **تیۆری نوێ:** زمان دابەشدەکەنە سەر سێ قۆناغ، قۆناغی گەشەکردنی زمان لای منداڵ، لێکۆڵینەوە لە زمان لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، شرۆڤە زمانیەکان لەسەر مێژووی زمان و گەشەکردنی زمان بە درێژایی مێژوو.

٤- **زمان دیاردەیەکی لە خۆوەیە:** کـە مرۆڤـ گوزارشـت لـە خۆشـی و ناخۆشی و هەموو حاڵەتەکانی خۆی دەکات بێ ئەوەی بیر بکاتەوە، یاخود بەرنامەی بۆ دابنێت[1].

لە راستیدا روانـین بـۆ تیۆرەکـانی زمـان و پەیـدا بـوونی دەمانخاتـە بەردەم کۆمەڵێك راو سـەرنجی جیـاواز جیـاواز. ئێمـە بـۆ تێگەیشـتن لـەم بابەتە نموونەیەکی سـادە دەهێنینـەوە کـە دواتـر یارمـەتیمان دەدات بـۆ تێگەیشتن لە سروشتی زمانی کوردی، نموونەکـە ئەوەیـە وێنـای مرۆڤــێك بکەین کە بـە تـەنها لـە دوورگەیـەك دەژیـت و ئـەم کەسـە هـیچ کەسـێکی دیکەی نـەبینیوە و تەمەنیشـی کەوتۆتـە نـاو هـەرزەکاری و بـەرەو کـامڵ بـوون دەڕوات. پرسـیارەکە ئەمەیـە ئایـا ئـەم مرۆڤـە پێویسـتی بـە زمـان هەیە؟ یاخود زمان بەکاردەهێنێت؟

لـە راسـتیدا لـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارەدا ئێمـە ناچـارین بـیر لـە جۆرەکانی زمان بکەینەوە، یاخود زمان چـەند دۆخـی هەیـە، ئـەم مرۆڤـە ناکرێـت شـعور بـە هــەموو ئــەو رووداوانــەی لــە دەوروبــەری روودەدەن وەلابنێت وەك جووڵانەوەی دار و درەخت و گیانداران و ئـەو پرسـیارانەی بۆی دروست دەبێت. ئەمانە ئەگەرچی دەریشی نابڕێت و وەکو دەنگ لێی نابیسترێت، بەڵام هەمووی قسەکردنە لەگەڵ خۆی لـە دەرەوەی دەنـگ و و وێنـە و هێمـا، بـەڵکو مۆنۆلۆگـە و هەسـتـیکی شـاراوەیە لـەناو خۆیـدا بەمەش دەڵێن (زمـانی خـودی) و کەسـەکە لەگـەڵ خـۆی قسـە دەکـات و گوێ لە خۆی دەگرێت بێ ئەوەی بتوانین وێنەی ئەم زمانە بگرین، یـاخود بتوانین بە هێما و دەنگ رەنگی بکەین. تـا ئێـرە زمانێـك لـە ئارادایـە کـە زمـانێکی خـودی و تاکـە کەسـییە و مۆنۆلـۆگ بەرهـەم دەهێنێـت، بـەڵام

---

(١) نشأە اللغە، www. agavgam. com

بەیانییەك هەڵدەستێت لەخەو مرۆڤێكی دیكە دەبینێت لەسەر دوورگەكەی پاش بڕینی ماوەی ترس و دڵەڕاوكێ و لەیەك نزیك بوونەوە ناچارن ئەم دوو كەسە ئەگەر كەسی دووەمیش هەمان ئەزموونی كەسی یەكەمی هەبێت. واتە ئەو زمانێكی دیكەی نەزانیبێت و شارەزا بێت ئەو كاتە كەسی دووەم دەوری مامۆستا دەبینێت و كەسی یەكەم ناچارە فێری زمانی ئەو بێت، بەڵام لە حاڵەتی ئەوە هەردووكیان هەمان ئەزموونیان هەیە، ناچارن یەك بدوێنن و لەگەڵ یەك بئاخفن ئەوا وا پێویست دەكات ئەو وشانەی كە بەكاریدەهێنن بەرێكەوتن بێت، واتە ناكرێت هەریەك بە شعور و هەستی خۆی ناو دابنێت بۆ شتەكان، بەڵكو دەبێت رێكەوتنێك هەبێت، ئەم رێكەوتنەش ئاوا نییە دانیشن دانە دانە ناو لە شتەكان بنێن نەخێر! بەڵكو لە ئەنجامی ئەزموون و پێكەوە ژیان، پێكەوە دەكەونە ناو حاڵەتی هاودۆخی و ناوی شتەكان دێتە سەر زاریان. زمان لەم حاڵەتەدا لە ئاستە خودی و تاكە كەسییەكەی دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی كۆمەڵایەتی واتە (زمانێكی كۆمەڵایەتی) فەراهەم دێت، كە دایەلۆگ بەرهەم دێنێت. دایەلۆگیش دەبێت دەنگ و هێما و و ئاماژەكان ئاشكراو روون بن و مانا بە دەستەوە بدەن بۆ ئەو دوو كەسە. لە حاڵەتی زیادبوونی كەسەكان بۆ سیان و چوار و تا دەبێتە خێزان و گوند... تاد، ژمارەی وشەكان زیاد دەبن و زمانەكە دەوڵەمەند دەبێت، تاكو دەگاتە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ زمان پێی گەیشتووە، جا ئەگەر پێناسەی زمان بكەین بە پێی كەسەكە بە تەنیا و بەو توانایەی هەیەتی، ئەوا دەبێت بڵێین زمان بەرهەمی بیری مرۆڤە و مرۆڤ دەكارێت خودان خالقی زمان بێت.

بەڵام ئەگەر بە باری دووەم سەیری زمان بكەین ئەوا دەبێت بڵێین زمان گرێبەستێكی كۆمەڵایەتیە لە نێوان تاكەكاندا. بۆ لە یەكترگەیشتنی تیۆرەكان و دروست بوونی زمانیش بە پێی ئەم نموونەیە دابەش بوون بۆ

سەر دوو بەرەی جیاواز یەکەمیان دەڵێن زمان بەرهەمی بیری مرۆڤە و دووەمیشیان دەڵێت کۆمەڵگە بەرهەم هێنەری زمانە، وەڵامی پرسیارەکەش لەناو ئەو نموونەیەدایە کە پێشتر هێناومانەتەوە. جۆرەکانی زمانیش بینا لەسەر ئەم نموونانە جیاکراونەتەوە وەك دەربڕینی چاو یان گوێ لێبوون و یاخود هەستەکیەکان و زمانی جەستە و... تاد[1].

## زمانی کوردی:

ئەگەر باسی مێژووی زمانی کوردی بکەین ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دابەش بوونی ئەو سپی پێستانەی کە لای باکووری دەریاری خەزەر نیشتەجێ بوون و پێش لە هەزار ساڵ بەر لە مەسیح دابەش بوون بە دوو بەشەوە، یەکەمیان رویانکردۆتە رۆژئاوا لە ئەوروپا بڵاوبونەتەوە، دووەمیشیان چوونەتە هیند و ئەویتریان لە ئێرانی ئێستادا گیرساونەتەوە، یەکەم گرووپ ناویاننراوە هیندۆ ئەوروپی، دووەمیشیان ناونراون هیندۆ ئێرانی، پێش ئەم دابەش بوونە گەورەیە هیندۆ ئەوروپیەکان و ئێرانیەکان بەیەك زمان داخاوتن و تا ئێستاش زۆر وشەی کوردی و سویدی و ئینگلیزی و ئیتاڵی ماونەتەوە کە نەگۆڕاون، پەیوەندی نێوان زمانە هیندو ئێرانەیەکانیش بە تایبەت کورد و فارس دوای دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ تەفنوتونا بوون و پاشکۆ بوونی کورد هێشتا ژمارەیەکی زۆری وشەی لێکچوو لە نێوان فارسی و کوردیدا

(١) زانستی زمان، د. عبد الواحید ئەلواف و د. إبراهیم عزیز إبراهیم، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیر، هەولێر، ٢٠٠٧، لا ١١١- ١١٢.

هەن[1]، لە رووی خێزانی زمانە ئێرانیەکانەوە بە تایبەتی کوردی، زمانی کوردی سەر بە خێزانی هیندۆ ئەروپیە لە خێزانی زمانی زیندووی ئێرانی لەگەڵ زمانی فارسی و ئەفغانی و بلوجی و تاجیکی و تاستی و... تاد[2]، لەسەریەك هێڵی زمانن.

**سروشتی زمانی کوردی:** لە راستیدا قسەکردن لە بارەی زمانی کوردییەوە هەروا سادە و ئاسان نیە، چونکە زمانی کوردی خودان کۆمەڵێك زاری جیاوازە وەك (سۆرانی، بادینی، زازایی، هەورامی، لەکی، لوڕی،کەلهوڕی .............. تاد) کە هەریەکەیان بۆ خۆی خودان خاسیەت و سیفەتی تایبەتی خۆیانن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەموویان زمانی کوردین و لە رووی سینتاکس و مۆرفۆلۆجی و سروشتی زمانەوە وێك دەچن و بە زمانی کوردی ناوزەنددەکرێن.

هەروەها نووسین لەسەر ئەم لایەنەی زمانی کوردی زۆر کەمە و ئەوەی کە دەبینرێت باسکردنە لە رێزمانی کوردی، یاخود زمانناسیە و کەمتر لاکراوەتەوە لەسەر ئەم بوارە، بۆ وانەی کوردناسیش ئەم جۆرە باسە پڕاوپڕی خۆیەتی و ئەوانی دیکە زیاتر باسی پسپۆڕی وردن و لە مەبەستە گشتیەکە دوورمان دەخەنەوە، بۆیە پێش ئەوەی باسی سروشتی زمانی کوردی بکەین دەبێت ژیانی سەرەتایی گەلی کورد بە بیر خۆمان بهێنینەوە کە باسمانکرد کورد لە کۆندا کۆمەڵگەیەکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی بووە و سەرچاوی زمانەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی ژیانی کوردەواری. هەروەك ئول ( فیلچێڤسکی) باسی دەکات کە کورد لە

(١) زمانی کوردی، مەسعود محەمەد، و حەکیم کاکە رەش، لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی زمانناسی، ژمارە ٢٧، هەولێر، ٢٠١٤، لا: ١٦– ١٧.

(٢) وشەی زمانی کوردی، د. ئەورەحمان حاجی مارف، چاپی کوڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥، لا: ٢٩– ٣٠.

ئەسڵدا خەڵکی زەوی ناوچە شاخاوییەکانی ئاسیای بچووکن و زمانی کوردی لەم ناوچەیە دروستبووە. نەك لە شوێنێکی تری ئەم جیهانە[1]، ئەگەر سەیری زمانی کوردی بکەین یاخود (وشەکانی) زمانی کوردی هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە کورد مژۆڵی کشتوکاڵ بووە، یاخود سەرقاڵی ئاژەڵداری بووە، ئەوکاتە کورد لە بارێکی وادا بووە، کە راستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ سروشت کردووە بە پێی پێویستی رۆژانە مامەڵەی لەگەڵ (دار، بەرد، باڵندە، ماسی، رووەك، دار هەنار و سێو و گوێز و... ) هەمو ئەو شتانە کردووە، گەر دیقەتیش بدەین هەموو ئەو وشانە وشەی کوردین و هیچی وشەی بێگانە نین، چۆن کورد خۆی مامەڵەی راستەوخۆی کردووە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەدا و ناچار بووە ناو لە شتەکانی دەوروبەری بنێت. ئەو کەل و پەلانەش کە دروستی کردوون بۆ ئاسانبوونی ژیانی رۆژانەی وەك (چەقۆ، خەنجەر، جەوەنە و ریشمەی ولاغ، کورتان، کراس، کلاش... تاد) هەموو ئەو کەل و پەلانەش بە دەستی خۆی دروستیکردوون هەموویان ناوەکانیان ناوی کوردییە، بۆیە زمانی کوردی لە بنەڕەتدا زمانێکی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە و جیاوازە لە زمانی ئینگلیزی یاخود زمانی ئەڵمانی کە زیاتر زمانێکن سەر بە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی و تەکنەلۆژین و وشەکانیشیان سەر بەو جیهانەن، ئێمە بە زمانەکەماندا دەزانین کە لە کوێی جیهانداین لە رووی ئاستی پێشکەوتن و تەکنەلۆژی. گەر سەیر بکەین ئەو وشانە کە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە بە هۆی ئەو کەرەستانەی کە رۆژانە بەکاریاندەهێنین هەمووی بێگانەن، چونکە ئێمە خۆمان دروستمان

---

(١) هەندێك بیر و رای هەڵە لەبارەی زمان و مێژووی کوردەوە، قەناتی کوردۆ( کوردۆیف) و: ئەورەحمانی حاجی مارف، چا کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٣، ل٧٧

نـەكردوون و ناچاریشـین بـەكاریان بهێـنین. واتـە بـە زمانەكـەدا دەزانـین (TV) هی ئێمە نیە و ئێمە دروستمان نەكردووە، بەڵام (كورتـان) یـاخود (كلاش) دەزانـین هـی خۆمانـە و واتـە زمـان گەنجینەیەكـە بـۆ پاراسـتنی ئاسـتی رۆشـنبیری و زانیـاری ئـەو گەلـە. بـەڵام وە نـەبێ زمـانی كـوردی نـەیتوانیبێت خـۆی لـەم تەنگـژە قوتـار بكـات، بـەڵكو توانیویـەتی خـۆی بگونجێنێ و دەرگای كـراوە بـێ بـۆ وەرگـرتن و داتاشـین و دروسـتكردنی وشەی نوێ تا بكارێت لەگەڵ گۆڕانكاریە تازەییـەكانی سـەردەمدا بـڕوات، وا باشە باسی دوو چەمكی گرینگ بكەم لـە دیـاریكردنی سروشـتی زمـانی كوردیدا.

## ١- ناوچەی هەستی زمانی:

زمان لە مرۆڤدا یەكـەمین شـتێكە كـە مامەڵـە لەگـەڵ دنیـای تـازە و شتێكی نوێ دەكات هەر شـتێك نوێبێـت و یەكـەمین جـار مرۆڤـ بكەوێتـە بەرچاوی ئەوا پرسیاری ناوەكەی دەكات. واتە ئەوە دەپرسێت ئەم شـتە لە سیستەمی زماندا چ شوێنێكی گرتووە، جا ئەو شتە داهێنـانی خـودی مرۆڤەكە بێت، یاخود كەل و پەلێكی نوێ بێت كەسـەكە مامەڵـەی لەگـەڵ بكات، بۆ نموونـە كـورد كاتێـك (كـلاش)ی دروسـتكردووە ناوەكەشـی بـۆ داناوە كە هەر بە كوردی زمانەكە ئەو شتەی گرتۆتە خۆ، یاخود گیایەكی دۆزیوەتەوە كە بەكاری هێناوە ناوی لێناوە، واتە ناوچەی هەستی زمانی ناوچەیەكە هەر شوێنێك بكەوێتە ناوی دەبێت رەنگی زمـان بـە بەرخۆیـدا بكات، جا ئەو شتە وەرگیراو بێت وەك (كۆمپیتـەر) یـاخود رەسـەن بێـت وەك (گیای تۆڵەكـە) یـاخود كوردانـە نـەبێت وەك وشـەی (قـەرز) كـە لـە (قرض)ی عەرەبیـەوە وەرگـیراوە، گـرینگ ئەوەیـە كـە ناوچـەی هەسـتی

زمانی ناوچەیەکی چالاکە و بە پێی پێویستی و ئاوڕلێدانەوەی مرۆڤ لە شتەکان زمان و شتەکان دەخاتە ناو هاڕمۆنیەتەوە، بەمەش دوو ڕێگە هەیە بۆ پەیدابوونی وشەکانی زمانی کوردی، ڕێگەی ڕاستەوخۆ کە ئەویش هەڵێنجانی وشەی کوردی ڕەسەنە لەنێو زمانی کوردیدا، ڕێگەی دووەم لاوەکیە کە ئەویش وەرگرتنی وشەیە لە زمانی بێگانەوە(١).

## ٢- زمانی کوردی و عەقڵی داهێنەر:

لەسەردەمی بازدانی کۆمەڵگا لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی و شوانکارییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی و تەکنەلۆژی زمانیش گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە جیهانی مرۆڤ دەگۆڕێت و کۆمەڵێك کەرەستە و دیاردەی کۆمەڵایەتی نوێ دێتە ئاراوە، زمانەکەش ئەم گۆڕانە دەگرێتە خۆی، زمانی کوردی زمانێکی هەوێن ئاسایە توانای ئەوەی هەیە کە لەگەڵ گۆڕانی شتەکاندا بڕوات، بەڵام کێشەیەك هەیە ئەویش ئەو چەقبەستنەی کۆمەڵی کوردەوارییە کە لەگەڵ هەموو گەلانی دنیا پێکەوە کشتوکاڵی یان شونکاریی یاخود بازرگانی بوو، لەو قۆناغەدا لەبەر ئەوەی کورد خۆی شتەکانی خۆی بەکارهێناوە و ناچار بووە کەرەستەکانی ژیانی خۆی دروست بکات زمانە ڕەسەنەکە تەبایە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگادا، چونکە عەقڵە داهێنەر و دروستکەرەکە حزوری هەبووە کە کورد خۆی بووە، بەڵام کاتێك کۆمەڵگە ڕادەوەستێت هەروەك ئەو ڕاوەستانەی ئەمڕۆ کورد توشی بووە، نەیتوانیوە وەك بەرهەم هێن و داهێنەر لە قۆناغی پیشەسازی و تەکنەلۆجیدا بژیت، بەکارهێنەر و کڕیاری ئەو جیهانەیە، زمانی کوردی ڕووبەڕووی ئەرکی قورس بۆتەوە، لە لایەك کۆمەڵێك وشەی ماونەتەوە کە هی سەردەمی کشتوکاڵی و

---

(١) وشەی زمانی کوردی، د. ئەورەحمانی حاجی، چا کوڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥، لا: ٢٦.

شوانکارییه وەك (شەن و کەو، موتوربە، گوڵبـژێر، لەوەڕانـدن، تخـوب... تاد) هەموو ئەو وشانە بۆ خۆیـان بریتیبـوون لـە کـارکردن لـە کۆمەڵگـەی کشتوکاڵی و شوانکارەیی، بـەڵام لـە حاڵـەتی گواسـتنەوەی کۆمەڵگـە بـۆ کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی و تەکنەلۆژی هیچ کام لەو کارانە نەماون، بەڵام وشەکان بە تەنیا ماونەتەوە. پرسیارەکە ئەوەی ئایا ئەم وشانە فڕێبدرێن یـان چـی؟لە لایـەکی تـرەوە دەبێـت کۆمـەڵێك وشـەی نـوێ وەربگرێـت و دەستکاریشــیان نــەکات، چــونکە خــۆی داهێنــەریان نــەبووە. دیــارە سیســـتەمی زمـــانی کـــوردی خـــودان توانایەکـــە کـــە ئـــەم وشـــانە بەکاردەهێنێتەوە، بەڵام بۆ واتای دیکە. واتـە زمانەکـە تووشـی راکێشـان دەبێـت و مانای دیکە بار دەکرێت لـەم وشـانە. ئـەمڕۆ کاتێـك دەنووسـین (کابرا لـە هـەموو لایـەك دەلـەوەڕێ) یـاخود (گوڵبـژێری بابەتەکـەم کـرد) یاخود (تـوانیم بیرکردنـەوەی خـۆم موتوربـە بکـەم لەسـەر بیرکردنـەوەی نوێ... تاد) هەموو ئەم وشانەی لـەو رسـتانەدا بـەکارهاتوون لـە قۆنـاغی یەکـەمی کۆمەڵگـەدا مەبەسـت لـە گوڵبـژێردن خـودی گوڵبـژاردن بـووە، مەبەستی لەوەڕاندنی خودی لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵات بووە، بەڵام بە هۆی (راکێشانی زمان)ەوە مانای دیکە باردەکرێت لەو وشانە و لـە زمانـدان بـە (ئیدیۆم) ناونراوە.

هەروەك ئەم رستانەی خوارەو کە هەموویان ئیدیۆمین.

١- لەبەرچاوی نیە.

٢- گوێی مسی تێکراوە.

٣- سەگ بۆنی پێوە ناکات.

ئـەم رسـتانە چـۆن ئیـدمۆمن ماناکانیـان لـە وشـەکان، یـاخود لـە فۆرمەکانـدا نیـە[1]، بـەڵکو لـە خـودی مەبەسـتی قسـەکەردایە، ئەمـەش خاسیەتێکی دیاری زمانی کوردیە.

## ٣. توانستەکانی زمانی کوردی و بەکارهێنانی وشە:

ئــەمڕۆ ئێمــە لــە کۆمەڵگەیــەکی پیشەســازی تەکنەلۆژیــدا ژیــان دەگوزەرێنین، بە جۆرێك ئەگـەر کشـتوکاڵ و شـوانێتیش بکـەین هـەر بـە یارمەتی و لە ژێر چەتری جیهانی تەکنەلۆژیدایە، جا زمانی کوردی ئەرکی گەورەی کەوتۆتە ئەستۆ. چۆن ئێمـە وەك کـورد و بەشـێك لـە ڕۆژهـەڵات تــەنها و تــەنها بەکارهێنــەری بەرهــەمی ڕۆژئــاواین، بۆیــە زمانەکــەشمان ناچارە وشەی ڕۆژئاوایی و دەوروبەر بگرێتەوە خـۆی بـە پێـی توانسـت و شیانی خۆی، سەرەکیترین ڕێگاکانیش ئەمانەن:

**١)** وشەی کوردی ڕەسەن: کە پەیوەندی هەیە بـە خـودی داهێنـەرەوە جا ئەو داهێنەرە داهێنەری ئامێرێك بێت، یاخود داهێنەری چەمکێك بێت، کە ئەو چەمکە گوزارشـت لـە دیاردەیـەکی کـوردەواری بکـات وەك وشــەی ( پێشــمەرگە)کە دیاردەیــەکی چــەکداری کــوردە و تایبەتــە بــە گــەلی کــورد، ناتوانرێــت وەربگێردرێــتە ســەر زمــانی عــەرەبی بـە (الجنـدی) یـاخود (soldure)ی ئینگلیـزی، چـونکە دیاردەیەکی کوردەوارییە.

---

(١) ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، شیلان عومەر حوسێن، چـا رەنـج، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩، لا: ٥٠.

٢) دارِشتن: رێگایەکە زمانی کوردی دەیگرێتە بەر بۆ دارِشتنی وشەی نوێ وەك وشەی زانا کە کۆمەڵێك وشەی دیکەی لێ دارێژراوە (پێزانین، دەزانم، زانراو.... تاد).

٣) خوازە (ئیدۆم): کە راکێشانی زمانە بۆ مانایەکی دیکە وەك (کابرا دەستی کورتە) دیارە کاتی خۆی لەناو کێڵگە ئەوانەی دەستیان کورت بووە کاروباریان لێ زەحمەت بووە، بەڵام ئێستا بە کەسێك دەڵێن کە هەژار بێت و دەستی نەڕوات.

٤) داتاشین: داتاشینی دوو وشەیە بۆ وشەیەکی نوێ وەك:
زانکۆ= زانین + کۆکردنەوە
وشکاوی= وشك + ئاو

٥) وەرگێڕان: وەرگێڕانی وشەی بیانی بۆ وشەی کوردی بە پێی ئاشنایی وشەکە لە کوردیدا وەك وشەی (الکاتب)ی عەرەبی بووە بە (نووسەر) ئەمەش دەکەوێتە سەر توانای وەرگێڕ، کە چ وشەیەك دادەنێت بۆ ئەو وشە بیانییە. بۆ نموونە وشەی (**الإسعافات الأولية**) بەم وشانە وەرگێڕدراوە (فریایی بەرایی، فریاگوزاری سەرەتاییەکان) یان (**الاعراض المرضية**) بووە بە (بەرەژەنگ، دیارەکان، نیشانەکان) جا خوێنەر، یاخود گەل خۆی یەك دانە بەکاردەهێنێت بە پێی سیستەمی زمانی خۆی.

٦) وەرگرتن[١]: وەرگرتنی وشە وەك خۆی وەك، کۆمپیتەر، تەلەفزیون، کارەبا... تاد) یاخود زۆر جار لە وەرگرتندا وشەکە دەگۆڕێ بە جۆرێك لەگەڵ سیستەمی زمانی کوردیدا بگونجێت و ئاسان بێت بۆ قسەکردن ئەویش بە گۆڕینی هەندێك وشە و پیت، وەك (کهربا)ی بووە بە (کارەبا) ئیمۆلۆژی (Etymology) ئینگلیزی، یاپراخ، (یاپراق)ی تورکی.

---

(١) گیروگرفتەکانی زارەوە دانان لە زمانی کوردیدا، محەمەد وەسمان، هەولێر، ٢٠٠٤، لا: ٥٩– ٦٠، ٦١.

# ئەدەب

# مێژووی ئەدەبی کوردی

مێژووی ئەدەبی کوردی بریتیە لە مێژووی (قسـەی جـوانی کـوردی) ئــەو قســە جوانانــە بەشـێك لــە کــەلتوور و شارســتانیەت و مەدەنیــەتی نەتەوایەتی دروست دەکات.

قســـەی جـــوان هـــەموو ژیـــان دەگرێتـــەوە (نیشـــتمان پـــەروەری کوردایەتی، نەتەوایەتی مرۆڤایەتی، دڵداری، بەسەرهاتی نەتەوە، سامانی نەتەوایەتی.... تاد)

وێنەی راستەقینەی ئەو ژیانەش شاعیر و نووسـەر دروسـتی دەکـەن بـە شـێوازێکی هونـەری جـوان، ئەگـەر بـەم شـێوازە نـەوترێ لـە خانـەی ئەدەب و هونەر دەچێتە دەرەوە، مێژووی ئەدەبی کوردی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ مێـژووی ئـەدەبی میللـەتانی کـۆن پـێش بـە نەتـەوەبوونی گـەلانی ئێرانی، لە سـەردەمی دروسـتبوونی نەتـەوە (nation، الأمـة) دەتـوانی مێژووی ئەدەبی کوردی دیاریبکەین.

تێکستی باوەڕپێکراوی شیعر بە زمانی کوردی سـەرەتاو سـەردەمی شیعری کوردی دریدەکات. کۆنترین ئەم رایەش دووبەیتەکانی بابە تاهیری هەمەدانیـە لەسـالی ( ٩٣٧، ١٠١٠ز ) شـیعری کـوردی ئـایینی لیریکـی لـە دیـــالیکتی گۆرانـــدا کـــونترین شـــیعری زمـــانی کوردییـــە لەســـەدەکانی ناوەڕاستەوە پەیدا بووە، شیعری ئایینی و لیریکی لە دیـالێکتی کرمـانجی سـەروودا لـە پـاش رووداوە هـەر گرنگەکـەی جـەنگی چـاڵدێران (١٥١٤ز) پەیدا بوە، شـیعری لیریکـی (غـەزەل و قەسـیدە) لـە دیـالێکتی کرمـانجی خوارو و لە پاش دروستبوونی (سلێمانی) پەیدا بووە[1].

---

(١) مێـژووی ئـەدەبی کـوردی، د. مـارف خەزنـەدار، دەزگـاری ئـاراس، چـا یەکـەم، هەولێر، ٢٠٠١، لا ١٥٩– ١٦٠.

سەرەتای ئەدەبی کوردی سەرەتاییەکی شیعری ئاینییە، چونکە ئەو کات پیاوانی ئایینی خودان خوێندەواری و زانست بوون و لە رێگەی شیعرەوە گوزارشتیان لە هەستی خۆیان کردووە لە پلەیەکی باڵای هونەریدا چ لە رووی روخسار و چ لە رووی ناوەڕۆکەوە. لە دیالێکتی گۆران بابە تاهیری هەمەدانی کە یەکێك بووە لە پێشەنگانی ئاینی ئەهلی حەق (یارسان) کۆنترین نموونەی ئەم ئەدەبەیە و سۆفییەکی گەورە و فکر فراوان بووە.

خورەم ئانان کە هەر شامان تەوینون
سوخون واتە کروون واتە نشینون
ئەگەر دەستوم نەوی کایوم نەوینون
بشوم ئاتوون بوینم کە ئەوینون
واتە:
بەختیاری بۆ ئەوانەیە کە شەوان تۆ دەبینن
لەگەڵتدا قسە دەکەن و لە تەکتدا دادەنیشن
ئەگەر بۆم نەگونجێ تو ببینم
دەچم ئەو کەسانە دەبینم کە تۆیان دیوە[1].

(١) س. پ، لا: ٢٠٨.

## بەشەکانی ئەدەبی کوردی

ئەگەر بەشەکانی ئەدەبی کوردی دیاریبکەین دەبێت بیکەینە دوو بەش یەکەمیان، ئەدەبی سەرزاری (نەنووسراو) دووەمیشیان ئەدەبی نووسراو، ئەدەبی سەرزاری زیاتر ئەدەبێکی میللی یە و لە رۆحی گەلەوە نزیکە و لە یادەوەری گەلدا دەمێنیّ و سەرەتای ئەدەبی نوسراویشە، هەروەك (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی کەئیلهامی لە (مەمی ئالان)ی فۆلکلۆرەوە وەرگرتووە، دەتوانین بلّێین ئەدەبی سەرزاری و ئەدەبی فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی هەموویان یەکن و جیاوازییەکەی ئەوەیە کە نەنووسراوە، بەڵکو دەما و دەم گێردراوەتەوە، کە بە ئەدەبی گەلان یاخود رۆحی گەل بەناوبانگە، چونکە ئەم ئەدەبە رەنگدانەوەی ناخ و ژیان و کەسایەتی گەلە و ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیش زۆر دەوڵەمەندە و چەندین بەش و خانە دەگرێتەوە لەوانە:

### ١) ئەفسانە:

ئەفسانە سەرەتاترین بیرکردنەوەی مرۆڤی کۆن بووە دەربارەی دیاردە سروشتیەکان، کاتێك وەڵامی زانستی نەبووە بۆ باران بارین، یاخود لافاو ئەوا بە ئەفسانە و حیکایەت گوزارشتی لەم نەزانینەی خۆی کردووە، یاخود بەهۆی ئەفسانەوە باسی مردن و ژیان و... تاد، واتە جۆرێکی بیرکردنەوەی فەلسەفی بووە دەربارەی دیاردەکان. لە کوردیشدا ئەفسانە زۆرن وەك ئەفسانەی (میرمەح)ی ئێزیدیەکان، یاخود ئەفسانەی دروست بوونی خودا لای کاکەییەکان، یاخود ئەفسانەی (دیو و درنج) و (خدری زیند)ە و (شارۆخ شا) و... تاد.

## ٢) داستان:

(پۆیەم)، داستان زیاتر گێڕانەوەیەکە کە باس لە ژیانی واقعی دەکات و کـەمتر خـەیاڵئامێزە وەك ئەفسـانە، واتـە راسـتەوخۆ باسـی ژیـان و گوزەران و هەڵوێسـتی کەسـەکان دەکـات، داسـتان لـە رووی گێڕانـەوەی لایەنی هونەرییەوە رێکترە لە ئەفسانە و سەرەتای (رۆمانیشـە) داسـتانی کوردی خۆی دابەشدەکاتە سەر دوو جۆر: ١ـ داسـتانی قارەمـانێتی وەك: (رۆستەم و زۆراب)، (شەریف هەمەوەند)، (خانی لەپزێڕین)، ٢ـ داسـتانی دڵداری: وەك داسـتانی (فـەرهاد و شـیرین)، (لـەیلا و مـەجنون) (زەمیـل فرۆش)، (خەج و سیامەند).

## ٣) گۆرانی:

کۆنترین بەشی ئەدەبی فۆلکلۆرە هەروەك بەشێکی دیـاری هـۆنراوەی لیریکە، گۆرانی کوردیش هونەرێکی بەرزە کە بە پێی ناوچەکان دەگـۆڕێ وەك (هۆرە) لە هەورامان، (حەیران) لە هەولێر و (قـەتار و ئەللاوەیسـی) لای کەرکووك، مەقام لە سلێمانی و... تاد، کە هەموویان دەربڕی هەسـت و نەستی ئەو ناوچانەیە بە شێواز و گوزارشتی خۆیان.

## ٤) پەندی پێشنیان و قسەی نەستەق:

کـۆنترین کتێبێـك کـە پەنـدی پێشـنانی کۆکردۆتـەوە کتـێبی (قسـەی پێشـینان) سـاڵی ١٩٣٣ کـە ئیسـماعیل حـەقی شـاوێس نووسـیویەتی و (٦٠٣)ی پەنــدی (سیاســی، ئــەدەبی، ئــابووری، گاڵتــە، .... تــاد) کۆکردۆتــەوە پەنـدی پێشـینیان کۆمەڵـە وتەیـەکی کـورت و پوختـە و سیفەتێکی گشتی و هەرمەکی هەیە کە زیاتر پڕە لە حیکمەت و دانـایی و کارزانی و دووربینی لە مەسەل و کات و شوێنی جیادا بەکاردێت[١].

(١) لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی فۆلکلـۆری کـوردی، د. عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـوڵ، چـا دووەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٧٩، لا: ١٠ ٢١٣.

هەروەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- زمان بیەڵێ سەر رەحەتە.
- پەتی درۆ کورتە.
- دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە.

## ٥) گاڵتەوگەپ:

گاڵتـە و گـەپ قسـەی خۆشـە لـە شـێوەی چـیرۆکی پێکـەنیناوی و سـاتیر ئـامێزدا، زۆرجـار چـیرۆکەکان هـەمووی بـەناوی یەکێکـەوە رێـك دەخرێـت وەك (مـەلای مەشـهور، ئـەحۆل... تـاد) ئەمـەش بەشـێکە لـە ئەدەبی سەرزاری و سامانی نەتەوەیی کورد کە دەرخـەری رۆحـی شـادی خۆشویستنی و پێکەنینە لای کورد، هەروەك چۆن لەناو گەلانی دیکەشـدا باوە، زۆر شت نووسراون لـەم بابەتـە وەك (رشـتـەی مـرواری) عەلائـەدین سوجادی و (مەلای مەشهور).... تاد.

## ٦) مەتەڵ:

یارییەکـە کـەوا لـە بینـەر دەکـات بیربکاتـەوە و وردەبێـتەوە لەشتەکانی دەوروبەری ئەمەش هەر بـۆ خۆشـی و زاخـاوی مێشـك بـووە، دیارە ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش تەکنەلۆژیا و بـۆ کـات بەسەربردن بووە وەك:

- سایەقەی سـاماڵ هـەوری فـەرەنگی دوو ئـاو لـە جـامێ هەریـەك لـە رەنگی. (هێلکە).

## سەرچاوەکانی بیری ئەدەبی کوردی

ئەگەر بمانەوێت سەرچاوەکانی بیری ئەدەبی کوردی دیاریبکەین ئەوا دەبێت هەموو ئەدەبی کوردی بە نووسراو و نەنووسراوە وە وێنابکەین. ئەوکات پلە بەندی بکەین، بەڵام ئەم کارە زەحمەتە و ناچارین سەرەتا سەرچاوەکانی بیری مرۆڤ بە گشتی و مرۆڤی کورد بە تایبەتی بناسین. ئەوجا لەسەر ئەو نەخشەیە ئەدەبی کوردی دابەش بکەین، بۆ ئەم بەشەش بە تەنها شیعری کوردی وەردەگرین. ئەویش لەبەر چەند هۆیەك لەوانە سەرەتای لەدایك بوونی ئەدەبی کوردی نەنووسراو و نووسراو هەر شیعر بووە و تا هەنووکەش شیعر شا ڕەگ و بەشی شێری ئەدەبی کوردیە، هەروەها مرۆڤی کورد جیا لە ژانرەکانی دیکە لە شیعردا زۆر جوانتر و باشتر گوزارشتی لە خودی خۆی کردوە، شیعریش وەك بەشێك لە ئەدەب مامەڵە لەگەڵ دیوی ناوەوەی مرۆڤ دەکات و تۆمارێکە زانیاریمان دادەنێت لەسەر بنەماکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ و قوڵتر لە ڕۆمان و چیرۆك و... تاد، ئایندەی بیری مرۆڤ وێنا دەکات.

چۆن ژانرەکانی دیکە لایەنی هونەری و پێکهاتەیان وادەکات کەئەو بیرە چڕ و هەمەکیەی هەیانە دەریببڕن. لە شیعردا بە یەك ڕستە دەوترێت. لە ڕۆمان، یاخود شانۆ، یاخود چیرۆك بە ڕووداوێکی گەورەی چەندین کارەکتەر و حیوار گوزارشتی لێبکرێت، بۆیە شیعر زیاتر دۆستە لەگەڵ بیروباوەڕی شاعیر و ئاسانتر زانیاری بە دەستەوە دەدات. هەر بۆیە بینا لەسەر ئەو بەشانەی لە مرۆڤدا دەتوانن ببنە جێگە و شوێنگەی بینین و بیرکردنەوە سەرچاوەکانی بیری شیعری کوردی بە تایبەتی و ئەدەب بە گشتی دیاریدەکەین، ئەوانیش (جەستە، دەروون، عەقڵ، دڵ)ن، کە هەریەکەیان دەکارن ببنە چاوگە و چاوێلکە بۆ مرۆڤ هەتا

مرۆڤ لەوانەوە سەیری خۆی و جیهان بکات، هەروەها دەتوانین هەر بەم بنەمایانە رۆمان، یاخود شانۆ، یاخود داستان، یاخود گۆرانی و مۆسیقا چیرۆکی کوردی پلەبەند بکەین و باسی سەرچاوەی هزر و ئایدیایان بکەین.

## ١. جەستە وەک سەرچاوەی بیری شیعری کوردی:

هەروامان بیستووە کە جەستەی بایەلۆژی بەشە ئاژەڵیەکی ناو مرۆڤە، بەڵام ئەگەر وردتر باسی جەستە بکەین ئەو کات دەزانین کە جەستە خودان سیستەمێکی رێك و پێك و یاسا و رێسای تایبەت بە خۆیەتی و دەکارێت وەك سەرچاوەی بیری مرۆڤ کاربکات، چون جەستە پێویستی بە خواردن و حەوانەوە و تێرکردنی غەریزەکانی هەیە، مرۆڤ ناچارە لەژێر ئەم داخوازییانەی جەستە بیر بکاتەوە، هەروەك بیرکردنەوە لە دروستکردنی جل و بەرگ و خانوو و خواردن و ژنهێنان و داهێنانی زانستی پزیشکی و وەرزش و هەموو ئەو چالاکیانەی تایبەتن بە جەستەی مرۆڤەوە. ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە کە جەستە وەك شوێنگە و فشارکەرێك مرۆڤ ئاراستە دەکات، چونکە جەستە خاوەنی کۆمەڵێك هەستی جیاوازە وەك: (بینین، بیستین، تامکردن، دەست لێدان، بۆنکردن، هەستکردن).

لە رێگەی ئەم هێزانەوە دەتوانیت وێنای شتەکانی دەوربەری بکات و بیانناسێت و دوو شێوازی دیاری جەستە هەیە کە وا دەکات مرۆڤ ئاڕاستە بکات.

## أ. لایەنی غەریزی جەستە وەک سەیرگە:

ئەگـەر هـاتوو مرۆڤێـك كەوتـە نـاو ئـەم حاڵەتـەوە ئـەوا بەچـاوی حاڵەتەكە سەیری شتەكانی دەوروبەری دەكات، بۆ نموونـە ئەگـەر برسـی بێت ئەوا بە چاوی خواردن سەیری شتەكان دەكات، یاخود ئەگـەر هـاتوو غەریزەی سێكسی حزوری هەبوو ئەوا ئەو مرۆڤە بە چاوی سێكسی سـەیر رەگەزی بەرامبەر دەكات، واتە رەگەزی نێر ئافرەت وەك جەستە دەبـینێ نەك وەك مرۆڤـ و بیركەرەوە و مامۆستا و.... تاد.

هەموو ئەو زمان و كردارانەی لە دوای ئەم حاڵەتەوە لە دایك دەبێـت گوزارشـتكردنە لـە تێركردنـی ئـەو غەریزەیـە لـە زمانـدا، چـونكە لەوەیـە نەتوانێت لە واقعدا بەرجەستەی بكات، ئەو شـاعیرانەی لـەم سەرچـاوەوە شیعر دەنووسن لە شیعری كوردیدا وەك (قوبادی جـەلیزادە) كـە جەسـتە دەكاتە سەیرگە بۆ بینینی ئـافرەت، هـەروەها لـە لای شـاعیرانی دیكـەش بـوونی هەیـە كـە لـە شـیعرێكدا بـەم دۆخـە شـیعریان نووسـیوە هـەروەك قەسیدەی (مەسـتورەی) نـالی، یـاخود بـەختیار عـەلی لـە قەسـیدەیەكدا دەنوسێت:

**پڵنگێک لەمندایە غەریزەی بەدی هـەموو جانـەوەرەکانی خوێنـدووە حـــەزی بەمردنـــە لـــەناو لقـــە بـــەرزەکانی درەختـــدا... حـەزی بەبازدانـە لەسـایەقەی شـەوەوە کـە رۆحکێشـانی نێچـیر لەسەر رەنگی شەونم دیارە... بـەرەو بـارانی بـەیانی کـە خەنـدەی راوچـیان لەسـەر دڵۆپـەکان هەڵکـەنراون. دەڕوات تـا لـەنزیک گۆمـــە بێبنـــەکانی منـــەوە بمرێـــت... چـــەمەخۆڕەکانی مـــن بانگیدەکەن و ئـەو تادێـت نزیکدەبێتـەوە... دێـت و تادێـت. مـن زیاتر دەچمە ناو گۆمـەکانی چـێژ و سـادییەتەوە... دێـت و تادێـت من زیاتر حـەز بـەخواردنی کـەرتێکی مـانگ دەکـەم... کـە دەگاتـە**

بەردەمی پەرستگام خوارەکانم لەناکاو بەرز دەبنەوە... خوێنم بە رووی شەوەزەنگدا دەڕژێت... تا نزیکتر دەبێتەوە پتر حەز لە تامکردنی ئینسان دەکەم... پتر حەز لە خەوتنی وەحشیانە دەکەم... لەگەڵ مێینەی هەموو مەخلوقاتەکاندا... دێت وتادێت من زیاتر... لەزەت لە وێرانەیی دەبینم... »[1]

ئەو پڵنگەی ناو شاعیر کە حەز بە کوشتن و خەوتن دەکات لەگەڵ هەموو مێینەیەکدا بەڕەڵاکردنی سێکسە لەو شیعرەدا، چونکە جیهانی شعیر جیهانێکی وێنە ئامێز و وەهمیە و مرۆڤ ئازادە چیدەکات و چی ناکات. بۆیە ئەگەر سەیری مێینە بکەین لەم شیعرەدا بابەتێکە بۆ خەوتن و سێکس، ئەمەش سەرچاوەی بیری شاعیرە لەو شیعرەدا واتە جەستە بۆتە عەقڵی شاعیر بۆ بیرکردنەوە لە شتەکان و دیتنی شتەکان بەمەش سەرچاوەیەکمان دیاریکردوە لەسەر چاوەکانی بیری ئەدەبی کوردی.

یاخود (قوبادی جەلیزادە) زۆرتر لەم پانتاییەدا کاردەکات:

ژنە شۆخەکانی وڵاتەکەم... لێم ببورن

گەر لە نێوان من و ئێوەدا

هەزاران دیواری بەرلین هەبێ

من هەر بە رووتی دەتانبینم

بە رووتی... .[2]

١– تاماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە، بەختیار عەلی، ل ٤١٠، ٤١١

٢– شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، قوبادی جەلیزادە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، لا: ٤٢٥.

## ب- لایەنی جوانناسی جەستە وەک سەیرگە:

یەکێکی دیکە لەو سەیرگانەی جەستە دەکارێت دنیا وێنا بکات بە هۆی هەستەکانی (بینین، بیستن، بۆن، دەست لێدان، تامکردن)ەوەیە، کە ئەم هەستە دەبێتە سەرچاوە بۆ داهێنانی ئەدەبی، بەڵام بە باگگراوندی جوانیناسیانە، واتە ئەگەر ئافرەت وێنا بکرێت بەم پێوەرە ئەوا وەك شتێکی جوان و سەرنج راکێش وێنا دەکرێت، یاخود مامەڵەکردن لەگەڵ سروشت یاخود دەوروبەر، چونکە شاعیر ئەم بنەمایەی هەیە بۆ سەیرکردنی هەموو شتەکان بەجوان دەبینێ یاخود جوانی شتەکان دەردەکات هەروەك (عەبدوڵلا گۆران) کە بە شاعیری ئافرەت و سروشت ناسراوە، لە وەسفی جوانی ئافرەتدا دەنوسێت:

**زۆر قـــژی زەرد ســـــەرنجی راکێشـــــاوم**
**زۆر چـاو شـین داویـە پرشـنگ لـە چـاوم**
**شـــان و مـــل و گـــەردنی رووتـــی بێگـــەرد**
**سنگی نەرم و مەمکی قوتی تونـد وەك بـەرد**
**بـەژن و بـاڵای کەڵەگـەت و شـۆخ و شـەنگ**
**لـەش و لاری کـەمێك گۆشـتن کەمـەر تـەنگ**
**پێستی سپی بە خـوێنی گـەش مەیلـە و ئـاڵ**
**کـولمی قەڵـە و چـەناگەی ناوەڕاسـت چـاڵ**
**هـەموو یـەك یـەك یـاخۆ دەسـتە بـە دەسـتە**
**نـاخی گیانیـان بـۆ پڕکـردووم لـە بەسـتە**
**ئەمانـەم گشـت لا جـوان بـووە و لا جوانـە**
**بـــەڵام هـــەرگیز تـــەنیا جـــوانی ئەمانـــە**
**بۆی نەشـکاندوم تونێیـەتی و ئـارەزووی دڵ**

**هـــەر گـــەڕا و مـــەلی برســـیم چـــڵا و چـــڵ**

دیوانی گۆران، ل: ٦٦

لە وەسفی سروشتدا دەنوسێت:

لـــــە ژێـــــر زەردی خۆرەتـــــاوا    بـــە نـــاو چـــیمەنی گـــویێ ئـــاوا

چەند بە ئاهەنگ چەن سیحراوی    ئەگـــەڕێ قـــاز یـــان مـــراوی

یـا کـەو لەسـەر بـەفری نـزار    بـۆ لوتکـەی هـەزار بـە هـەزار

چەن ئێسك و چەن گورج و گۆڵ    ئەکشێ پشت لە نویێ تەختی دۆڵ

یـا کەروێشـکی تێـر و قەڵـەو    لەبـــەر تریفـــەی مانگەشـــەو

چەن جوان ئەڕوا بە قونە قـون    سـرك و گـورج و سـپی و خـرپن

(د. گۆران، ٤٤)

## ٢ـ دەروون وەک سەرچاوەی بیری شیعری کوردی:

ئەگەر زمـان دەریچـەیەکی تایبـەت بێـت بـۆ دەربڕینـی دەروون. ئـەوا نـاتوانین شـیعر بکەینـە دەرەوەی ئـەم هاوکێشـەیە، چـونکە شـیعر هەموو چالاکیەکانی خۆی لەزماندا بەرجەستە دەکات. ئەوا بەم پێودانگـە شـیعریش وەك بوونـەوەرێکی زمـانی خـۆی بەهرەمەنـد دەکـات لەهـەموو رەگەزەکانی دەروون، بەڵکو زیاتریش لەمە جۆرێك لەشیعر هەیـە کـە کـت

ومت دەربڕی باری دەروونی مرۆڤـە و دەتـوانین لەڕێگـەی ئـەو شـیعرەوە هەنگاو هەڵنێین و لەباری دەروونی شاعیر بکۆڵینەوە و شارەزای خەیاڵ و بارە دەروونیەکانی بین.

خۆگـەر بنۆڕینـە کارەکـانی فرۆیـد ئـەوا زۆر بەئاسـانی ئـەم رەوتـە لـە لێکۆڵینەوەکانیـدا دەدۆزینـەوە، کـە فرۆیـد بـەدوو ئاڕاسـتە کـاریکردووە یـەکیان لـەژیانی نووسـەرەکەوە رۆشـتۆتە سـەر دەقـە ئەدەبیـەکان بـۆ دۆزینـەوەی ژیانـە خـودی و تاکـە کەسـیەکانی نووسـەر لـەناو پاڵـەوان و کارەکتەر و نووسینەکانیدا بەگشتی. دووەمیـان لـەدەقی نووسـینەکانەوە دەرچـوونی هـەبووە بـۆ نـاو ژیـانی نووسـەرەکان، هـەردوو رێگاکەشـی بەمەبەسـتی دۆزینـەوەی بـاری دەروونـی و کۆکردنـەوەی زانیـاری بـووە لەسەر دەروون بەگشتی.

((ماموستای دەروونشیکاری نویٚ فرۆید دانی بەوەدا دانـاوە کـە ئەدەب کاریگەری زۆر هەبووە لەسـەر بیرکردنـەوەکانی. فرۆیـد لـە هـەفتا هەمین ساڵی لەدایك بوونیدا ئەوەی رەتکردەوە کە ئەو داهێنەری چەمکی (نەست)بێت و وتـی (شـاعیرەکان و فەیلەسووفەکان پـێش مـن نەسـتیان دۆزیوەتەوە. ئەوەی من دۆزیومەتەوە رێبازێکی زانسـتیە بـۆ لێکۆڵینـەوە لەنەست)[1]))

واتــە فرۆیـد بـاش ئاگـادارە لەدەرکـەوتنی دەروونـی لـەکاری هونەری و دەقەکاندا لەدێر زەمانەوە، چـونکە لەگـەڵ پەیـدا بـوونی مـرۆڤ دەروونیش دەستی بەدەرکەوتنەکانی خۆی کردووە لەکایـە جیاوازەکـانی ژیاندا. شیعریش وەك کایەك بەدەر نیە لەم رێسـایە. دیـارە کاتێـك شـیعر بەدەروونـە وە دەردەکـەوێت خـۆی لەبـەردەم کۆمـەڵێك کـاری جیـاوازدا

---

١-د. حسام الخطيب، الادب الاوروبى، ب ط، مكتبة اطلس، دمشق، ١٩٧٢، ص٢٥٢

دەبینێتـەوە، کـە نووسـەران و رەخنـەگران هەریەکـەیان بەشـێوازێك ئـەم ئەرکەیان باسکردووە. واتە شـیعر کاتێـك پەیوەنـدی خـۆی بەدەروونـەوە درووستدەکات لەبەردەم کۆمـەڵێك ئەرکـدا خـۆی دەبینێتـەوە کـە بـەپێی بارە دەروونی و واقیعەکان جیـاوازی لـەخۆی دەگرێـت و مـەرج نیـە یـەك ئەرك هەبێت شـیعر ئـەنجامی بـدات. حاڵـەتی تـورەیی شـاعیر شـیعرێکی حەماسی و بەرگری دێنێتە ئاراوە کە ئەم ئەرکـە لێـرەدا زۆر جیـاوازە لـە حاڵەتی بوونی سۆز لەدەروونی شاعیردا کـە پێدەچـێت شـیعرەکە پڕبێـت لەبەخشین و ئاشتکردنەوەی شتەکان. هەر لەسەر بنـەمای ئـەم جیاوازیـە رای جیاوازیش هاتۆتە ئاراوە لەنێوان رەخنەگران و بیرمەنداندا.

((پـەیوەنـــدی هەڵچـــوونە شـــیعری و ســـتاتیکیەکان چـــییە بەهەڵچـوونەکانی ژیـانی واقعـی و ئاسـایی ئـەم پرسـیارە گرانـە لـەدێر زەمانــەوە لــە گفتوگــۆی رەخنەگرانــدا بــوونی هەیــە لە(پاکبوونــەوە)ی ئەرســتۆ هەتا(سەرســوڕمان)ی لونیجنــوس هــەتا حاڵــەتی رێگەپێــدان و هاوکــاریکردن لــە زانســتی دەروونــی ریتشــاردز، هــەتا حاڵــەتی ئــەو پاڵەوانانەی کە هەڵگری چەپێنراوە جیاوازەکانن لای فرۆید))[١]

بەڵام فرۆید لـەپاڵ ئـەم کارەیـدا هەنـدێك جـار کۆمـەڵێك ئـەرکی دیکەی بەسـەر شـیعردا دابارانـدووە کـە تاڕادەیـەکیش پێکاویـەتی، واتـە بەپێی حاڵەتە دەروونیەکان و واقیعەجیاوازەکان ئـەرك و مانـاو بـەهاکانی شیعریش بەپێی ئەم میتۆدە گۆڕانیان بەخۆیانـەوە دیـوە. هـەر بۆیـە لای فرۆید زۆر جار رووبـەڕووی رای جیـاواز دەبینـەوە لەسـەر شـیعر و هونـەر بەگشتی.

---

١- ویلیـام. ك. و ینمـرات و کلینـث بـروکس، النقـد الحـدیث تـاریخ مـوجز، الجـزء الرابع، ت: د. حسام الخطیب، محي الدین صبحی مطبعـة جامعـة دمشق، ١٩٧٦، ص٢٥١- ٢٥٢

((داهێنـانی شـیعر وەك داهێنـانی (نوكتـە) وەهایـە كەپشـت بەنەست دەبەستێت، شیعرو نوكتە جۆرێك لە وزە دەبەخشن بەمانایـەك لـەماناكان. زۆربـەی تەكنیكـەكانی شـیعر وەك تـەكنیكی گاڵتـەو خـەونن كەدەبێت خۆی پێوەند بەكات بەجۆرێك لەراهاتنەوە فرۆید دەڵێت: كێش و رەگەز و درككردن و شێوازەكانی تری دووبارە كردنەوەی دەنگ و وشە لەیەكچووەكان لە شیعردا چێژ دەبەخشن))[1]

وێكچوواندنی شیعر و نوكتە و خەون و بەستنەوەیان بەنەستەوە هەروا بێ بنـەماو لـەخۆوە نیـە. لەهەرسێ بابەتەكـەدا جگـە لـەئامادەگی دەروون بەگشتی، كۆمەڵێك رەگەزی دیكەش هـەن بەشـداری دەكـەن لـەم داهێنانـەدا، وەك رەمـز و خـەیاڵ، كـە شـیعر و نوكتـە هـەردووكیان دوو دنیـای رەمـز ئـامێزن. لەشـیعردا لـەنێوان دال و مەدلولـدا بـەجۆرێك لـە جۆرەكان پەیوەندی ئاشنایەتی هەیە وەك كۆتری سپی و ئاشتی، شێر و ئازایەتی. بەڵام لەنوكتەدا دال و مەدلول دەبێت پێچەوانەی یـەكتربن وەك دەركـەوتنی هەڵسـوكەوتی منداڵانـە لـەپیاوێكی خانـەدان و خـاوەن پلـەو پایەدا. واتە هـەتا چـەند دال و مـەدلول دووربـن لەیـەكترەوە داهێنانەكـە زیاتر خۆی دەسەپێنێ هەر بۆیە تاڕادەیەك پەیوەندی هەیە لـەنێوان ئـەم بابەتـە لەیـەك جیاوازانـەدا، ئـەوەی لـەم نێوەنـدەدا جێگـەی بایەخـە، بەخشینی جۆرێكە لەچێژ، جا چێژی شاعیر بۆخۆی بێت یـان بـۆ خوێنـەر (وەرگر)بێت جیاوازی نیە گرنگ بەخشینی چێژە، ئەم جێژەش جێـژێكی بایەلۆژی نیە، بەڵكو جێژێكی دەروونی و سایكۆلۆژیە. راستە شیعر وەك هەبوویەك ماددەیە و لەنووسیندا خۆی بەیان دەكات، بەڵام وەك خواردن و خواردنەوە نیە هەتا جێژی بایـەلۆژی ببەخشـێت بـەمرۆڤ. بـەڵكو زیـاتر

---

١- نفس المصدر السابق، ص ٨٥

شیعر پەیوەندی هەیە بەهەستەوە، ئەم هەستەش هەستێکی دەروونیە و پەیوەندی خۆی زیاتر بەدەروون و ڕۆحەوە گرێ دەدات. بۆیە ئەرستۆ بە مایەی پاکبوونەوەی دەروونی دەزانی لەهەموو خەیاڵە ئاڵۆز و خراپەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی تراژیدیا کە دەبێت ترس و بەزەیی ببزوێنێ لە مرۆڤدا هەتا ببێتە هۆی پاکبوونەوە و بەخۆدا چوونەوە. ((هەروەکو بینیجان، تراجیدی هەرە تەواو ئەوەیە چنینەکەی دارژاوبێ، نەك سادە و دەبێ لاسای کردەوەی وابکاتەوە کەترس و بەزەیی بروژێنێ، چونکە ئەرکی تایبەتی ئەم جۆرە تراجیدیە لەمەدایە))[1]

بەستنەوەی شیعر بەهەست و سۆز و دەروونەوە، زۆر جار ئەم پەیوەندیە گشتگیر دەکرێت بەسەر تەواوی شیعر و ئەدەبدا، بەڵام ئێمە ئەوە ناکەینە رایەکی رەها و وەستاو، نەخێر شیعر هەمیشە هەوڵی خۆ دەرباز کردنی هەیە تەنانەت لەخودی خۆشی، واتە شیعر یاخییە و هەمیشە شۆرش دژی خۆی بەرپا دەکات. بەم حاڵە وادەکات کە ساتەکان و زەمان و سەدەکان تێپەڕێنێت و کۆ بەکۆ بڕوات بێ راوەستان و ماندوو بوون، بەڵام بۆکاری لێکۆڵینەوە لەشیعر رووبەڕوو دەبینەوە لەگەڵ رایە کۆنکرێتی و گشتگیرەکان.

((مانای ئەدەب وا لێکدەدەنەوە کە شیکردنەوەی ژیان و دۆزینەوەی مانایە. ئەم دەرهێنان و دۆزینەوەیەش گەڕانەوەیە بۆ هێزی سۆز (عاتیفە) لەمرۆڤدا))[2]

ئەم رایە ئەگەر چی لاوازە سەبارەت بەپەیوەندی نێوان مانا و سۆز، بەڵام جۆرێك لەشیعر و لەئەدەب هەن خاڵی نین لەسۆز و خاڵی نین

---

١- ئەرەستۆ، هونەری شیعر (شیعر ناسی)، و: عەزیز گەردی، ب چا، چاپخانەی گەنج، خانەی چاپ و پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٤٧

٢- احمد امین، النقد الأدبی، ط الرابعة، دار الکتاب العربی، بیروت، ١٩٦٧، ص٤٠

لەوەی بەسۆز و مرۆڤ شتەکان پێوانە بکات و بە کێشانەی سۆز شتەکان لێك بداتەوە، چونکە بەشێکی زۆر لەشیعردا سەروکاری لەگەڵ سۆزی مرۆڤدا هەیە سۆزیش بۆخۆی بەشێکی چالاکە لەدەروونی مرۆڤدا. واتە دەروون بەڕێگاو بەشێوازی جیاجیا و هەر جارە و لەڕێگەی پێکهاتە و رەگەزێکەوە خۆی داوێتە ناو شیعرەوە. بەپێی ئەم میتۆدە شیعر و هونەر بەگشتی رەنگدانەوەی دەروونن وادەکەن دەروون بدرەوشێتەوە لەمەشخەڵەکانی خۆیاندا هەمیشە و دەم و سات دەروون بنووسنەوە بەشێواز و رێگای جیاجیا ئەم هەستە دەرببڕن و عەینی بکەنەوە. لەڕاستیدا دەروون بەوەی خەسڵەتی درەوشانەوەی هەیە. خاوەنی کۆمەك و هاوکاریە بۆ شیعر هەروەها بۆ بیرکردنەوە و خەون و هەموو چالاکیەکانی مرۆڤ بەگشتی. واتە دەروون یارمەتی لایەنی رۆحی مرۆڤ دەدات بەوەی هەڵدەستێت بەدروستکردنی وێنە و خستنە بەردەستی کەرەستەی دەروونی بۆ ئەوەی رۆح بتوانێت خۆی دابڕێژێت. هەروەها یارمەتی بیرکردنەوە دەدات بۆ نموونە کاتێك مرۆڤێك بیردەکاتەوە لەدروستکردنی شتێك کە لەسەری دابنیشێت. ئەوا دەروون کۆمەکی ئەم بیرکردنەوەیە دەکات بەوەی شتەکانی بۆ ئامادە دەکاتەوە کە ئەو مرۆڤە پێشتر ئەزموونی کردووە. بۆ نموونە بەردێك کە لەسەری دانیشتووە یان دارێك، هەتا ئەو وێنەیە ئامادە دەکات و دایدەهێنێ کە بیرکردنەوەکە لەخۆی دەگرێت ئەویش وێنەی (ئایدیا)ی کورسیە.

دواتر مرۆڤەکە بەپێی وێنەی (ئایدیا)ی کورسیەکە دەگەڕێت بەشوێن کەرەستەی گونجاو و کارەکەی دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەمەش بەشداریکردنی لایەنی بایەلۆژی مرۆڤە لەم کارەدا واتە سێ لایەن بەیەکەوە هاوکاری یەکتر دەکەن لەدروستکردنی کورسیەکدا. لایەنی عەقڵی و دەروونی و بایەلۆژییە. بەمەش گرنگی کۆمەکی لایەنی

دەروونمان بۆ دەردەکەوێت لەچالاکیەکانی مرۆڤدا، کە هونەر و شیعر بەتایبەتی بەدەرنین لەم رەوشە.

((بەبڕوای سایکۆلۆژیستە نوێیەکان ناوچەی نەست کاری دیکەی هەیە ئەویش بەهەوێن بوونیەتی بۆ پێگەیاندن و بەرەو پێشبردنی وێنەو خەون و بیرکردنەوە کە بەرهەمی هونەریش خواردنی خۆی لێوە وەدەست دەهێنێت[1]))

گەر ئەم بنەمایە ببەینە ناو شیعرەوە و ئەوە رۆشن بکەینەوە کە چۆن دەروون و رەگەزە سەرەکیەکانی کۆمەکی شاعیر دەکەن لەسەر نووسینی شیعر، ئێمە ئەوە واز لێدەهێنین کە شیعر بەم میتۆدە گوزارشتە لە دەروون. زیاتر لەمەش کاتێك شاعیر دەنووسێت. ئەو کاتە یادەوەری زمان بۆ شاعیر ئامادە دەکات لەئاستە کۆمەڵایەتیەکەیدا و دواتر شاعیر ئەم زمانە تێك دەشکێنێت و لەئاستە خودی و شیعریەکەیدا دەریدەبڕێت. هەروەها یادگە یادەوەری دەخاتە بەردەستی شاعیر و خەیاڵیش شتەکان ئامادە دەکات. واتە لەسەر ئاستی زمان شاعیر تەنانەت پەیوەندی نێوان دال و مەدلول تێك دەدات و جارێکی تر بەسیستەمێکی تر کە شیعرەکە خاوەنیەتی دال و مەدلول بەیەکەوە دەبەستێت و ماناکان دەگۆڕێت. لێرەدا ئەو دەرچوون و بەزاندنی رابردوو لەشیعردا، دەروون ئەم کۆمەکە پێشکەش بە شاعیر دەکات لەگەڵ زۆرێك لەکۆمەکی تر کە دواتر بەوردتر باسیان لێوە دەکەین. بەختیار عەلی لە باسی زمانی شیعردا دەڵێت :

---

١- روز غريب، تمهيد فى النقد الحديث، ط الاولى، دار المكشوف، بيروت، لبنان، ١٩٧١، ص ٧٧

((وشــه لەشـيعردا هــەمان ئــەو شــتانە ناونانێــت كــە زمــان وەك سيسـتـەمێكی ئامـاژە ناويـان دەنێـت وشـە لەشـيعردا ئامـاژەی نيـە بـۆ دەرەوە، بـەڵكو ئاماژەيـە بـۆ نـاوەوە، ئاماژەيـە بـۆ جووڵـەی زمـان بـە ئاڕاستەيەك پێچەوانەی مێژووی خۆی))[1]

شاعير هـەر دەبێـت سـەرەتا بەكۆمـەكی يـادەوەری ئاماژەكـانی دەرەوە بزانێــت، هــەتا جووڵــە و ڕەوتــی خــۆی بگۆڕێــك بەئاڕاســتەی پێچەوانەی ئەوەی لەيادگەدا ئامادەگی هەيە، لەپەيوەندی نێـوان دەروون و شـيعردا ئێمـە بەشـێوەيەكی گشـتی زۆر بـوار و دەلاقـەی جياوازمـان كـردەوە لـەنێوان ئـەم دوو چـەمكەدا، كـە بـەپێی سروشـتی هـەردووكيان ئاوێزانی يەكتر بن و يەكتر دەنووسنەوە و يەك بۆ يەكيان دەبێتـە بڵنـدگۆ بــۆ دەربڕينـــی هاوارەكــانی خــۆی. جارێــك شــيعر بەگــەرووی دەروون ئاوازەكانی خۆی دەچڕێت و جارێك دەروون بەگەرووی شيعر خۆی داوێتە ناو گەمە زمانەوانيەكانی شيعرەوە.

**((ئەی وڵاتم... لەنابەينی پەنجەكانی تۆدا گەورە بووم**

**قەڵەمێكی بچكۆلەبووم... لەگيرفانەكانی تۆوە هاتمە دەرێ**

**سەرما شكستيكردبووم... كۆڵانەو كۆڵان دەگەڕام**

**بەڵام نەتدەبينم... ئەو مردوەت نەدەبينی كەدەمی پڕ بوو لەبەفر**

**فرمێسكەكانيشی وەكـو تكـەی مـۆم... بەڕوومەتييـەوە بەسـتبووی... نەتدەبينم**

**چەند بەسەر دەست و داوێنتـدا شـكامەوە/ بـەددان بەڕەشـەباكانتدا نووسام فڕێمنەدەن/ بەڵام وەكو**

---

[1]- بەختيار عەلی، گەڕان بۆ ماناكانی ديكەی شيعر، گ ڕامان، ژ ٧٢، ٢٠٠٢، ل٩

جلکێکی تەنک بەتەنافێکی بەرزەوە بابردمی و گوێت پێنەدام... ››[1]

لـەم پارچـە شـیعرەی بـەختیار عەلیـدا گـەر بنـۆڕین خـەمێکی سـایکۆلۆژی ئامـادەگی هەیـە و هـەر ئـەم خەمـەش پـەنگی خواردۆتـەوە لــەدەروونی شــاعیردا. ئــەویش خــەمی (هەســت پێنەکردنــە) لەلایــەن خەڵکـەوە. واتـە مـرۆڤ هەمیشـە حـەزێکی هەیـە بـۆ ئـەوەی کەسـانی دەورووبەری ببینن. جا لەهەر ڕێگەیەکەوە بێت. کە بێتە مایـەی سـەرنج ڕاکێشـانی کۆمـەڵگا کاتێـك شـاعیر دەڵێـت مـن قەڵـەمێکی بچـووك بـووم مەبەسـتی ئەوەیـە کـە ئـەو نـەیتوانیووە لـەبوارە واقعـی و ژیانیەکانیـدا وابکات بوونی خۆی بسەلمێنێت. بۆیە هانای بردۆتـە بـەر نووسـین دیـارە نووسـین لای شـاعیر جۆرێکـە لـەخۆ دروسـتکردن، ڕێگایـەکی تـرە بـۆ ئامادەبوونەوە لەزەینی ئەوانیتردا. شاعیر بەم ڕێگایەدا دەڕوات و برینـی ئەوەشـی لەدەرووندایـە کـە نابینرێـت. ئەگەرچـی خـۆی بـەکوڕی وڵات و نیشتمانیش دەزانێت، بەڵام وڵات لەئاستی ئەم نەوەیەی خۆیدا بێ باکە و باکی نیە بەگریان و هـاوارو فیغانـەکانی، بۆیـە ئـەم هەسـتە برینداركـەرە هەڵدەگرێت لەناو خۆیدا و نایەوێت یاخی ببێت، بەڵام کاتێك دەزانێت مـل کەچـکردن بـۆ ئــەو هێــزە کۆمەڵایــەتی و سیاســیەی زۆرینــەی خــەڵك هەڵگریـەتی بـەجۆرێك لـەجۆرەکان ڕازیبوونـە بـەمردن. هەربۆیـە دواتـر شاعیر دەڵێت:

‹‹ناتوانم بەم جۆرە بژیم
بۆیە دەبێت. ئەم لەمپەرانە ببڕم و
شانازی بەیاخیبوونمەوە بکەم ››[2]

---

١-بـەختیار عـەلی، تاماتـەمی گـوڵ تـاخوێنی فریشـتە، ب چـا، چـاپخانەی ڕەنـج، لـە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ٢٠٠٦، ل٣٣٢

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣١

شـاعیر لەشـیعردا یـاخی دەبێـت و هــەموو شـتەکان دەپشـکنێ و رووی راسـتەقینەیان بـەدیار دەخـات و ئـەو مانایانـەیان لێدەسـتێنێتەوە کـە لەواقعدا هەڵیانگرتووە. ئەمەش هەمان تێك شکان و خایبوونـە لـە خـودی زمان و ئـەو ئەرکـەی کۆمـەڵگا داویـەتی بـە وشـەکان بۆیـە لێـرەدا دال و مەدلول هەمیشە دەگۆڕێن و مانای تر و واتای تر لـەخۆیان باردەکـەن کـە دەبێت وابێت. چونکە ئەو مانایەی لەواقعدا هەڵیگرتووە هـی خـۆی نیـە و پێچەوانەکەی راستە.

**(( ئەوانەی ئێستاکە تفەنگ بەڕووماندا هەڵدەبڕن**

**لەساڵۆن و کتێبخانەکاندا... جگەرەمان لێقەدەغەدەکەن**

**ناهێڵن بچینە ئاهەنگ و سینەماکان**

**هەر ئەوانە بوون کە جاران گوڵ و بوکە شوشەیان پێبوو**

**منیش ئێستا ئەو گوڵ و بوکە شوشانەم دەوێت**

**لەمناڵیمدا... ژوورەکان زنجێکی ئێجگار گەورە بوون... ))**[١]

گەر ئەم قەسیدەیە تاوتۆی بکەین کە قەسیدەی ((نیشتمان))ە پـڕە لـەو سات و حاڵەتە دەروونیانەی کە شاعیر لەو کاتانەدا بەهۆی نالەباری کەش و هەوای سیاسی وڵاتـەوە و نـەبوونی ئـازادی و بەزینـدانیکردنی باخچـە و شەقام و زانکۆ و... تاد. لەلایەن دەستەڵاتی تاکڕەوی ئەوکاتەوە، هەموو ئەمانە وەك کاردانـەوە و خـۆ بەتاڵکردنـەوە لـەم شـیعرەدا، زۆر بـەڕوونی بەرچـاو دەکـەون، کـە شـاعیر زۆر جـار شـتەکان دەشـکێنێ و دووبـارە سـازیان دەکاتـەوە. یـاخود بـارە دەروونیـەکانی خـۆی دەنووسـێتەوە و جۆرێـك لـە بـەتاڵ بوونـەوە بەدەسـت دەهێنـێ لـەم شـیعرەدا، هـەروەها لەسەر بنەمای ئەو ناحەقی و ئاڵۆزیە دەگەڕێتـەوە بـۆ منـاڵی و دەیـەوێت

١_ سەرچاوەی پێشوو

هەمیشە منداڵ بێت و لەگەڵ بووکە شوشە و هەڵمات و مەتارەی ئاو و موفەرکی چاوەزاردا بژیت و هەست بەم هەموو قەهرە نەکات. ئەرکی شیعر لەم قەسیدەیەدا مانای جیاواز وەردەگرێت ئەویش دڵدانەوەی شاعیرە لەلایەن خۆیەوە بەوەی کە کچ و شار و کۆمەڵگا و دەسەڵات و سیاسەت نایبینن و مافی نادەنێ، بۆیە شاعیر لەم شیعرەدا وەك بڵند گۆیەك هاوارەكانی دەروونی خۆی تیا دەنووسێتەوەو پەنجەرەیەك دەدۆزێتەوە بۆ بینینەوەی خۆی. لەپاڵ ئەمەشدا نایەوێت منداڵ بێت و كەس نەیبینێ بەڵكو دەیەوێت گەورەبێت، ئەم گەورە بوونەش هەستپێكردنە لەلایەن ئەویترەوە، واتە شاعیر گەمەیەك ئەنجام دەدات ئەویش ئەوەیە كاتێك ترس و دڵەراوكێ هەیە دەیەوێت منداڵ بێت بۆ ئەوەی خۆی رزگار بكات لەو بارە ناخۆشیە بەهۆی منالێتیەكەیەوە، وەك دەڵێت :-

**« دەلێمگەرێ بابگەرێمەوە مندالیم/ بەدوای جلكی كۆن و سمێڵی دەستكردو تەباشیرە**

**بچكۆلانەكانمدا دەگەرێم/ بەدوای ئەو جێگایانەدا دەگەرێم كە سەنگ و بەردم تیاكردوون/**

**بەدوای فرمێسك و جنێوەكانمدا دەگەرێم... »**[١]

بەلام كاتێك هەست دەكات بوونی نیە. ئەوا نایەوێت منداڵ بێت و دەیەوێت گەورەبێت گەورەیش لای شاعیر هەستكردنە لەلای ئەویترەوە بەئەم. هەروەك دەڵێت :

**« ئیتر بەسە وەكو منداڵ سەرم نانێمە ناو كۆشم**

**وەكو منداڵ لەبەر ئاوێنەیەكی روونندا قژە تەرە خوماوییەكەم**

---

١_سەرچاوەی پێشوو

**داناهێڵم**

**ناهێڵم کەس پێمبڵێت بۆ دەستەکانت وا گچکەن... »**[1]

ئەم یاریەش یاریەکی سایکۆلۆژیە بۆ پاراستنی هاوسەنگی شاعیر لەنێوان هەڵچوونەکانی ناو واقیع و هەڵچوونە دەروونیەکانی خۆی، ئەم شیعرە شیعرێکی دەروونیە و بەس.

## ٣ـ عەقل وەک سەرچاوەی بیری شیعری کوردی:

کاتێک ئێمە رووبەڕووی چەمکی (عەقڵ) دەبینەوە خێرا رووبەڕووی کۆمەڵێك دەرگای داخراو دەبینەوە کە رێگەمان لێدەگرێت هەتا بزانین عەقڵ چییە، بەڵام وەڵامێکی سادە و پێش وەخت کە بەردەستە ئەوەیە عەقڵ یەکێکە لە تواناکانی مرۆڤ کە یارمەتی مرۆڤ دەدات لە خۆبەڕێوەبردندا. بەڵام ئەم وەڵامە هێشتا قایلکەر نیە و بەم شێوەیەش ناکرێت بناسرێت، چونکە عەقڵ دەیان جێکەوتەی جیاجیای هەیە. بۆیە هەر دەبێت بەسەیرکردنێکی خێراش بێت بڕۆینەوە بەردەم فەیلەسووفەکان و لە رێگەی ئەو مێژووە بەردەستەی هەیە بۆ فەلسەفە ئەوە بدۆزینەوە عەقڵ لە کوێدایە و چۆن کاردەکات؟ فەیلەسووفەکانی پێش سوکرات بەشێکی زۆری ئەوانە بوون کە بۆ گەڕان بە شوێن بنەڕەتی شتەکاندا "بابەتە سروشتیەکانیان بە بنەڕەتی شتەکان داناوە، بە دوای

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٧

بابەتێکدا گەڕاون کە هەبووە و لەوێوە بەو بارە گەیشتون ناوەڕۆك نەگۆڕە و گۆڕان تەنها بەسەر شێوەدا دێت"ە. [1]

واتە لایەنی ماددییان بە جەوهەر زانیوە جا لای هەریەکێکیان بە جیاوازی کەوتوتەوە، بۆ نموونە تالیس (ئاو) بە بنەڕەتی هەموو شتەکان دەزانێت، چونکە ئاو یاخود شێ لە هەموو شتێکدا بوونی هەیە.

نەخێر فەیلەسووفەکانی دیکە سەیری ئەوەیانکردوە لە شتەکاندا کە جیاوازە لە ئاو. وەك (ئەزگسیمەنیست و دێوخیس) هەوایان بە بنەڕەتی شتەکان زانیوە (هیپاسۆسی میتاپۆنتۆم هیراکلیتس) ئاگر دەکەن بە بنەڕەت، پاشان (ئیپا دۆکلیس)[6]، [2]بە ڕەچاوی کردنی ئەو سێ ڕەگەزەی پێشوو باوەڕی بە چوار بنەڕەت هەیە خاك لەگەڵ سێ بنەرەتەکەی پێشوو کە باسمان کرد. پاشان فەیلەسووفەکانی پاش ئەم کۆمەڵەیە وردە وردە بۆ گەڕان بە شوێن بنەڕەتدا روویان وەرگێڕا لە مادده و هەوڵیاندا شتێك بدۆزنەوە جیاواز بێت لە مادده، چونکە بینیان مادده گۆڕانی بەسەردا دێت و ناکرێت بکرێتە ماهیەت یاخود جەوهەری شتەکان وەك (پارامیندس) کە خۆشەویستی و ئارەزووی بە بنەڕەتی بوون داناوە.

ئەمە بەردەوام بوو هەتا کاتێك (سوکرات) لە دوای سۆفستایەکانەوە دێتە ناو مەیدانەکەوە و ئەوەی رەتکردەوە کە بنەڕەت مادده بێت، دیارە بەشێکی زۆری رایەکانی سوکرات لە رێگەی گێڕانەوەکانی ئەفلاتونەوە بەدەست هاتوون کە زەحمەتە

---

١_ فەلسەفە بە زمانی سادە، جیسنی تیسمەن، و چنور فەتحی و سەعید کانی، چاپەکەم، ساڵی ٢٠٠٩، هەولێر، ل ١٠٨.

٢_ هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل١٠٠

جیاکردنەوەیان. ئـەوەی ئـەفلاتوون ئەنجامیـدا ئـەوەبوو چـۆن بگـات بـە بنەمایەك پێشتر پەی پێـی نـەبراوە ئـەوە بـوو سـوكرات خـۆی بـە كێشـە ڕەوشتیەكانەوە ماندوو دەكرد بە دوای پێناسە بنەڕەتە هەمەكیـەكان بـۆ ڕەوشـت دەگـەڕا نـەك سروشـت. [1] ئـەفلاتوون (ئایـدیا)ی كـردە بنـەڕەتی هـەموو شـتێك لـە گەردوونـدا، هـەتا كاتێـك ئەرسـتۆ هـات و ڕەخنـەی لـە باوەڕی مامۆستاكەی گرت و بۆ گەیشتن بەهۆی یەكەمینی شتەكان بوونی ڕووتی كردە ئامانج نەك توخمەكان.

ئەگەر ئێمـە پێـدا بـڕۆین سـەیر دەكـەین مێـژووی عـەقڵ یـاخود مێژووی فەلسەفە تا دەگاتە دیكارت و هیگل و... فەیلەسووفانی سـەتەی بیسـتەم، سـەیر دەكـەین هـەموو فەیلەسـوفێكی تـازە شـتێكی تـازەی هێناوەتە ئاراوە كە پێشتر بەو ڕادەیە كاری لەسەر نـەكراوە، ئـەوەی مـن مەبەستمە لەم پێشەكییە ئەوەیە سروشـتی عـەقڵ بـەیان بكـەین، پاشـان كاتێـك عـەقڵ دەبێتـە سەرچـاوەی مەعریفـە چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم مەعریفەیە بكەین. بە ئاوڕدانەوە بۆ قۆناغەكانی عەقڵ لـە مێـژووی خۆیـدا دەگەینە ئەو بـاوەڕەی كـە مەعریفـەی عـەقڵ زیـاتر ئـەوەی لـێ بەڕاسـت دەگەرێ كە نەیوتووە لەسەر شتەكە، نەك ئەوەی وتوویەتی. هەروەك بـە بنەمای یەكەمین زانـینی مـاددە لای فەیلەسـووفانی پـێش سـوكرات، خـۆ دڵنیـام لەسـەر ئـەوە باوەڕانـەی خۆیـان ئامـادەبوون تەنانـەت گیـانی خۆشیان بەخت بكەن. بەڵام ئەمڕۆ هەموومان ئـەوە دەزانـین كـە ناكرێـت ماددەیەك كە بۆ خۆی تەمای بە شتی دیكەیە بۆ لەناو نەچـوونی، بكرێتـە هۆی یەكەمی شـتەكان. واتـە ئـەو مەعریفـە عەقڵیـەی وەدەسـت هـاتووە

[1]-ڕەخنەی عەقڵی پەتی، ئیمانویل كانت، و سۆران عومەر، ساڵی ٢٠١٤، سلێمانی، ل ٥٧.

کێشەی تێدایە، بەڵکو ئەوەی نەوتراوە لەسەر ئەو شتە لە راستییەوە نزیکترە. بەو مانایەی عەقڵ هەمیشە پەیوەندی لەگەڵ نەوتراو و نەبیستراوەکاندا هەیە، نەك دیتراو و بیستراوەکان. واتە ئەگەر بمانەوێت خودی عەقڵ بناسین ئەوا دەبێت ئەو ئەگەرانە رەچاو بکەین کە هێشتا لە دایك نەبوون، چونکە هێزی عەقڵ لەوانەدا خۆی مانیفێستدەکات.

ئەم حاڵەتە ئەگەڕێنینەوە ناو فەیلەسووف سەیر دەکەین فەیلەسووف لەبەر ئەوەی عەقڵ دەکاتە بنەمای روانین و سەرچاوەی مەعریفەی خۆی ناتوانێت تەنانەت شتە باشەکانی ناو دەوروبەریشی هەست پێبکات، چونکە ئەو بەردەوام بە شوێن ئەوەدا دەگەڕێت کە لەو شتەدا نیە. ئەمەش بە دوو هۆ: یەکەمیان جۆرێك لە دەسەڵاتی مەعریفی پەیدا دەکات بەسەر دەوروبەر بە جۆرێك بەرامبەرەکەی دەخاتە ناو نەزانینەوە بەمەش ئەو بەرامبەرە دەکەوێتە سەر هەواو ئەو بنەمایەی خۆی لە دەست دەدات کە پێشتر لەسەری وەستاوە.

بەمەش فەیلەسووف دەسەڵات پەیدا دەکات، چونکە توانیویەتی جەوهەری هێزی بەرامبەر یەکسان بکاتەوە بە سفر، پاشان ئەم دەسەڵاتەی زیاد دەکات کاتێك پرسیاری ئەو نەزانینە ئاراستە دەکات و وەك شارەزایەك پیاسە دەکات بەناو ئەو شتەدا و بەرامبەر یان تەسلیم دەبێت یاخود دەبێتە دوژمن. هۆی دووەمیان ئەوەیە فەیلەسووف یاخود خودی (عەقڵ) عەشقی نەزانینە بە هۆی بەرامبەرەکەیەوە خۆی لە نەزانین نزیك دەکاتەوە بەمەش فێل لە بەرامبەر دەکات بەوەی زانین بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و نەزانینیش بۆ بەرامبەرەکەی، ئەگەر ورد سەیری ژیانی سوکرات بکەین دەبینین سوکرات کاتێك ئاوڕی دایەوە هەموو ئەسینا ببووە دوژمنی، چونکە کاتێك بە (عەقڵ) مامەڵەی لەگەڵ دەوروبەرەکەی دەکرد عەقڵیش کە بووە حاکمی هەستەکان و

ڕەمەکەکانی مرۆڤ بەردەوام چاوی لەسەر دەسەڵاتی زانینە و دەیەوێت ئەو نەزانینەی خۆی چارە بکات بە بەرامبەرەکانی. کاتێك سوکرات دەڵێت (ئەوەندە دەزانم کە نازانم) دانپیانێکی فێڵاویە بەرامبەرەکانی رادەگرێت. ئەوەبوو سوکرات شاعیرەکان و سیاسیەکان و هونەرمەندەکان و... تاد هەموو بوونە دوژمنی، چونکە مامەڵەی عەقڵ مامەڵەیەکی بەرژەوەندی خوازە، مامەڵەیەکە بە تەنها سودی خۆی رەچاو دەکات گوێ نادات بە دەوروبەرەکەی بەرەو چی دەڕوات، خەمخۆر نیە بۆ بەرامبەرەکانی غەریزەکان بەرەو خۆی دەبات، هەر بۆیە یۆنان لە دوا جاردا تۆڵەی خۆی لە سوکرات دەکاتەوە، چونکە سوکرات هەموویانی کوشت، یاخود زانینی هەموو بەرامبەرەکانی یەکسان کرد بە سفر، بۆیە گەلی ئەسیناش سوکراتیان کردە سفر و ژیانیان لێ ستاندەوە.

مێژووی عەقڵ مێژووی ئەو فەیلەسووفانەیە کە پێیان بە یەکتردانـاوە، ئەمەش خاسیەتی عەقڵی مرۆڤە. ئەوەی دەیەوێت کە مرۆڤەکان نیانە. یاخود دەیەوێت ئەوە لە بەرامبەرەکانیدا ببینێتەوە کە خۆی هەیەتی بۆ گەورەکردنی دەسەڵاتی خۆی. هیگل کە دێتە سەر باسی رۆژهەڵات هێندە بچوکی دەکاتەوە تا دەگاتە ئەوەی بڵێت رۆژهەڵات تاکی ئازادی تێدا هەڵنەکەوتەوە بە پێچەوانەی رۆژئاواوە کە زەمینەی سەرهەڵدانی رۆحی مرۆڤایەتیە.

هیگل هێندە خۆی بە گەورە دەزانێت لە مێژووی عەقڵدا کە گاڵتە بە هەموو فەیلەسووف و بڕواداران دەکات، ئەوە هیچ کە فەیلەسووفانی ماددیگەرا کاتێك دەکەونە بەرامبەر ئایدیالیستەکان لەسەر نەخشەی عەقڵ دەیانسڕنەوە. بۆیە کاتێك ئێمە گوتەی (مەعریفەی عەقڵی) دەبەین دەبێت ئەوە بزانین ئەو مەعریفەیە جێگەی گومانە،

چونکه له جەوهەرەکەیەوە هاتووە کە لەسەر گومان خۆی بینا دەکات ئەویش خودی (عەقڵە).

پرسیارەکە ئەوەیە لە بنەڕەتەوە واز لە عەقڵ بهێنین، یاخود وابکەین عەقڵ بە تەنیا نەیەتە مەیدانەکەوە پێویستی بە مامۆستایەك هەیە بۆ ئەوەی راستە ڕێیبکات، کە ئەویش (قەلب — دڵ)ە. دیارە ئەم مەعریفەیە هەر لە سەرەتاوە نەخشە بۆ کێشراوە، چونکە ئامانجەکەی ئاراستەی بیرکەرەوەکە دیار دەکات. کێشەی ئەم جۆرە لەم مەعریفە بۆ نیشاندانی کەم و کوڕی جیهانە لە لایەك و پاشان دیارخستنی ئەو شتانەی لە جیهاندا بوونیان نیە، بە مەبەستی لاوازکردن و داشکاندنی بەهای ماددی و مەعنەوی ئەو شتە. ئێمە کاتێك دەکەوینە بەرامبەر (مەحوی) کە دەتوانم بڵێم یەکێکە لە گەورە شاعیرانی کورد کە ئێستاشی لەگەڵ بێت نەتوانراوە جیهانی شیعری مەحوی تێپەڕێنرێت، بەڵام مەحویش وەك شاعیر بێ کەم و کوڕی نیە و ئەوەشی بەها دەداتە مەحوی ئەوەیە هەمیشە ئەم حاڵەتە ناتەواویەی خۆی باس دەکات و دەیەوێت بەرەو کەماڵ بڕوات.

**هەر گفتوگۆمە، کەچی هەر ئەڵێم و تێ ناگەم**

**هەر جوست و جۆمە، کەچی هەر ئەڕۆم پێ ناگەم**

**چاوم روا و گۆشەی ئەو ئەبرووەم نەدی**

**دڵ بوو بە بەحری عولووم و لە ئەلف و پێ ناگەم**

ئەم دانپینانە بۆ خۆی دیاریکردنی کەم کوڕیەکە لە کەسایەتی خۆی واتە یەکەم  هەنگاو ناسینی نەخۆشیەکەیە پاشان چارەسەر دەست پێدەکات، بەڵام مەرج نیە هەموو کات ئەم وەعیە لەناو مەحویدا بالا دەست بێت کە ئەو خەریکی خۆ پەروەردەکردنە، بەڵکو کاتێك ئەم وەعیە بزر دەبێت، واتە کاتێك قەلبی جێ ی دەهێڵێ هەر عەقڵی خۆی بە

دەستەوە دەمێنێ و ئەوجا بە میزانی عەقڵ دەکەوێتە بەرامبەر شتەکان و دەست دەکات بەو پرۆسە عەقڵیە و شەڕ بەرپا دەکات لەگەڵ عالەمدا. ئەم شەڕەش هەر بۆ خودی کوشتنی عالەمە نەك هێنانەدی ئاشتی و ئارامی بۆ خۆی و بۆ دونیا.

**ریشێکی پان و تووکی بناگوێ درێژ و لوول**

**سۆفی لە دینی لادە بە دیمەن لە جوو دەکات**

**گەر عاشقی لە خوونی جگەر قوم دە، دەم مەدە**

**وەی خوارە، خام کارە هەتا هاو و هوو دەکات**

مەحوی لا دەکاتەوە بە لای سۆفیگەریدا و ئەو جۆرە لە سۆفی رەتدەکاتەوە کە ریش دەهێڵێتەوە و وەك جوولەکە دیمەنێکی ناشرین نیشاندەدات، یاخود دەیکاتە هات و هاوار و بەم هات و هاوارە یادی خوا دەکات، رەتکردنەوەی مەحوی بۆ ئەم حاڵەتە پاڵپشتە بەو مەعریفە عەقڵییەی پێشتر هەیەتی دەربارەی خوداپەرستی، کە مرۆڤ دەبێت خوێنی جگەری خۆی بخوات و هیچ قسە نەکات و خۆی ئاشکرا نەکات چ بە باسکردنی حاڵە روحیەکانی خۆی و چ بەو سەروسیمایەی ئەمرۆ بۆتە ناسنامەی خەڵکی ئیماندار و خاوەن پەیام.

ئێستا ئێمە با ئەو پرسیارە بکەین چۆن بزانین ئەم مەعریفەیەی مەحوی دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵ، نەك (دڵ — قلب) دیارە ئەنجامەکە خۆی شاهیدی دەدات لەسەر سەرچاوەکە، چونکە مەحوی دڵڕەقانە ئا لەم جۆرە سۆفیە دەدات و هەلی ژیانی ناداتێ. واتە زانینەکەی بۆ ئەوەیە نەزانینی سۆفیەکان دەربخات و بەمەش سۆفیەکان لە دەسەڵاتی روحانی خۆیان دەکەون، چونکە مەحوی رێگەی خودایان لێ دەگرێت و سۆفی ناچارە بە رێگەی مەحویدا خودا پەرستی بکات، ئەمەش جۆرێکە لە خۆویستی لە فکری مەحویدا، چونکە ئەگەر مەحوی لەم

بـارەدا کـە ئـەم شـیعرەی تیـا نوسـیووە لەسـەر ڕێگـە ڕاسـتەقینەکەی خوداناسی و خوداپەرستی بێت، ناچێتە ئەو شـوێنەی بڕیاربـدات کـە ئـەم جۆرە خوداپـەرستیەی سۆفیەکان یەکسانە بە جولەکەیی، چـونکە خـودی بڕیارەکەی مەحویش بڕیارێکی سەرزارەکی و هەستەکیە. مەحوی بەچـیدا دەزانێت خودا ئەم هات و هاوارەی ناوێت. ئایا ئەو نوێنەری خودایە هـەتا ڕێگە دیار بکات بۆ گەیشتن بە خـودا... بـە دڵنیایـەوە نـەخێر... ! ئـەم بڕیار و مەعریفەیەی مەحوی هەموو سەرچـاوەکەی لـە عەقڵـەوە هـاتووە، مەحوی بە عەقڵ لـە دنیـا نزیـك دەبێتـەوە بۆیـە تـەنها دەیـەوێت ئـەوەی خۆی مەبەستیەتی بگاتە مەبەست و سەیری بەرامبەرەکەی ناکات چی لێ بەسەر دێت. ئەمەش پێچەوانەی ئاکاری ئەو جیهانەیە کـە مـەحوی خـۆی مەبەستیەتی پێی بگات.

**بێ کەس منم کەسێ لە زوبانم بگات نیە**

**هەمدەم خودا نەناس و دەم پڕ لە یا خودا**

**(د. م ل٣٦)**

کاتێك مەحوی لەم حاڵەتەدا دەمێنێتەوە تووشی هەمان تەنیایی دەبێتـەوە کـە سـوکرات تووشـی هـات، چـونکە بنـەمای ئـەم جـۆرە لـە بیرکردنەوە سەر بە بنەماکانی عەقڵە ئەوەتا مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو کەسـانە دەکات کە هەمیشـە هـاواری خـودا دەکـەن و یـاخودا یاخودایانـە، بـەڵام خودانەناسن لە دیدی مەحویدا. دیارە ئێمە بـاش ئـەوە دەزانـین کـە ئـەم باوەڕەی مەحوی بۆ زۆرێـك لـە خوداپـەرستـەکان ڕاسـتە، بـەڵام مامەڵـەی دروست لەگەڵ ئەو خودا پـەرستانەی خودانەناسـن بـەو شـێوەیە نیـە کـە مەحوی پەیڕەوی دەکات، چونکە ئامانجەکەی تەنیاییە، بەڵکو لە مامەڵـە ڕاسـتەقینەکەدا لەگـەڵ ئـەم کەسـانە، (مـەحوی) دەیتـوانی بگاتـە ئـەو کەسانە بە (یاران) وەسفیدەکات. واتە کاتێك وەك مرۆڤـ دڵسوتانی خـۆی

دەكاتە بنەما، ئەو كاتە خەم دەخوات لەوەی كە بۆچی خوداپەرستەكان خودانەناسن. ئەو كات هەوڵی ئەوەی دەدا كە مرۆڤ دەتوانێت ئەوەی دەیزانێت و لەسەر زاریەتی بارگۆڕی پێبكات بۆ دڵ و ببێتە خەسڵەتێك لەناو كەسایەتی خۆیدا، كاتێك ئەم چاكەیە ئەنجام دەدەیت دۆست دەدۆزیتەوە نەك تەنیایی، تەنیایەكە نیشانەی ئەوەیە مەعریفەی عەقڵی لەمەحویدا زاڵە. بۆیە تەنیایی دەبێتە سەرەنجام. كاتێك (مەحوی) لەسەرەتاوە ئەوە بڕیار دەدات كە كەس نیە تێی بگات، پاشان دێت بەم مەعریفە پێش وەختەوە نزیك دەبێتەوە لە خوداپەرستەكان بە دڵنیایەوە جگە لە تەنیایی هیچی دیكەی بەنسیب نابێت، چونكە مامەڵەكە عەقڵیە. مەحوی بەرەو ئەوە دەڕوات كە لە خوداپەرستەكاندا نیە نەك ئەوەی كە تیایاندایە، دواتر ئەو نەزانینەی خوداپەرستەكان بەرامبەر دەكات بەو زانینەی خۆی هەیەتی، سەیر دەكات مەودا نیە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ خوداپەرستەكاندا، هەست دەكات تەنیاییە و كەسێ تێی بگات بوونی نییە.

دیارە ئەم تەنیاییە ویستانەیە. واتە (مەحوی) خۆی هەڵیبژاردوە نەك تووشی بێت و بەرامبەرەكان بەویان دابێت، چونكە تەنیابونەوەكە هەر لەسەرەتاوە دیارە و پێویست بەوە ناكات وەك شتێكی لەناكاو سەیری بكەین، ئەم جۆرە مامەڵەیە هەر لای مەحوی بوونی نییە، بەڵكو لای زۆربەی ئەوانەی بە سۆفی ناویاندەركردەوە وەك شیرازی و شەمسی تەبریزی و مەولانا... تاد رەنگیداوەتەوە، چونكە ئەم جیهانە خۆی لە سەر تەنیایی بینادەكات بە جۆرێك مرۆڤەكە ئیشی بە تەنیایەكەیە بۆیە بەریناداد و لە هەموو ئەزموونێكدا هەر ئەوە هەڵدەبژێرێتەوە.

**تەڵـەبی رەحـم و مـرووەت لـە دڵـی ئـاهی زەمـان**
**تەڵـــــــەبیئاوی حەیاتـــــــە لەسەرابســــــتانا**
**قـــاتی پیـــاوە لەســــەر ئـــەم ئـــەرزە دەبـــینی**
**مەنسور بەســەری دارەوە ذوالنـون لـە بـن زینـدانا**

**(د. م ل٦٥_٦٦)**

جیهـانی عـەقڵ جیهانێکـە تـا سـەر ئیسـقان پێویسـتی بـە رەحـم و بەزەییە، چونکە عەقڵ خۆی بریندارە بـەوەی کـەس بـە رەحـم مامەڵـەی لەگەڵ ناکات، بەڵام کێشەکە هەر بـۆ خـودی خـۆی دەگەڕێتـەوە، چـونکە مەحوی پەلاماری هەموو ئەوانە دەدات کەسەر بـە رێبـازی خوداپەرسـتین بە مـەلا و شـێخ و سـۆفی و خـەڵکی سادەشـەوە، لەولاشـەوە چاوەڕێ ی ئەوە دەکات رەحمی بەرامبەر بنوێنن. بۆیە مەحوی بەردەوام لە کێشـەدا دەژیت، کێشەی ئەوەی ناتوانێت خەڵك وەك خۆی قبوڵ بکات. سادە بـیر لە ئەهلی زەمان بکاتەوە سادەش بژیت سـادە بـە مانـای ئـەوە نـا مرۆڤـ گوێ نەدات بە شتەکان و یـاخود جۆرێـك بێـت لـە بـێ ئاگـایی... نـەخێر، بەڵکو ئەوەیە رەحـم بنوێنێـت لەگـەڵ ئـەهلی زەمـان و خۆبـەخۆ و تـەنیا دەردە دڵ تـەنها لەگـەڵ خـودا بکـەیت. واتـە کاتێـك مرۆڤـ گەیشـتە ئـەو قۆناغە رۆحیە باڵایە کە تەنها خودای مەبەست بێت، ئەو کات ئـەو رەحـم بە ئەهلی زەمانە دەکات یاخود ئەو دەبێتە پیاوی زەمانە و مەردانە دێتـە مەیـدان و بـە هانـای ئـەهلی زەمانـەوە دەچـێت. دیـارە قۆنـاغی رۆحـی مـەحوی لـەم سـاتەیدا کـە ئـەو شـیعرەی تێـدا بەرهـەم هـاتوە هێشـتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی چارەسەری شـتەکان بکـات، بـەڵکو دێـت تـوڕە دەبێت و یاخی دەبێت لە ئەهلی دنیا بـەو رادەیـەی کـە ئـیتر وا دەزانێـت

تاقە پیاوێك نەماوە، خۆ چاوەڕێکردنی ڕەحم و مروەت لە خەڵکی خـەیاڵ پڵاویە و وەك ئەوەیە داوای ئاوی حەیات بکەیت لەسەرا بساتانا. کێشـەی ئەم جۆرە لە عەقڵ ئەوەیە بەردەوام دادەخرێت و مەوداکانی بینینی کەم ڕەوتە، ناتوانێت بە ئاسانی تێکەڵ بێت لەگەڵ شتەکاندا. ئەمەش بچوکی دڵی مەحویە کە بە کە مترین وەدینەهاتنی چاوەڕوانیەك بێ هیـوا دەبێـت و شـتە ناکۆکـەکانی دنیـا وێنـا دەکـات. وەك لـە سـێدارەدانی مەنسـوری حەلاج و زیندانیکردنی زەنون. لەولاشەوە سەدان تاوانبار و ناپیاو دەبینی بە ئازادی دێـن و دەچـن. ژیـانکردن لەسـەر ئـەم ناکۆکیانـە مرۆڤـ بـەرەو شەڕێکی بە کۆتا نەهاتوو دەبەن، شەڕێك کە خودی مەحویش تێی ناگـات و ڕێگەی دەربازبوون نادۆزێتەوە.

دیارە وێناکردنی ئەم وێنانەش پێچەوانەی ئەو جیهانەن کە مـەحوی خەوی پێوە دەبینێ، چـونکە جیهـانی خوداپەرسـتی راسـتەقینە خـەیاڵی مرۆڤـ هێندپاك دەکاتەوە ناتوانێت وێنـای شـتە خراپـەکان بکـات و تـوڕە بێت، بەڵکو ڕەحمی دەجوڵێت و هێمن دەبێتەوە و مەرهەم ئاسا وێناکـان دەگوازێتـەوە، بۆیـە مـەحوی بـۆ خـۆی هۆکـارە بـەوەی یـار بـە پیریـەوە نەڕوات و بەردەوام مەحوی فەرامۆش بکـات، چـونکە مـەحوی بـە عـەقڵی خۆی مامەڵـە دەکـات نـەك بـە دڵـی یـار، یـاریش مـەرجی هـاتنی ئەوەیـە مـەحوی واز بهـێنێ لـە عـەقڵی خـۆیی و عـەقڵی بداتـە دەسـت دڵـی یـار. کاتێکیش ئەم کارە ناکات یار ئاوڕی لێ ناداتەوە.

**بوومە خاکی سەری ڕێی، پێیەکی تا پـێمانا**

**ووتی: سەد دەفعە بخۆ ئەی حەریکەی بێ مانا**

**(د. م ل٦٥)"**

تەنانەت مەحوی خۆشی دەزانێت ئەم هەموو شەڕ و ئاشوبەی دەرد ناخوات و یار پێی رازی نییە، بۆیە خۆی بە بزۆز و کەم عەقڵ دێتە بەرچاو، کاتێك بەو شێوازە مامەڵە دەکات کە عەقڵ تێیدا سەردارە، ئەم مەعریفە عەقڵییە دواجار ئەوە بەدەست مرۆڤەوە دەدات کە هیچ نازانێت واتە کۆتایی خودی عەقڵ نەزانینە، ئەم نەزانینەش تەنها بۆ خودی مەعریفە نیە تەنیا، بەڵکو مرۆڤ ئەو کات دەزانێت کە هیچ نازانێت دەربارەی ژیان و خوداپەرستی و هەموو ئەو شتانەی دەوری مرۆڤیان داوە، چونکە وەك گوتمان رۆیشتنی عەقڵ بەم ئاڕاستە یە مرۆڤ دەباتە سەحرایەکی پان و بەرین و بەس، کە هەر دەبێت خەون بەوە ببینێت یەکێك دەرکەوێت کاتێکیش دەردەکەوێت ئەم پێی رازی نیە و دەست دەکاتەوە بە یاریە کۆنەکەی جارانی.

**کە شێخ و واعیز و سۆفی بە جەننەت بەن گەد و گیباڵ**

**دەبێ ئەمسالی ئێمە بۆ جەهەنەم بەن سرِ و سیپاڵ**

**( د. م ل: ٢٤٤)**

مەحوی ئەمجارە دێتە سەر ئاخیرەت و لەوێش واز لە سۆفی و شێخ و واعیز ناهێنێ و باوەڕ بەوە ناکات کە بچنە بەهەشتەوە، چونکە گەر ئەوانە کە شەو رۆژ خەریکی ناشرینکردنی ئاینن بڕۆنە بەهەشتەوە ئەوا دیارە کە مەحوی و نموونەی وەك ئەو بەرەو جەهەندەم دەڕۆن. گەر هەروا بە سادەیی سەیری ئەم بەیتە بکەیت ئەوا حەق دەدەیت بە مەحوی کە ئەو باوەڕەی هەبێت، بەڵام ئەگەر وردتر بڕۆین و تێبفکرین سەیر دەکەین مەحوی گەیاندۆتە ئاستێك رەخنە بگرێت گەر هاتوو ئەوانەی ئەم پەسەندی ناکات بڕۆنە بەهەشتەوە، واتە بڕیار دەدات لەسەر

ئەوەی کێ بەهەشتیە و کێ جەهەنەمییە و ئەم باوەڕەش کێشە لەگەڵ خۆی باردەکات، چونکە مەحوی هێشتا لە رەحمی خودا تێنەگەیشتوە کە چەند فروانە کە دڵنیام جێگەی تاوانبارەکانیشی تێدا دەبێتەوە چ جای سۆفی و شێخ و... تاد. مامەڵەکردنی مەحوی لەم بابەتانەدا مامەڵەیەکی عەقڵیە بە عەقڵ پێوانەی خەڵك دەکات بۆیە زۆر ئەستەمە کەس قوتاری بێت لە دادگاکەی مەحویدا، بەڵام خۆ گەر بەدڵ سەیری عالەم بکەیت یەك چاکەی بچووك بەسە بۆ ئەوەی لە خەڵك خۆشبیت. ئەم بارە بۆ مرۆڤ ئەستەمە، چونکە ئەوەی مەحوی گوزارشتی لێدەکات خودی مرۆڤە، مرۆڤێکە عاقڵ و رۆشنبیر، بۆیە وێنای ئەوە ناکات کە ئەو جۆرە لە مرۆڤ بڕۆنە بەهەشتەوە، تەنانەت لە ناو پێغەمبەرەکانیش ئەم حاڵەتە هەیە، جگە لە پێغەمبەری ئیسلام زۆربەی زۆری پێغەمبەرەکانی پێش خۆی دوعایان لە قەومەکەی خۆیان کردووە کە بە هیلاك بڕۆن، بەڵام کاتێك ئەهلی (تائیف) بەرد بارانی محەمەدیان کرد و خودا جوبریلی نارد کە ئەمری بە چییە هەتا لەناویان ببەین، بەڵام ئەو داوای لێخۆشبونی کرد و گوتی ئەوان نازانن، دیارە وێناکردنی ئەم جۆرە لە رەحم لە مرۆڤدا هەروا سادە و ساکار نیە. ئەوە مرۆڤی گەورە گەورەی دەوێت، چۆن غاندی هیندی باسی خۆشەویستی دوژمن دەکات، بەلام ئەگەرێکی کراوەش لەبەردەم مرۆڤدا هەیە گەر بیەوێ دەتوانێت پێی بگات.

کێشەی ئێمە لەگەڵ مەحوی ئەوەیە دەیەوێت بڕواتە ناو ئەم عالەمەوە و هەمیشە خەمبار و رەش پۆشی ئەوەیە دوورە لەو رەحم و وەفایە کە ئەو عەودالّیەتی، بەڵام خۆشی بەهەمان هەڵە و دەردەوە دەناڵێنێ کە خەڵك پێوەی دەناڵێنێت. بۆیە ئێمە رێی لێدەگرین و گومان دەخەینە سەر عەشقەکەی بۆ خودا و جارێ رێ نادەین ساغی بکەینەوە

یاری مەحوی بەراستی خودا بێت، چونکە گەر ئەوەی زانی ئەوا ئیتر لێخۆشبونی هێندە گەورە دەبێ ئەم جارە تووشی دڵسوتان دەبێت نەك ئاخ هەڵکێشان و خەم دۆستی بە ناڕێکی عالەم.

**لەم شارەدا خۆ هەموو رەوش و دەئبی ئادەمی**

**یەکبارە باری کردووە، دین و حەیا خوسووس**

**نامەرد ئەوەندە موعتەبەرن لەم زەمانەدا**

**مەرد ئیعتباری کەم بووە، مەردی خودا خوسووس**

**(د. م ل ١٩١)**

مەحوی هەر لە ژێر تیشکی ئەم بارە دەروونییەی خۆیدا، کە ناتوانێت تووڕەبوونەکەی دامرکێنێتەوە بەرچاوی تاریك دەبێت بە جۆرێك غەیری شتە ناشرین و ناکۆکەکان ناتوانێت شتی دیکە رەچاو بکات.

یاخود وەستانێك بکات و پرسیارێك لە خۆی بکات، ئایا تاکە کەسێك بوونی نەماوە هەتا خۆی بە بێ کەسترین کەس بزانێت. بە جۆرێك لە شارێکی گەورەدا نە دین و نە حە یا هیچ شتێکی باش بوونی نەمابێت لە راستیدا وا نییە... ؟ ئەم جۆرە بینینی شتەکان پەیوەندی بە دۆخی دەروونی مەحوییەوە هەیە نەك ناشرینی بارودۆخەکە. مرۆڤ کە تووڕە دەبێت ناتوانێت شتەکان بە روونی ببینێت. بۆیە هەر وێناکردنێك لەسەر ئەم بارە دەروونیە ناهەموارە تەواو نیە و هەر گوتەیەکیش کە دەکرێت گوتەکە تا ئاستێك راستە یاخود لە لایەکەوە راستە لە لایەکی دیکەوە دەکەوێتە ناو هەڵەوە. مەحوی باسی ئەوە دەکات کە کەسانی نامەرد بوونەتە مەردی زەمانە ئەم گوتەیە تەواوە، بەڵام لای کێ نامەرد مەردە، دیارە هەر لەناو ئەو خەڵکەدا کە مەحوی بە نەزان و گێل ناویاندەبات. واتە نامەرد ناتوانێت مەرد بێت لە لای کەسی هۆشیار و خوداناسی

راستەقینە. چون تورڕبونەکەی مەحوی لە بنەڕەتەوە ناتەواوە، کاتێکیش دێتە سەر باسی (مەردی خوا) کە بەهای کۆمەلایەتی و سیاسی و... تاد نیە. دیسان گوتەکە تەواو نیە، چونکە مەردی خودا بەهای خۆی لە چاوی خەڵکەوە نابینێ، بەڵکو لە خوداوە دەیبینێ. بۆیە باکی بەڕێز و ئیعتباری خەڵك نیە، ئەو ئەوەی مەبەستە لای خوا رێزی هەبێت نەك خەڵك. دیسانەوە عەقڵی مەحوی دێتە سەر رێی مەحوی و ناهێڵێت دڵی مەحوی بگاتە مەبەست و مەرامی خۆی، ئەویش کە خودای راستەقینەیە و رووگەی راستەقینەی دڵەکانە، واتە: مەحوی بە یاسایەك دەجولێتەوە دژی قەدەری خۆیەتی، هەروەك یەعقوب پێغەمبەر کاتێك دەیویست یوسفی کوڕی بپارێزێت، بەلام یاسای پاراستنەکەی دژی ئەوە بوو کە یوسف بپارێزرێت، هەتا ویستبای یوسف بپارێزێت خودا مەودای بە یەك گەیشتنەوەی دوور دەخستەوە، مەحویش هەتا لە سەر ئەم بەزمە بەردەوام بێت هەردەبێت خۆزگەی ئەجەل بخوازێت هەتا بگاتە یارانێك کە دڵی ئەو دەیخوازێت و مەحوی ئالودەی بووە. بۆیە مەحوی سەرەتایەکی گەورەیە بۆ خۆناسینی تاکی کورد، کە چۆن ئەو هەموو کەم و کوڕیانەی دەروونی خۆمان چارەسەر بکەین و بەرەو کەماڵ بڕۆین، چونکە مەحوی هێندە ئازایە توانیویەتی فێڵەکانی عەقڵی درك پێ بکات کە لە بەشی دووەمدا بە درێژی باسی لێوەدەکەین. کە چۆن تەریقەی گۆشەگیری بەردەدات و ئەمجارە رێی هەڵدەگرێت و دڵی خۆی یەکسان دەکاتەوە بە ویستی خودا. ئەو کاتەش خودا مەعریفەی دیکەی دەداتێت کە بتوانێت پێی ئاسودە بێت و رازی دڵی دامرکێنێتەوە، چونکە بێ چونە سەر تەریقەی حەزرەتی پەروانە مرۆڤ ناتوانێت رۆحی غەریب و تەنیایی بگەێنێتەوە ئەو سەرچاوەیەی لێوەی هاتووە و بۆ دواجار ئارام و

ئاسوودە و خاکەڕا بژیت. دوور لـە شـەڕ و شـۆڕ و جـەنجاڵی عالـەمی بـێ وەفا.

## ٤ـ دل وەک سەرچاوەی بیری شیعری کوردی:

ئەگەر بمانەوێت باسی (دڵ – قەلب) بکەین، دەبێ ئەوە لەبـەر چـاو بگرین کە ئەم وشەیە رەهەندێکی ئاینی و روحی هەیە، چونکە باسـکردنی (دڵ) دەکەوێتـەوە دەرەوەی بازنـەی فەیلەسـووفەکان و رۆشـنبیران بـە گشـتی، بگـرە رۆژئـاوا لـە ئاسـتی ئـەم چـەمکەدا دۆشـداماوە و ئـاوڕی لێنەداوەتـەوە چ ئەوانـەی زانـای دەروونناسـی بـوون چ ئەوانەشـی فەیلەسـووف بـوون بەسـەریدانەکەوتوون و لایـان لێنەکردۆتـەوە، بـەڵام کاتێـک دێننـەوە رۆژهـەڵات و دنیـایی سـۆفیەکان و عاریفـەکان و خوداناسەکان دەگەڕێیت بەردەوام رووبەڕووی ئەم چەمکە دەبینەوە. بە تایبەتیش لەناو سۆفیزمی ئیسلامیدا زیـاتر ئـەم چـەمکە بـرەوی پێـدراوە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ خودی قورئانی پیرۆز کە لە (١٥٩) ئایەتـدا باسـی (قـەلب) دەکـات، بۆیـە پـێم باشـە سـەرەتا بـڕۆین هەنـدێ راوبۆچـوونی رۆشنبیران و زانایانی عـەرەب وەربگـرین دەربـارەی، ئـەوجا دواتـر ئـەوە بدۆزینەوە کە مەعریفەی قەلبی چییە؟

## أـ بیروڕاجیاوازەکان دەربارەی دڵ:

**ئیمامی غەزالی** یەکێکە لەو زانایانەی کە هەموو ژیانی خۆی دانا لـە پێنـاوی داواکاریـەکانی دڵیـدا، بـە جۆرێـک گەشـتی ژیـانی بریتیبـوو لـە تێگەیشـتن لـە خـودی عـەقڵ و پاشـان بەجێهێشـتنی جیهـانی عـەقڵ و باوەشـکردن بـە جیهـانی دڵـدا، کـە جیهـانی سـۆفیەکان بـوو، دڵـی بـەوە

دامرکایەوە کە چووە سەر سەرچاوەکانی دڵنیـایی. ئـەویش قـەلبی مرۆڤـ بوو. هەر لەم سەفەرەیدا جارجارە ئەو ئەزموونە روحی و قەلبیانەی خۆی باسـدەکات و وەك مەعریفەیـەك دەیانـدرکێنێت. بۆیـە بەڕاسـتی زۆری گوتووە لەسەر دڵ و ناسینەکانی و خاسیەت و حاڵ و مەقامەکانی.

ئیمامی غەزالی کە باسی دڵ دەکات جیای ناکاتەوە لە رۆح و نەفس و جیهانی ناماددی مرۆڤـ "راستەقینەی تۆ ئەوەیە کە گیانی پـێی دەڵـێن و بێجگـە لـەوەش هەرچـی هەیـە شـوێنکەوتووی گیانـە و پاسـەوان و سـەربازی ویـن، ئێمـە بـەم سـەرۆکە دەڵـێین (دڵ) بزانـە کـاتیٚ باسـی دڵ دەکەین مەبەستمان ئەم راستییەیە کە هەنـدیٚ جـار (نـەفس)ی پـێدەڵێن وە برِیٚ جار (گیان) نەك ئەو پارچە گۆشتەی کە لای چەپی سنگ دایە"[1].

ئیمامی غەزالی هەموو جیهانی رۆحی مرۆڤـ ناودەنێـت دڵ و جیایـان ناکاتـەوە لەگـەڵ یـەکتری، چـونکە ئـەو مرۆڤـ دابەشـدەکاتە سـەر دوو جیهان، جیهانی جەستە و جیهانی رۆح، هەموو جیهانی رۆحیش ناودەنێت دڵ. کە پێی وایە گەر مرۆڤـ توانی دڵی خۆی بناسێت ئـەوا رێگـای چـوونە لای خودای دەستدەکەوێت و هەموو توانا مرۆیی و عەقڵیەکانی تری مرۆڤـ هـەموو بـە سـەرباز و کاربەدەسـتی دڵ دەزانێـت و پێـی وایـە هـەموو بـۆ ئـەوەن خزمـەت بـە دڵ بکـەن، بـەڵام دواتـر ئـەوەش روونـدەکاتـەوە کـە ناسـینی دڵ هـەروا سـادە و سـاکار نیـە و مرۆڤـ ناکرێـت بـە باشـی دڵ بناسێت. پاشان دێت (دڵ) دابەشدەکاتە دوو پارچە" یەکەم هەموو کەس دەتـوانن بیناسـن دووەهـەم ئەوەیـە کـە شـاراوەیە هەرکـەس نـایزانیٚ،

١–کیمایی بەختەوەری، غەزالی، و فەخرەدین ئامیدیان، چا یەکەم، سنە، : ل٩.

بوونیشی هەر ئەوە، بەڵام ئەوەی دیارە ئەوەیە کە دڵ هێندە بە توانایە کە دەتوانێ هەمو زانست و پیشەکان بزانێ"[1].

دیارە غەزالی بە تێگەیشتن لە قورئان و ئەو ئەزموونە رۆحییەی خۆی دێت دڵ پێناسە دەکات کە تا ئاستێکی باشیش پێکاویەتی، بەڵام لە یەکسانکردنی دڵ بە رۆح و دەروون و ئاوەز لێرەدا جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە و ناکرێت هەروا ئاسان ئەم رایەی پەسەند بکرێت، چونکە هەموو ئەو بەشانەی مرۆڤ خاوەن خاسیەت و بۆن و بەرامەی جیاوازن و لێکۆڵینەوەی وردی گەرەکە، هەروەها غەزالی لە کتێبی (أحیاء علوم الدین)دا دێتە سەر باسکردنی دڵ و بە دوو شێواز راڤەی دەکات شێوازی یەکەمیان ئەوەیە دڵ "پارچە گۆشتێکە لەسەر شێوەیە دار سنوبەر، کە دەکەوێتە لای چەپی سنگی مرۆڤەوە و ناوەوەشی بەتاڵ و بۆشاییە"[2]. شێوازی دووەم: دڵ "هۆگرێکی بەسۆزی خوداییە کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ دڵی جەستەدا و جەوهەری مرۆڤە کە هەست بە جیهان دەکات و قسە دەکات و بێزار دەبێت و داوا دەکات"دیارە بیروڕاکانی غەزالی زۆر قوڵ و پڕ مانان کە دەکرێت مرۆڤ وەك سەرچاوەیەکی گەورە سەیریبکات، چونکە بەڕاستی پێکاویەتی لە هەندێ کێشەدا، کە کەم کەس هەیە بتوانێت خۆ لە قەرەی ئەم بابەتانە بدات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی تاکە کەسی خۆی، چونکە نووسین لە سەر ئەم بابەتانە بە تەنها کتێب و نامیلکە دەرد ناخۆن، بەڵکو دەبێت مرۆڤ خۆی بەو قۆناغانەدا بڕوات و راستی ئەو بابەتانەی بۆ رونبێتەوە.

---

[1] __ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٩

[2] __ إحیاء علوم الدین، غزالي، ت (٥٠٥ هـ)، بیروت، دار المعرفة: ص٣٠- ٣١

## مورتەزای موتەهەری

ئەم زانایە کاتێ دێتە سەر باسکردنی مرۆڤ بە گشتی رۆحی مرۆڤ دابەشدەکات بۆ سەر دوو سەرچاوەی گرنگ ئەوانیش عەقڵ و دڵن، کە دێتە سەرباسی عەقڵ هەموو کردەی "بیرکردنەوە، بیر، جیهانبینی، لۆژیك، بەڵگاندن، زانست و فەلسەفە هەموو ئەمانە دەرکەوتی خودی عەقڵن لە پاڵ ئەمەدا دەرکەوتنی دڵ بریتین لە حەز و خۆشەویستی و خۆزگە و هەڵچوون.[1] پاشان دێتە سەر باسکردنی دڵ و پێی وایە هەرچی جووڵە و گەرمیەك هەیە لە ناوەوەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ دڵ و هەرچی رێپیشاندان و رۆشنکردنەوەش هەیە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ رەهەندی عەقڵی. پاشان باسی گرنگی دڵی زیندوو دەکات، چونکە روانینی وەهایە کە هەر مرۆڤێك خاوەنی دڵێکی مردوو بێت ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو کەسە هەوڵ و تێکۆشانیشی نیە لە دنیادا. لە پاڵ ئەمەشدا باسی گرنگی عەقڵ دەکات، گەر هاتوو مرۆڤ عەقڵی خۆی وەلانا وەك ئەوەیە لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا ئوتومبێل لێخوڕێت بێ ئەوەی (لایت)ی هەبێت هەتا رێنویی بکات. پاشان نووسەر باسی ئەو حاڵەتە دەکات لە مرۆڤدا کە هەردوو بەشە سەرەکیەکە چ عەقڵ و چ دڵ، دەکەونە هاو دۆخیەوە و بە هێلی تەریب بە تەنیشت یەکتردا دەڕۆن بێ ئەوەی یەکتر ببڕن، چونکە کاتێك دڵ عاشقی شتێك دەبێت عەقڵیش بەڵگەی بۆ دەهێنێتەوە و دەچێتە پاڵ دڵ، بەڵام ئەو حاڵەتە هەروا سادە و ئاسان نییە، چونکە زۆربەی جار دڵ و عەقڵ دەکەونە ناو کێشەوە و لە یەکتر ناگەن، زۆرجار دڵ شتێکی خۆش دەوێت، بەڵام عەقڵ نازانێت بۆ، واتە پاڵنەرەکانی

---

[1] ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو: ص ٨١٦.

نازانێت و تێی ناگات، یاخود بە پێچەوانەوە عەقڵ شتێك پەسەند دەكات، بەڵام لەسەر دڵ گرانە و بە ئاسانی پەسەندی ناكات.

ئەم ناكۆكیە وایكردووە بەشێك لە زانایان خاڵی جیاكەرەوەی نێوان مرۆڤ و گیانەوەران بە عەقڵ یەكلاییكەنەوە و هەندێكیش جەوهەری مرۆڤ ببنەوە سەر دڵ، نووسەر بە نموونەیەكی سادە باسی ئەوە دەكات كە دەبێت ئەم پێدراوانە(دڵ و عەقڵ) بكەونە ناو هارمۆنیەتەوە ئەویش لە بەخێوكردنی منداڵدا. كە دایك و باوك دەبێت بەرگەی دووری منداڵەكانیان بگرن كاتێك دەخوێنن، چونكە گەر بەس بە دڵ مامەڵە بكەن ئەوا نابێت بهێڵن منداڵەكانیان دوربكەونەوە. ئەمەش كاردەكاتە سەر پاشەڕۆژییان یاخود هەر بە عەقڵ مامەڵە لەگەڵ منداڵەكانیان بكەن و بەشی دڵ فەرامۆش بكەن. ئەوا بەس منداڵەكان گەورە دەكەن و سۆز و خۆشەویستی وەلادەنرێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەیە كە هەردوو هێزەكە ئەرزشی هەبێت و پێكەوە رووبەڕووی شتەكان ببنەوە. ئەوەی ئەم زانایە دەخاتە ناو كێشەوە ناتوانێت بە باشی لە دڵ بگات بەو تێگەیشتنەی غەزالی هەیەتی بۆ دڵ، چونكە غەزالی كە باسی دڵ دەكات مەبەستی هەموو هێزەكانی دیكەشە وەك عەقڵ و خەیاڵ و... تاد، بەڵكو هەموو ئەوانە وەك سەرباز و هاوكاری دڵ سەیر دەكات، بەڵام مورتەزا ناتوانێت بەو گشتە سەیری دڵ بكات و هەر بە تەنها وێنایی دەكات بۆیە دەكەوێتە ناو كێشەوە.

(دڵ) بە هۆیماڵ وێرانی و سەرگەردانی دەزانێت و عەقڵی پێ شیاوترە بۆ یەكلاییكردنەوەی شتەكان. "ئەگەر عەقڵی مرۆڤ ئازادبوو پاشان كەوتە حوكمكردن ئەوا باشە بە باشە و خراپە بە خراپە دەبینێ،

بەڵام ئەگەر هاتوو کەوتە ژێر کاریگەری دڵەوە ئەو کات بە حەزی دڵ بڕیار دەدات کە خۆشی لە چیدێت و لە چی نایەت[1].

نووسەر مەبەستی ئەوەیە کە نابێت بکەوینە ژێر کاریگەری دڵ و ئەو شعورانەی سەر بە ناوچەی دڵن، چونکە ئەوانە ناهێڵن عەقڵ حەقیقەت ببینێت و بەمەش دەکەوێتە ناو هەڵەوە.

بۆیە باشترین رێگە لای نووسەر ئەوەیە کە دابڕێن لە یەکتر و سەربەخۆبن، دیارە ئەم قسەیەی نووسەر پێچەوانەی بۆچوونی خۆیەتی، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا دڵ لای رۆشن نەبۆتەوە بە تەواوی، بۆیە ناتوانێت دەستبەرداری عەقڵ بێت، ئەوەشی بە دڵ باسیدەکات ئەو جۆرە خۆشەویستی و لایەنگیریەیە کە بۆ شتەکان هەیە و پەیوەندییان بە دەروون و رەمەکەکانی (الغرائز) مرۆڤەوە هەیە نەك (دڵ)،

چونکە ئێمە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ناساندنی (دڵ) دەبێت هاوتا بێتەوە لەگەڵ خودی قورئاندا، چونکە لە بنەمادا ئەم چەمکە چەمکێکی قورئانە و رەهەندێکی رۆحی و ئاینی قوڵی هەیە. بۆیە دەبێت بۆ داوەریکردن هەر بڕۆینەوە ناو قورئان ئەو بە دادوەر قبوڵ بکەین، بەڵام جاریێ بەردەوام دەبین لەسەر نمایشکردنی رای لێکۆڵەواران و زانایان لەسەر دڵ.

شیخی ئیسلام **ئیبین تەیمیە** لە باسی دڵدا دەڵێت "خودا دڵی بەس بۆ ئەوە دروستکردوە هەتا یادی خۆی پێبکەین[2]، چونکە بڕوای وایە کە بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتەوە مەعشوقی راستەقینەی خۆی کە خودایە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ لای دڵی و لەو وێزگەوە قسە لەگەڵ خودایا بکات، چونکە

---

١_ المعرفة العقلية والقلبية، الشهيد العلامة مرتضى مطهري، جمعية المعارفة الإسلامية الثقافية، طبعة الأولى، ٢٠١٣:ص ٧٣.

٢_ هەمان سەرچاوەی پێشوو:لا ٧٥

یادکردنەوەی خودا لە دڵدا وەك خواردن وایە بۆ جەستەی مرۆڤ، چۆن جەستەی مرۆڤ تام لە خواردن ناکات لەگەڵ ژەهردا. دڵیش شیرینی یادکردنەوەی خودا تام ناکات ئەگەر خۆشەویستی دنیایی تێدابێت، بگرە ئەگەر هاتوو دڵێك وابەستە بوو بە یادی خواوە لە هەمانکاتیشدا عاقڵانە گوزارشت لە حەقیقەت دەکات و داهێنەریشە لە زانستدا، بەڵام مەرجی ئەوەیە ئەو دڵە تەنها و تەنها سەرقاڵی یادی خوای مەزن بێت. لە راستیدا ئیبن تیمیە وێنای جیهانێك دەکات کە مرۆڤ تێیدا خاوێن دەبێتەوە خودا وەك رۆشنایەك هەموو شتەکانی دیکەشی دەخاتە بەردەم، ئەو جیهانە خاوێنەش کە جێگەی رق و نەزانین و کەم و کوڕی تێدا نابێتەوە بە دڵی مرۆڤی دەزانێت. ئەوەشی لا یەقینە گەر هاتوو مرۆڤ بووە خاوەنی ئەم دڵە ئەوا عەقڵیش ناتوانێت بەچاوی رەخنەوە مامەڵەی لەگەل بکات و ناچارە ملکەچی بێت، لەم بۆچونەشیدا زۆر باش پێکاویەتی لەسەر دڵ و مانا شاراوەکانی.

**دکتور عبد المجید بەیانونی** لە باسی دڵدا دەڵێت "خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەکەی محەمەد گەورەترین پایە و بەرزترین پلەیە لە ئیماندا کە عاشقانی راستەقینە خەریکی پێشبڕکێن تیایدا کە بەراستی ئەمە خواردنی راستەقینەی دڵە و ئارامی رۆحە بۆ مرۆڤ. [1]

پاشان راستەوخۆ ئەم خۆشەویستیە قووڵە دەبەستێتەوە بە ئیمان و ئاکاری چاك کە راستەوخۆ دڵ تیایدا بەشداریدەکات بەو مانایەی کاتێك دڵ دەچێتە سەر ئەم تەریقەتە، ئیتر راستەوخۆ ئەم عشیقە تەجەلی دەبێت لە ژیانی مرۆڤدا و هەرچی ئەو مرۆڤە بیکات بە دڵی مەعشوقە. یانی بێ کەم کوڕی ئەنجامدانی ئەو شتەیە لە ئەوپەڕی کەماڵی خۆیدا.

---

١_ رسالة القلب، ابن تيمية، دار ابن الجوزي، طبعة الأولى، ١٩٩٠:ص ٢١.

بەشێکی تری زانایانی ئیسلامی کە باسی دڵ دەکەن لە رووی چەمکەوە لێی دەڕوانن بۆ نموونە کاتێك دەڵێن (قلب کلّ شیء) واتە (لُبەُ وخالصەُ)[١]، واتە کاتێك دەڵێن دڵی شتێك بە مانای جەوهەر و سەرەکیترین بەشی ئەو شتە، یاخود (قلب) بە مانای خودی عەقڵ لێکدەدەنەوە، یاخود بە واتای ترومپایەك کە پەیوەندی هەیە بە نیەتەوە، یاخود (قلب) لە (تقلبە)وە هاتووە بە مانای (بار گۆڕین)، چونکە زوو هۆگری شتێك دەبێت پاشان روو وەردەگێڕێت بۆ شتێکی دیکە[٢]، یاخود بە مانای (فؤاد) لێکدراوەتەوە بە بەڵگەی ئایەتی ﴿**كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤَادَكَ**﴾[١٨]، کە هەموو ئەم رایانە شایەنی شرۆڤەی جیاوازن کە پێویست ناکات ئێمە درێژەی پێبدەین.

بەشێکی دیکەی زانایان هاتوون لە رووی شەرعییەوە لە کێشەی دڵیان کۆڵیوەتەوە کە ئەوانیش دابەشدەبن بەسەر سێ گرووپدا.

١- **گرووپی یەکەم:** گرووپی سۆفیەکانن لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئیدراکی دڵ بۆ شتەکان نورێکی ناوەکیە و مەعریفەی بالاترە لەو زانستانەی دەخوێنرێت **(علم الظاهري)** هەروەك لە پێغەمبەر محەمەد دەفەرموێت **(استفت قلبك)** واتە راوێژ بە دڵت بکە[١٩]، ئەم گروپە سوسەکانی دڵ زۆر بالاتر دەبینن لە زانست و لە خودی شەرعیش. دڵ بە یەکلاکەرەوەی چاکی و خراپی شتەکان دەزانن.

٢- **گرووپی دووەم**: گرووپی شەرع خوازەکانن کە جگە لە قورئان و سوننەت نەك (دڵ) بەڵکو هەموو شتێکی دیکە رەتدەکەنەوە.

---

١_ أثر طمأنينة القلب وريبته في بني الأحكام الشرعية، د. سلمان نصر الراية، مجلة مجلة جمعية القدس، عدد (١): ص٢٠٣.

٢_ حديث القلب، د. عبد المجيد البيانوني، طبعة الأولى، ١٤٢٣ هـ:ص ١٨٠.

٣- **گرووپی سێیەم**: گرووپێکن لەناو شەرع خوازەکاندا، بەڵام هەر (دڵ) بە چەقی مرۆڤ دەزانن و دەیکەنە سەنگی مەحەك لەو زانایانەش کە لەسەر ئەم باوەڕەن وەك (تەبەری، غەزالی، رازی و..... تاد)

## ئەحمەدی موفتی زادە

کاك ئەحمەد یەکێکە لەو زانا کوردانەی، کە خاوەنی جیهانبینی تایبەتی خۆیەتی لەسەر دین و کۆمەڵگا و مرۆڤ بە گشتی، کە جێگەی ئەوەیە شرۆڤەی گەورە گەورەی بۆ بکرێت، چونکە تازەگەری لە فکری ئەم زانایەدا نەك هەر دیین، بەڵکو دەستی گەیشتۆتە زۆر بواری دیکەش. ئەوەی ئێمە کارمان پێیەتی ئەوەیە کە بۆچوونی دەربارەی دڵ و خوداناسیی نزیکە لە (مەحوی)یەوە، یاخود باشتر لەمە بڵێم ئەوەیە کە ئەم پیاوە کوردانە خوداناسی و خوداپەرستی کردووە و مەحویش کوردانە گوزارشتی لە هەستی قوڵی خۆی کردووە دەربارەی جیهان و مرۆڤ و خودا. کە هەست دەکەین خاڵی هاوبەشی زۆر هەیە، چونکە خوداناسی و خوداپەرستی کوردی خاوەن مۆرك و تایبەتمەندی خۆیەتی و جیاوازە لەو خوداناسی و خوداپەرستەی لای فارسەکان و عەرەبەکان و گەلانی تر هەیە، کە ئەم جیاوازیە زۆر بە روونی رەنگیداوتەوە لەناو شیعرەکانی مەحویدا تا ئەو جێگەیەی رەخنە لە (حەلاج) دەگرێت و دەڵێت نابێت حەلاج نازی لەیلا بکات بەسەر عالەمدا.

**"باحەقیشی بێ لەبۆ مەنسوور (انا الحق) حەق نیە**
**شێتیە، مەجنوون ئەگەر بێ نازی لەیلایی بکا"**

**د. م، ل٥١**

ئەوەی ئەحمەدی موفتیزادە دەیڵێت لەسەر دڵ و جیهانی دڵ تەواو وێکدێتەوە لەگەڵ ئەو مەبەستە قووڵەی لە قورئانیشدا هەیە، واتە ئەحمەدی موفتی زادە بەوەی کوردانە باسی دڵ دەکات هاوکاتیش یەکنوێنە لەگەڵ ئەو دڵەی قورئان ئاماژەی بۆ دەکات و دەیەوێت کە ئیمانداران هەوڵی بۆ بدەن، بۆ ئەوەی بۆچونی ئەحمەدی موفتی زادە شرۆڤە بکەین، ناچارین هانا بەرینە بەر کۆمەڵێك ڤیدیۆ کە لە سایتی یوتوبدا بڵاوکراوەتەوە لەو ڤیدیۆیەدا بەناوی (کەسایەتی مرۆڤ) لە سایتی یوتوبدا باسی دڵ دەکات ئێمەش بینا لەسەر ئەوە بۆچوونەکانی نمایش دەکەین کاك ئەحمەدی جیهانی دڵ بە چەقی مرۆڤ دەزانێت و بە جۆرێك گەر شیاوی ئەوەی هەبێت کە مرۆڤ بگاتە ئاستە باڵاکانی مرۆڤایەتی و رەحم و خۆشەویستی بڵاوبکاتەوە، ئەوا دەبێت ئەو مرۆڤە خەڵکی شاری دڵ بێت یاخود ئەهلی دڵ بێت.

هەموو پێدراوەکانی دیکەش وەك (عەقڵ، بینایی، بیستن، تێگەیشتن، هەوو هەستە جەستەیی و دەروونیەکانی دیکەش) وەك سەرباز و بەردەستی دڵ سەیر دەکات هەتا دڵ هەمیشە حەقیقەت گۆ بێت و نەکەوێتە ناو کێشەوەوە، دیارە ئەم بۆچونەشی لە خودی قورئانەوەرگرتوە **((افلم یسیروا فی الارض فتکون لهم قلوب یعقلون بها))** حج، أیە: ٤٦.

ئەم ئایەتە باسی کردەی عەقلانی دەکات کە لە دڵدا ئەنجام دەدرێت، چونکە کاك ئەحمەد جیهانی دڵ و عەقڵ جیا دەکاتەوە لەگەڵ یەکتر بە پێچەوانەی رای بەشێکی زۆری زانایانی عەرەبی کە خێرا هاتوون لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا گوتوویانە دڵ و عەقڵ یەك شتن.

دیارە کاك ئەحمەد قوڵتر بۆ بابەتەکە رۆیشتووە، چونکە کاك ئەحمەد دڵ دەبەستێتەوە بە ئاکاری مرۆڤەوە، عەقڵیش دەبەستێتەوە

بەو زانیاری و زانستەی وەدەستیهێناوە، بۆچونی وەهایە کە دەبێت مرۆڤـ کاربکات بۆ ئەوە ئەوەی بە عەقڵ دەیزانێت بیگوازێتەوە بۆ دڵی و لەوێشەوە ببێتە بەشێك لە کە سایەتی ئەو مرۆڤە، چونکە (دڵ) لای کاك ئەحمەد پێویستی بەوەیە بەخێو بکرێت و گەورە بکرێت تەنانەت کاری مرۆڤ لەوەدا دەبینێ کە خەریکی پەروەردەکردنی دڵی بێت هەتا ببێتە ئەو کەسەی کە خودا پەسەندی دەکات و هاوکاری دەکات، چونکە رای وایە ئەگەر دڵی نەبوو، با خاوەنی زانست و عەقڵێکی گەورەش بێت ئەوە ناتوانێت رەحم بە مرۆڤایەتی بکات و چاکەی لێ چاوەڕان بکرێت. ئەوەی کاك ئەحمەد داوای دەکات لە مرۆڤایەتی ئەو بارە سروشتیەی مرۆڤە کە دڵی هەمیشە لە ئامادەباشیدایە بۆ ئەوەی ئەوە بکات کە خودا ئەیەوێت، چونکە بە تەنها دڵ دەتوانێت پارێزگاری لە مرۆڤـ بکات بەوەی خودا ون نەکات.

دیارە دەبێت ئەوەش رەچاو بکەین مەبەستی لەم دڵە ئەو دڵەیە کە بە پێی سیستەمی خودا پەیدا بووە، وە ئەگەر نا دڵیش هەیە وەرگەڕاوە و خودا لێی بێ بەریە

هەروەك لە قورئاندا نموونەی زۆر هەیە کە بە ناوەکانی (قلب الاعمی (دڵی کوێر)، القلب الغافل (دڵی بێ ئاگا)، القصوه القلب.... تاد) هەموو ئەو دڵانە بەناو سیستەمێکی دیکەدا رۆیشتوون کەدوورن لە خودا و دوورن لە فکر و بینین و بیستن و تێگەیشتن. ئەوەی کاك ئەحمەد دەیەوێت ئەو دڵانەن کە لە قورئاند بە (قلب سلیم، قلب منیب، قلب المطمئن، القلب المهتد.... تاد)، ﴿قلوب الذین اتبعوة راءفةورحمة﴾ حدید: ٢٧، کە رێگای بەدەستهێنانی ئەم دڵە هەر ئەو رێگایانەن کە گەورە خوداپەرستانی مێژوو پێگەیشتوون دیارە (مەحوی)یش، رێبواری ئەم رێگەیەیە و دەیەوێت بگاتە ئەو ئاساتە باڵایە هەتا لە خودا نزیك

ببێتەوە، چونکە مەحوی باش لەوە تێگەیشتووە کە دنیا جێگەی خۆشی تیا نیە ئەگەر نەتوانێت بە شوێن ئەم دڵەدا بگەڕێت. گەڕانی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ بۆ وەدەستهێنانی ئەم دڵە ژیانێکە دەتوانین ناوی بنێین ژیان، بەڵام ئەم ڕێگەیەش بۆ مەحوی هەروا سادە و ساکار نیە. یەکەم هەنگاوی ئەوەیە کە ئەو بەشەزانین و مەعریفە عەقڵیەی کە هەیەتی و جۆرێك لە دەسەڵاتی مەعریفی پێ پەیداکردوە دەست بەرداری بێت و فڕێی بدات. ئەو کەسایەتیەشی بە هۆی ئەم مەعریفەیەوە بەدەستی هێناوە لەناوی بەرێت. هەتا (خودا — یار) بە پیریەوە بچێت و ئاوری لێداتەوە.

## ب ـ خۆنەویستن لەبەر یار ویستن:-

مەحوی دوای ئەوەی شەڕەکانی تەواو دەکات و بەو مەعریفە عەقڵیە کە هەیەتی خۆویستانە مامەڵە دەکات و بەردەوام بەرامبەرەکان رەتدەکاتەوە لەبەر ئەم هەڵویستانەشی ( یار —خودا ) لێی دوور دەکەوێتەوە. جەوهەری ڕێگاکەشی ئەوە بوو بگاتەوە بەیار. بۆیە ئیتر دڵی مەحوی دێتە مەیدانەکەوە و جاریێ وەك یەکەمین هەنگاو دەست دەکات بە خۆنەویستن و لەخۆدان. بەجۆرێك هەموو ئەو دەسەڵات و کەسایەتی و شوناسەی هەیەتی کە بەهۆی مەعریفە عەقڵیەکەوە وەدەستی هێناوە وەلای بنێ و یەکسانی بکاتەوە بە سفر. چونکە مەرجی یار یاخود جیهانی دڵ جیهانێکە شەڕی تێدانیە. دەسەڵاتی تێدانیە رەتکردنەوەی تێدانیە.

مرۆڤ دەبێت خۆی پاك بکاتەوە لەهەموو ئەو ژەنگ و ژارە بۆ ئەوەی ئامادەی ئەوەبێت یار حزور پەیدابکات. جەوهەری دین و خوا پەرستیش

ئەوەیە مرۆڤ بەردەوام ئەو رایەڵانە بپچڕێنێت کەدەیبەستن بەدنیاوە خۆی وابەستەی جیهانی یار بکاتەوە. چونکە ژیانێك کەحەقی ژیان بێت ئەوەیە مرۆڤ لەگەڵ خودایابێت، بەڵکو چاوەڕوانی مرۆڤ ئەوکاتە مانا پەیدادەکات کەهەمیشە چاوەڕێی ساتی هاتنی یار بکات. بۆیە مەحوی ئیتر رێ دەگرێت و ئازایانە قۆڵی لێ هەڵدەمالێت و دەست دەکات بەکوشتنی هەموو ئەوبەشانی کەسایەتی وبوونی خۆی کە عەقڵ تێیدا حاکمە، بەڵکو کەسایەتیەك هەڵدەبژێرێت کەیار قبوڵیەتی با ئەو کەسایەتیەش لەدەرەوەرا بە زەلیلی و داماوی دەرکەوێت. چون مەحوی عەشقی یارە ئیتر چوونە سەردار بەلای ئەوەوە کەمردنە زۆر بەبەهاترە لەژیانێك کە (یار– خودا) تێدا حزووری نەبێت.

**لەئولکەی عیشقەدابێ چوونە سەردار**

**بەئاسانی مەزانە چوونە سەردار**

**هەیە گەر عیشقی سەرداری لەسەرتا**

**بکە مەشقیێ لەوانەی چوونە سەردار**

**(د.م. ل١٧٥)**

مەحوی باش دەزانێت گەر بێت و مردن لە پێشی خۆی دانەنێت ئەوا ناتوانێت بەرێگای عیشقدا بڕوات، چونکە عاشق دەبێت واز لەمەعشوق نەهێنێ بۆ هیچ شتێك و دەبێت ئەم بەڵێنەشی بباتە سەر. واتە گەر کەوتە نێوان مردن و یارەوە. هەر دەبێت یار هەڵبژێرێت و سڵ لەمردن نەکاتەوە، بۆیە پەتی سێدارە و هەڵواسین عاشق سارد ناکاتەوە لەعیشقەکەی. مەحویش لەبەر ئەوە هەوای ئەوە لەسەریایەتی کەببێتە سەردارێك لە عیشقدا وناوی هەبێت ئەوا دەبێت سێدارەش رەچاوبکات لەم رێیەدا.

**موحەققەق هەر کەسێ مەسلەکییە حەقق و حەققیە مەنزوور**

**سلوكی چوونە سەرداره، تەریقەی پیریە مەنسوور**

**(د م ل١٦٢)**

ئەمە ئەوبڕیارە سەختەیە كە هـەموو ئیمانـدارێكی راسـتەقینە  پێیـدا دەڕوات بۆ ئەوەی شایەنی ئەوەبێت خودا وەكو عاشق قبوڵی بكات. نـەك هەر ئەوە بەڵكو عاشـقان رێگـەی خـودا دڵـداری لەگـەڵ مردنـدا دەكـەن و بانگی ئەجەل دەكەن، چونكە ئەوەی یارانی راستەقینەی لێیە  بەرزەخـە و مرۆڤ بەمردن دەگاتە ئـەو جێگەیـە و لەگـەڵ عاشـقانی خودایـا دەژێـت. بۆیە مردن جێگـەی تـرس نیـە، بـەڵكو دڵخۆشـیە بۆعاشـق  و عاشـق ئـەو مردنە پیرۆز دەكات.

پاشان مەحوی دێتەوە ناو واقیع و دەبێـت مردنێكـی رەمـزیش هەیـە بیچـێژێت. ئـەویش كەوتنــە بــە ســەر پێــی یــار و حســاب نەكردنــە بـۆ خود(كەسـێتی). كـە بەئەنـدازەی پوشـكێك سـەنگ وقورسـایی نیـە و مرۆڤێكی بێ كەڵك و زیادە و مەگەر هەر خودا خۆی ئاوڕی لێبداتەوە.

**پرسرا حاڵم، كە من كەوتم لە بەر پێیادرێژ**

**ئەو وتی هەر سێبەری دیوم بووە سەرسام و گێژ**

**(د م ل١٨٣)**

لێرە قۆناغێكی تازە دێتە ئاراوە ئەویش ئەو مردنە رەمزییە كە مـرۆڤ هەست دەكات هیچ نیە لەسەر ئەم هەسارەیە و تەنانەت بەكەڵكی خۆشی نایەت نەك دەوروبەر. ئەم حاڵەتە حاڵەتی تەسلیم بوونی مرۆڤە بەرامبـەر خودا و بە مرۆڤەكانی دیكەش. مرۆڤ بەرگری تیا نامێنێت. ئەو كاتە خـودا وەك تارماییەك خـۆی نیشـان دەدات لـەدڵی مەحویـدا. مـەحوی هـەر بـەو تـۆزە هەسـتكردنە مەسـت دەبێـت و خەریكـە هــەموو ژان و ئازارەكـانی بیردەچێتەوە. ئەو درێـژ بوونـە حاڵـەتی تەسـلیم بـوونی مەحویـە پاشـان دەست بەردارنییەتی لە كەسایەتی خۆی و ئـەو دەسـەڵاتە رەمزیـەش كـە

هەیـەتی لەکۆمـەڵگادا. بـەم تەسـلیم بوونـە مـەحوی چانسـی ئـەوەی بەردەکەوێت کەیار حاڵی بپرسێت و ئاوڕی لێبداتـەوە. مـەحوی بـەردەوام وەرزشـێکی دەروونـی ئـەنجام دەدات ئـەویش ئەوەیـە حیسـاب بـۆ خـۆی نەکات لەبەرامبەری خوادا، بەڵکو ئەوە دەدۆزێتەوە کە هـەتا چـەند مـرۆڤ حساب بۆ خۆی نەکات و زەلیل زەلیـل دابنیشـێت، ئـەوە خـودا ئەوەنـدە بەپیر مرۆڤەوە دەڕوات. ئەم خۆنەویستیە هەروا سادە وساکارنیە، بـەڵکو ئازایەتی دەوێت کەمرۆڤ واز لەخۆی لە( ئـارەزوو —دەروون —رەمەکـەکان — حـەز و خولیـا... تـاد) بهێنێـت. پاشـان ئـەم نهێنیـەش بپارێزیـت بـۆ ئەوەی کەس بە پەیوەندی نیوان ئەم وخودا نەزانێت ئەم ڕێگەیـە ڕێگـەی مەرد و چاونەترسانەکانە.

**دیارم دەیری عیشقە جیٚ بە سووتن بیٚ لە ویٚ دەگرم**

**کە من مشتیٚ چلٚ و چیٚوم، بەچی بم، کەڵکی کیٚ دەگرم**

**(د. م. ل ٢٦٠)**

مەحوی بەردەوام دەبێـت لەسـەر خۆیەکسـانکردنەوەی بـە سـفر، چـونکە دەزانیٚ خودا مرۆڤی بە رووتی دەوێت رووت لە هەموو خـۆ بەشـت زانییـك لە بەردەم خودا و مرۆڤیشدا.

واتا هەر ئەوەنیە مـرۆڤ لەبـەردەم خودایا خـۆی بـەهیچ حیسـاب نـەکات، بەڵکو زۆرجار تاقیکردنەوەی مرۆڤ لەوەدایە کەلەبەرامبەر خەڵك بەتایبـەت ئەو کەسانەشی کە ئەم حسابیان بۆ ئەکات و لەچاویان دەترسیٚ. دەبێـت لەوکاتەی یاخود لەو شوێنەی ئەو پێـی تێکدەچێت و سەرسـەختە بـۆی. لەوێدا خۆی نەوێت و سفر بکاتە خـاڵی وەسـتانی، چـونکە زۆرجـار خـودا بەندەی خۆی بەو تاقیکردنەوەدا دەبات و دەیـەوێت لـەوئاگرەدا بسـوتیٚ. تەسلیم بوون بـەخودا لـەناو مرۆڤـدا ئاسـانترە لـە تەسـلیم بـوون بـەخودا

لەواقیعدا. هەرچی هی ناو مرۆڤە واقیعی نیە وئازایەتی گەرەك نیە. بەڵام لەواقعدا ئازایەتی گەرەکە. بۆیە مەحوی دەچێتە ئەو جێگەیەی کە سووتانی لێیە و ئەوە هەڵدەبژێرێت. واتە مەحوی حەزی بەتاقیکردنەوە قورسەکانە. ئەمەشی بۆ ئەوەیە کەباش دەزانێت خودا لەو جێیانەی مرۆڤ پێی قورسە. لەوێدا باشتر و روونتر نوری خۆی تەجەللی دەکات. مەحویش رێبوارێکی ماندووە و عاشقی خودایە. بۆیە مەیلی لەوەیە خودای لەلا بێ با هەموو عالەمیش وەلای نێن. گرنگ بۆ ئەو حزوری خودایە ئیتر با عالەم هەر غایب بێت.

**عیشق ئاگرێکە بەربووە هەر کەس، دەبێ بە کەس**

**گەر رۆژە رەش وەکو شەوە بێ، بوو بە شەوچراغ**

**(د. م. ل٢١٢)**

ئیتر مەحوی بەرۆکی ئەو حیکایەتە بەرنادات، حیکایەتی بانگهێشتی خودا بۆ سەر عەرشی دڵ. ئیتر بەندە دەکەوێتە ناو دۆزینەوەی خودا لەهەموو چرکەساتێکدا. بەجۆرێك ئاگر وکوشتن ونەمان ساردی ناکەنەوە، چونکە گەر شتێك لەمرۆڤدا وەدەستبێت بەرهەمی ئەو سوتان وکوشتن و برینەیە. واتە مەحوی کاتێك دەسوتێت بەگڕی عیشق، دووبەش لەمەحویدا دەچنە ناو ئەم ئاگرەوە. یەکەمیان عەقڵی مەحوی ودووەمیشیان دڵییەتی.

ئەوەی ئەسوتێ ونامینێ عەقڵە. بەڵام ئەوەی دەبێتە ( کەس) بەو مانایە دادەمەزرێت و دەردەکەوێت (دڵ)ە. ئەم (دڵ)ە پاڵپشتی شوناسی کەسەکە دەکات وناسنامەی پێدەبەخشێ و رێنموویی دەکات، چونکە پێشتر (عەقڵ) لەساحەکەدا بوونی هەبوو بەرنامەرێژی دەکرد بۆ مەحوی بەوەی چۆن بیرکاتەوە چۆن بژێت، بەڵام کەئاگری عیشق داگیرسا ئیتر عەقڵ بەرگەناگرێ و هەپروون بە هەپروون دەبێت و نامێنی. ئەوەی

دەمێنیتەوە دڵێکی ساف و بێگەردە، کە وەك ئیبراهیم ئاسا لەئاگردا هەمیشە بەسەلامەتی دێتەدەرەوە باهەموو ئامارژە عەقڵیەکانیش هەر سووتان بکەنە کۆتایی، بەڵام دڵ خودان یاسای خۆیەتی و ئەوەی عەقڵ بەشەوی دەزانێت لەچرکەساتێکدا دەبێتە شەوچراغ و رۆژی رووناك. ئەمەش نهێنی دڵە و ئاشکرابوونی سەختە.

مەحوی ئیتر لەم عیشقە تێدەگا و دەزانێت دەبێت ئەم عالەمە بڕواتە ناو بەرستشەکانیشەوە، چونکە پێی وایە گەر مرۆڤ خەریکی ئەم بانگهێشتە نەبێت و ئاگای لێ نەبێت ئیتر عیبادەتەکانیشی بێ روح وبێ مانا دەمێنێتەوە

. بەخودا قەسەم لەگەڵ دڵی خاڵی لە سۆزی عیشق

تەکراری حەرفە بەس دەمی پڕ لە یاخودا خودا

**(د م ل٣٩)**

مەحوی هاوکێشەیەکی ئاڵۆز دادەنێت کەبەو هاوکێشە مرۆڤ دەتوانێت بگاتە ماناو کرۆکی هەموو ئەو عیبادەتانەی خودا بۆ بەندەکانی داناوە. مەحوی بڕواشی وایە بێ حازربوونی توخمەکانی ئەو هاوکێشەیە، ئەو عیبادەتانە وەك (نوێژ، دوعا، زیکرکردن..... تاد) هەمووی دووبارە کردنەوەی کۆمەڵە وشەیەکن کە رۆژانە دەیانڵێینەوە. هاوکێشەکەش ( دڵ، سۆزی عیشق ). دیارە مەحوی سەنتەری ئەم هاوکێشەیە دیاریدەکات ئەویش (دڵ)ە. ئەم دڵەش دەبێت (سۆزی عیشق ) تێدابێت. بەکارهێنانی (سۆز) جێگەی هەڵوێستکردنە، چونکە خۆشویستنی خودا، ترس لەخودا، پاڕانەوە و تەمابوون لە خودا هەموویان لەبازنەی (سۆز — شعور)دا ئەنجام دەدرێت. لەبەر ئەوەی پەیوەندی لەنێوان خودا ومرۆڤ پەیوەندیەکی عەقڵی نیە گومان وەك توخمێك بوونی هەبێت، بەڵکو پەیوەندیەکی سۆزداری شعوریە. کەمرۆڤ هێند خودای خۆشدەوێت

خۆی لەبیردەچێتەوە، بەڵام لە پەیوەندی عەقڵیدا مرۆڤ خۆی خۆش ئەوێت و ئەویتر لەبیردەباتەوە. بۆیە مەحوی سۆزی دڵی ئاراستەی خودا دەکات و عیبادەتەکانیش پڕدەکات لەو سۆزە هەتا بەردەوام بێت لەو پاڵەوانێتیەی مەبەستیەتی ئەنجامی بدات. ئیتر کە ئەم خۆشیە ئەبینیٚ(عەدەم) هەڵدەبژێرێت بەسەر (بوون)دا، چونکە لە (بوون)دا مرۆڤ قوربانی ناکات بۆ شتەکان، بەڵکو شتەکان دەکاتە قوربانی خۆی، بەڵام لە (عەدەم)دا قوربانی ئەنجام دەدات بەنەفسی خۆی بەماڵی خۆی بۆچی؟ بۆ ئەوەی بەرەو کەماڵ، بەرەو ئەوە بڕوات شایەنی ئەوەبیٚ خودا وەك خۆشەویستێکی خۆی قبوڵی بکات. ئەمەش جیاکردنەوەی جیهانی ماددە و ڕوٚحە. جیٚ هێشتنی ماددەیە بۆ ڕۆح بۆ گەورەبوونی ناوەوەی مرۆڤ. بۆ گەورەکردنی ئەو پانتاییەی لە دەروونیدا خودا پەرستی تێدادەکات.

**بیٚ چوونە عەدەم، پەی بە سۆراغی دەمی نابەی**

**فایز ببە بەم گەوهەرە لەو بەحرە بە ڕۆچوون (دم ل٢٨٧)**

# سەرچاوەکان

## کوردییەکان


١) د. إدريس عبد الله، کوردناسی، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر: ٢٠١٢.

٢) د. ئەورەحمان حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥

٣) ئەرەستۆ، هونەری شیعر (شیعر ناسی)، و: عەزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٤) شیلان عومەر حسین، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی رەنج، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٥) ئیمامی غەزالی، کیمیای بەختەوەری، و: فەخری ئامێدیان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی شەمیم، سنندج، چاپی یەکەم، سنە، ١٣٨٨ هەتاوی.

٦) ئیمانویل کانت، رەخنەی عەقڵی پەتی، وەرگێڕان: سۆران عومەر،ساڵی ٢٠١٤، سلێمانی.

٧) بەختیار عەلی، تاماتەمی گوڵ تاخوێنی فریشتە، ب چا، چاپخانەی رەنج، لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ٢٠٠٦

٨) بەختیار عەلی، گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، گ رامان، ژ ٧٢، ٢٠٠٢

٩) بەختیار علی، تا ماتەمی گوڵ، تا خوێنی فریشتە، بەرهەمە شیعرییەکان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٠) جیسنی تیسمەن، و چنور فەتحی و سەعید کانی، فەلسەفە بە زمانی سادە، چاپەکەم، ساڵی ٢٠٠٩، هەولێر

١١) د. عبد الرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، و : عبد الله حسن زادە، چاپی هەشتەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤

١٢) د. عبد الواحید ئەلوافی و د. إبراهیم عزیز إبراهیم، زانستی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیر، هەولێر، ٢٠٠٧

١٣) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، دەزگاری ئاراس، چا یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١

١٤) جەمال نەبەز، ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد، کۆبەرهەم ژمارە چوار، بڵاوکراوەی کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٧

١٥) د. نەریمان خۆشناو، پ. ی. سەلام ناوخۆش، د. ئیدریس عبداللە، کۆردۆلۆجی، چاپخانەی هێڤی، چاپی سیازدەهەم، هەولێر، ٢٠١٤.

١٦) د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چا دووەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٧٩

١٧) سیسیل جۆن ئیدمۆنس، کورد تورك عەرەب، و: حامید گەوهەری، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٨) شوکر مستەفا، سەرچاوەکانی بیروباوەڕی کوردەواری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری رامان، هەولێر، ٢٠٠٦

١٩) گیروگرفتەکانی زارەوە دانان لە زمانی کوردیدا، محمد وەسمان، هەولێر، ٢٠٠٤

٢٠) قەناتی کوردۆ(کوردۆیڤ) هەندێك بیر و رای هەلە لەبارەی زمان و مێژووی کوردەوە، و: ئەورەحمانی حاجی مارف، چا کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٣

٢١) قوبادی جەلیزادە، شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧

٢٢) کیمای بەختەوەری، غەزالی، و فەخرەدین ئامیدیان، چا یەکەم، سنە

٢٣) مارتین ڤان برۆنسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی: کوردۆ، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٢٤) مەسعود محەمەد، و حەکیم کاکە وەیس، زمانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی زمانناسی، ژمارە ٢٧، هەولێر، ٢٠١٤

## عەرەبییەکان

١) ابن تيمية، رسالة القلب، دار ابن الجوزي، طبعة الأولى، ١٩٩٠

٢) د. سلمان نصر الراية، أثر طمأنينة القلب وريبته في بني الأحكام الشرعية، مجلة جمعية القدس، عدد (١)

٣) احمد امين، النقد الأدبى، الطبعة الرابعة، دار الكتاب العربى، بيروت، ١٩٦٧

٤) باسيلي نيكيتين، الكرد، دراسة سوسيولوجية وتاريخية، ترجمة: د. نوري طالباني، الطبعة السادسة، أربيل، ٢٠١٢

٥) د. خالد نعيم الشناوي، إشكالية الفقة فى النشاة والاصل.

٦) د. عبد المجيد البيانوني، حديث القلب، طبعة الأولى

٧) د. حسـام الخطيـب، الادب الاوروبـى، ب ط، مكتبـة اطلـس، دمشـق، ١٩٧٢

٨) روز غريب، تمهيد فى النقد الحديث، ط الاولى، دار المكشـوف، بـيروت، لبنان، ١٩٧١

٩) سـلمان زيـد سـلمان، القلـب ووظائفـه في الكتـاب والسـنة، رسـالة ماجستير، جامعة أم القرى، مكة المكرمة، ١٤١٠ هـ

١٠) الشـهيد العلامـة مرتضـى مطهـري، المعرفـة العقليـة والقلبيـة، جمعيـة المعارفة الإسلامية الثقافية، طبعة الأولى، ٢٠١٣

١١) عبد الله العروي، مفهوم الدولة، طبعة التاسعة، مركز ثقافي عربي، الـدار البيضاء، المغرب، ٢٠١١

١٢) محمد غزالي ت (٥٠٥ هـ)، إحياء علوم الدين، بيروت، دار المعرفة.

١٣) هيجل، العقل فى التاريخ، المجلـد الاول، ت: د امـام عبـدالفتاح امـام، طبعة الثالثة

١٤) ويليام. ك. و ينمرات و كلينث بـروكس، النقـد الحـديث تـاريخ مـوجز، الجزء ١٤_ الرابع، ت: د. حسام الخطيب، محي الدين صبحى، مطبعـة جامعة دمشق، ١٩٧٦

## ئەنتەرنێت

١) نشأة اللغة، www. agavgam. com